
رۆمان
ئێوارەیەکی کابۆس
فەڕۆخ نێعمەتپوور
ئێوارەیەکی کـــابۆس
رۆمان
فەڕۆخ نێعمەتپوور

# ئێوارەیەکی بابۆس

**(رۆمان)**

**٢٠٢٣**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**نیوەشەو بە دەنگی شتێک یاخود کەسێک خەبەرم دەبێتەوە. شتێک وەک دەنگی هێلیکۆپتەر و، وەک دەنگی چەپڵەی دوو دەستی یەکجار گەورە و ئەفسانەیی لە حەوت تەبەقی ئاسماندا. رادەچڵەکێم. هەراسان لە دەورووبەری خۆم دەڕوانم. نا، هێشتا لە ژوورەکەی خۆمدام. هەمان ژووری هەمیشەیی. پاش چەند سووڕی پچڕپچڕ، چاوە سرک و ترساوەکانم دەکشێنمەوە. دڵم لە سەر هەزار لێدەدا. هەناسەم پاش ماوەیەک دێتەوە خۆ. لە بەر خۆمەوە دەڵێم: "دیسان!"**

ئا، دیسان. بە قوونەخشە بەرەو دیوارەکەی پشتی سەرم دەکشێم و، پاڵدەدەمەوە. لێفەکە تا سەر رانەکانمی داگیرکردووە. دەنگەکە لە مێژە ئاوێتەمە. رێک نیوەشەوان لە کاتی خەودا خۆ بە ژوورەوەدا دەکا، نا،... بە ناو مێشکمدا. یان رەنگە هەر دووکیان. چی لێم دەوێ؟ نەکا دەیەوێ دیسان رووبداتەوە؟ نەکا دەیەوێ ببێ بە چیرۆکی هەنووکەیش! بزەیەکی تاڵ دەنیشێتە سەر لێوم. ئەی بۆ نا؟

کەمێک خۆم جێبەجێ دەکەم. وەک هەمیشە رادوەستم کات بگوزەرێ. هەر ئەوەندەی کات بکەوێتەوە نێوانەوە، دیسان دۆخەکە وەک جارانی لێدێتەوە،... بەڵام بە راستی دەبێتەوە؟ نا، وا باشترە زۆر بە تەمای کات نەبم. بیر لە دەنگەکە دەکەمەوە. بە خۆم دەڵێم رەنگە هەڵە بم. نەکا جۆرێکی تر بێت و، من وەهای دەبیستم. رەنگە... رەنگە: دەنگی کەوتنی بە ئاستەمی شتێک بێت، دەنگی هەناسەیەکی قورس، ترپەی پێی دراوسێکەم کە هەمیشە لە دیوارەکەی نێوانمانەوە تێدەپەڕێ و لە بێدەنگیی شەوانەدا دەیبیستم، دراوسێیەک کە بێگومان میز بەرەو ئاودەست پەلکێشی دەکا، یاخود رەنگە دەنگی خەیاڵێک خەونێک کە بە بێ ویستی خۆم رێک لە گەرمەی نووستندا بەرۆکی پێگرتووم، یان دەنگی کەسێکی راستەقینە کە لە ژوورەکەمدایە و تەنیا ئەوەندەی کە من نایبینم، بێت. نا،... یان رەنگە ئاکامی کاریگەرییە لاوەکییەکانی ئەو سێ دەرمانە بێت وا لەم دووایییانەدا دکتۆر پێی داوم. ئاملودوپین بۆ زەختی خوێن، ئەتۆرڤاستاتین بۆ کلۆسترۆڵی خوێن و هەروەها دەرمانی شەکرەیش. یان رەنگە دەنگی قیژەی تابلۆکەی ئێدوارد مونک بێت کە بە پشت سەرمەوە بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە؟

**بەڵام نا، لە دەنگێکی غەریبی ساڵانی دوور دەچێ، دەنگی رمبە رمب. وەک کوتانی دەهۆڵێکی زل لە دوورەوە. دەنگ درۆناکا.**

**سەرم کاسە. بۆم لێک جیاناکرێنەوە. لەبەر چاومدا هەر هەموویان لە یەک دەچن. لە یەک ساتدا لام وایە هەر هەموویانن و هیچ کامیشیان نین. دەست بە سەرمەوە دەگرم. لاجانگەکانم دەگوشم. خوێن دەزیەتە چاوەکانم. هەست بە لێدانی دەمارەکانم لە ناو لەپی دەستەکانمدا دەکەم. لەپی دەستەکانم درۆناکەن. بە خۆم دەڵێمەوە "دیسان!"**

**سەرەتا، دکتۆر بە زەختەکەی زانی. زۆر سادە ئەویش بەو هۆیەوە کە کەرەسە باوەکەی هەڵگرت، لە دەورەی بازوومی بەست و ئەوسا دەستی بە دوگمەیەکدا نا و راوەستا تا ژمارەکە لە سەر سەفحە بچووکەکەی بەردەمی لە جوڵە و لە ژماردن بکەوێ. سێ جار ئەم کارەی کرد و، سەرئەنجام گوتی زەختت هەیە. ئەوسا بۆ شەکرەکە ناردمی بۆ ژوورێکی تر. خانمێکی جوان، گەنج و میهرەبانی نۆرەوێژی کەمێک خوێنی لێگرتم. دوواتر بە هەمان بزەوە کە وەریگرتبووم، بەڕێی کردم. بیرم کەوتەوە کە سەرنجی لێوەکانیم دابوو، سەرنجی قژی زەرد و چاوە شینەکانی، قڵشی جووتە مەمکە سپی و خڕەکەی کە بە ئاستەم دیاربوو، سەیری سمت و رانە تۆکمە و وەرزشییەکانی،... بە خۆم گوت گەنج بوومایە حەزم لێدەکردا!**

**دووای چەند رۆژ کە چوومەوە لای دکتۆر وتی 'دیابێت'ت هەیە. گوتی لە پاڵ دەرمانی زەخت کە جاری پێشوو پێمدای، دەبێ دەرمانی دیابێت و هەروەها چەوری خوێنیش بخۆی.**

**لەو رۆژەوە، کە زۆر لە مێژ نیە، دەیانخۆم.**

**ترسێک، یاخود هەستێکی غەریب دامدەگرێ. نەکا بوونەوەرە نادیارەکان زەفەریان پێم بردبێ؟ باوەگەورە هەمیشە دەیگوت لە قورئاندا ناوی جن هاتووە. بەڵام هاوکات دەیگوت ترسناک نین و، خواوەند ئەمری پێکردوون کاریان بە سەر مرۆڤەوە نەبێ. تەنیا ئەوەندەی کە ئەوان نیشانەی دەسەڵاتی خودان و، دەیسەلمێنن رۆح بە بێ جەستەیش دەتوانێ هەبێ. ئەو پێی وابوو جن بۆ ترساندنی خوانەناس و، کافرەکانیشە. ئارام لێفەکە لەسەر قاچەکانم لادەدەم و، دادەنیشم. قاچم بە لێواری تەختی خەوەکەدا شۆڕدەبێتەوە. کەواتە جنەکان نەک تەنیا لە وڵاتی موسوڵمانان، بەڵکو لێرەیش هەن. سەرم دێشێ. رەنگە زەختەکەم بەرزبووبێتەوە، یان شەکری زیادی لە دەمارەکانمدا دێن و دەچن. ورم. دەستدەبەم پەرداخی ئاوەکە هەڵدەگرم و، تا نیوە دەیخۆمەوە. بە نیوەگەرمیش هەستێکی خۆشم پێدەبەخشێ. دکتۆر گوتبووی گەر هەست دەکەی دەرمانەکان ئەزیەتت دەکەن، پێم بڵێ. مەبەستی لە ئەزیەت، کارتێکەریی لاوەکی بوو. نازانم ئەزیەتم دەکەن، یان نا. بە گشتی جەستەم وەک جاران نەماوە. دەڵێی میوانێکی نەخوازراو خۆی بە ژوورەوەدا کردووە و، تەواو منی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە. رێک وەک دەنگەکە. دایکم دەیگوت "میوان بەخێربێت!" ئا، بەخێربێت. ئەو ساڵانەیش چەندە میوان هەبوو. رێک لەو کاتەدا سفرەت رادەخست نان بخۆی، یاخود پاڵت لێدەدایەوە تا لە دووای رۆژێکی پڕ لە ماندوویی و پڕ لە رووداو بحەسێیتەوە، کتوپڕ لە دەرگایان دەدا!**

دەبووا بچم میوە بکڕم. هەتا درەنگان دەمانەوە و، ماڵ هەتا دەوروبەری یانزەی شەو قەرەباڵغ دەبوو. جاری وایش بوو زیاتر. ئەو ساڵانەی خەبەرێک لە فشارخوێن، چەوری و مەرەزی قەند نەبوو. لانیکەم بۆ من.

گوێڕادەدێرم. ئەوسا چاوێک بە ژووره تاریکەکەدا دەگێڕمەوە. نە هیچ دەبیستم و، نە هیچ دەبینم. کەچی دەنگەکە هەر دێت! لە ناو سەرمدا ڕووبارێک بە خوڕ ڕێدەکا. گوێم لە بەریەککەوتنی ئاو و بەردە، گوێم لە خوڕەخوڕی داچوونەکانییەتی، لە گێژولوولی مانەوەی. بە خۆم دەڵێم دەبێ عادەت بگری!

سەیر ئەوەیە من ناوی دەرمانەکانم بۆ لە بەرناکرێ. لەبیرم نامێنن. منێک کە بە ئاسانی شتم لەبەر دەکرد، بە دەست ئەو دوو ناوەوە گیرم خواردووە. بیر لە ساڵەکان دەکەمەوە. بیر لە گۆڕان. بیری ئەو فیلسووفە یۆنانییە کە دەیگوت لە چەمێکدا ناتوانی دوو جار مەلە بکەی. ڕاستدەکا، ئاو هەمان ئاو نیە. ڕووباری ژیانیش هەمیشە هەمان نیە. من ئیستا لە ئاوێکی تری هەمان ڕووباردام، گەرچی بەڕواڵەت هەمان ئاوە. بزەیەکم دێتێ. بزەیەکی شاراوەی نیوەشەوێکی ژوورێکی پڕ لە من.

کتوپڕ گوێم لە دەنگەکە دەبێتەوە. ڕاوەستە!... داخۆ بەڕاستی کۆپتەر نیە؟ بەپەلە سەر بەرزدەکەمەوە. ژوورەکە لەوە گچکەترە کە بە خەیاڵیش کۆپتەر تیایا جێی بێتەوە. نەکا لەدەرەوە ڕاستەکی خەریکە نەخۆشێک بە کۆپتەر دەگوازنەوە؟ چاوێکی تر بە ژوورەکەدا دەگێڕمەوە.

**دڵنیام هەر چی هەیە لە ژوورەکەدایە. ئا،... کەسێک یا شتێک لە ناو ژوورەکەدایە.**
**داخۆ گڵۆپی تەنیشت تەختی خەوەکەم هەڵکەم، یان نا و هەروا چاوەڕوان بمێنمەوە؟ یان رەنگە وا باشترە پەردە قورس و رەشەکە لابدەم کە بە تەواوی ژوورەکە لە رۆشنایی دەرەوەی پڕ لە هاوین دەپارێزێ،... لە رۆشنایی نیوەشەوانی باکووری گۆی زەوی؟ دەستدەبەم. پەتەکەی تەنیشتی دەگرم و بە کاوەخۆ رایدەکێشمە خوارەوە. پەردەکە دەجووڵێ و نەرم نەرم بەرزدەبێتەوە. تیشکی مانگەشەو لە ژێرییەوە دەخشێتە ژوورەوە. نەمدەزانی مانگەشەوە. خۆشحاڵ لەوەی گڵۆپێکی نە یەکجار گەشی سروشتی فریامدەکەوێ، زیاتر پەردەکە هەڵدەدەمەوە. ژوورەکە روون و روونتر دەبێتەوە. شینێکی تۆخ کە ناتوانێ جوان سووچ و کەلەبەرەکان روون بکاتەوە، فەزای هۆدەکە دادەگرێ. سێبەرەکان شتێک دەکێشنەوە. تابلۆیەک کە لەوە پێش من زۆر سەرنجم نەدابوو.**
**دەست رادەگرم و پەردەکە لەوە زیاتر هەڵنادەمەوە. وەک بڵێی دەمەوێ رێزی ئەو دەنگەی بگرم وا لێرە لە ژوورەکەدایە. لەسەر مێزەکەی تەنیشتم زەرفی پلاستیکیی ئاملودوپین و ئەتۆرڤاستاتین دەدرەوشێنەوە. یەکیان راکشاو و ئەوی تریان راوەستاو. ئاملودوپین تامی نیە و، بەڵام ئەتۆرڤاستاتین تاڵ و ناخۆشە. دەبێ خێرا ئاوەکەی بەسەردا بکەی!**
**سەرهەڵدەبڕمەوە و، دیسان چاو بە ژوورەکەدا دەگێڕم. دڵنیام جن نیە. منێک کە نە باوەڕم بە خودایە و نەک باوەڕیشم پێی نیە، جن چ کاری بە سەر منەوە داوە. من لە ناو موسوڵمان و کافردا راوەستاوم. داخۆ**

هەر ئەوەندەم بەس نیە؟ داخۆ مانەوە لە بەرزەخ باشترین سزا نیە؟ جنەکان لای کەسانی وەک من خۆیان پیشاننادەن، لای ئەو کەسانەی کە نازانن داخۆ ئەوان هەن یان نا. چەندە ئەوەندەی تر هەست بە تەنیایی خۆم دەکەم!

ئەمجارە نیگام دەچێتەوە سەر سێبەرەکان. ئەو سێبەرانەی وا شمەکی ناو ژوورەکە بیانووە بۆ بوونیان. بیری تابلۆ بەناوبانگەکەی ئێدوارد مونک دەکەومەوە، تابلۆی پیاوەکەی نیوەشەو. سێبەرێک لە ناو تاریکیی شینباوی شەودا. گەڕان بەناو خانوویەکی بەتاڵ، یاخود ژوورە لاکەوتەکاندا.

دڵنیام دەنگەکە گەورەترە لە سێبەرە بچووکەکان. بۆیە زۆر خێرا نیگام بەسەریاندا تێدەپەڕێ و دەگاتە کونجەکان. ئەو کونجانەی هەمیشە شوێنێکیان بۆ حەشاردان هەیە. دوو کونجەکەی ئەو سەر. ئەوەی بەشی چەپ بە تەنیشت درگاکەوەیە و، ئەوەی راستیش لە تەنیشت ئاوێنەیەکی تەواو قەددا. سەرەتا لەوەی چەپ دەڕوانم. جوان جوان لێی وردەبمەوە. هەست بە هیچ ناکەم. بگرە سێبەری ئەو دوو کراسەی بە پشتی درگاکەدا هەڵمواسیبوون، ئاماژە بە هیچ شتێکی زیادە لە تەنیشت خۆیاندا ناکەن. بۆیە نیگام بەرەو لای راست دەجووڵێنم. تیشکی مانگەشەو لە ناو ئاوێنەکەدا شەوقدەداتەوە و بۆیە ئەوێ رووناکترە؛ بەڵام،... بەڵام لەگەڵ ئەوەی رووناکترە کەچی رێک بەلای راستی خۆیدا دەڵێی تاریکترە! تەنانەت شەوقی ئاوێنەکە ئەوەندەی تر دەیشارێتەوە. رێک لەم کاتەدا شتێک دەجووڵێ.

لە دەرەوە کەڵەشێرێک دەخوێنێ. لام سەیرە. لەم وڵاتە هەبوونی ئاژەڵ لە ناو شاردا قەدەغەیە. هیچ شتێک نابێ ئارامیی ژیانی خەڵک تێکبدات. نە مزگەوت ئیزنی هەیە بانگ بدا و، نە مانگا ببۆڕێنێ و نە کەڵەباب بخوێنێ. بە خۆم دەڵێم رەنگە جووتیارێک خەریکە لێرەوە تێدەپەڕێ. جووتیارێک بە ماشینێکی باری پڕ لەوەی دەبێ هەیبێ!

لە قوژبنەکە دەڕوانمەوە. رەنگە بۆ ئەوەی زووتر لەو ترسە کتوپڕییەی وا خەریکە داگیرم دەکا رزگاربم، یان رەنگە بۆ قوتاربوون لەو رقەی لە خۆم وا خەریکە وەک تاری جاڵجاڵۆکە دەمتەنێ. ئەوەیکە خەریکە بەربەرە باوەڕ بە قسەکەی باوەگەورە دێنم. قنجتر دادەنیشم. ئا، سێبەرێکی تەواوقەد لەوێدایە. سێبەرێک لە شێوازی مرۆڤ،... مرۆڤی نێرینە. نازانم بۆ، بەڵام لە بیرم دێت ئەوە هەمیشە نێرینەکانن دەبن بە سێبەر. مێینەکان بەشیان ترسە. سێبەرەکە، کە وەک ژوورەکە تێکەڵێکە لە شین و رەش، دەجووڵێ. گوێم لە هەناسەی قورسیەتی. زیاتر لێی ورددەبمەوە. زۆر ئاشنایە. سێبەرێکی کشاوەی قەد باریک بە قژێکی لوول و گەردنێکی کشاوەوە. هەیکەلێکی ماسوولکەیی و پتەو کە رێک بە چاوە نادیارەکانی لە من دەڕوانێ.

من کە چاوەڕوانی وەها شتێک نیم و، قەتیش لە ژیانمدا هەستم بەوە نەکردووە کە شەوێک لە شەوان سێبەرێک دەبێ بە میوانی ناوەختی ژووری خەوەکەم، دەستێکی لێ رادەوەشێنم و، دەمەوێ بڵێم کایەیەکی خۆش و ترسناکە، وا نیە! دەمەوێ بڵێم لەم سەردەمەدا کە هەموو تەنیاین شێوەی سەردانەکانیش چەندە گۆڕاون! بەڵام هیچ ناڵێم.

**ئەوسا دیسان لێی وردەبمەوە. دڵنیام سەرئەنجام دێتەگۆ. مرۆڤ بە سێبەریش ناچار بە ئاخاوتنە. دونیا لەوە بێدەنگترە کە وێنادەکرێ. سێبەرەکە کەمێک دەجووڵێ. ئاە، دیسان شێوەی چەند ئاشنایە! سێبەرەکە لەبەر چاومدا لە نێوان دوو مرۆڤی ئاشنادا دێت و دەچێ. تەزوویەک وەک بروسکە بە جەستەمدا گوزەردەکا. ئارەقێکی نەرم ناوچاوانم دادەگرێتەوە. داخۆ ئەمیانە یان ئەوی تر؟ ئێستایە دەزانم کە ئەو دوو مرۆڤە چەندە لە هەیکەل و شێوەدا لەیەکتر دەچوون. باشە بۆ من هەموو ئەم ساڵانە لەگەڵ هەموو هۆگریم بۆ مونک و هۆگریم بۆ بیرەوەرییەکانی خاڵم، بەمەم نەزانیبوو؟ سەیرنیە؟ لە چەکمەجەی دۆڵابەکەی تەنیشتم دوو وێنەی تێدان، وێنەی هەر دووکیان. وێنەی خاڵم وێنەیەکی کۆنی رەنگی کە هی ساڵی پەنجاو چوارە و، وێنەیەکی رەش و سپی مونک کە لە نێت دەرمهێناوە. دەست دەبەم دەریانبێنم، بەڵام پێویست ناکا. دەنگێک لە دەروونمەوە پێم دەڵێ راستە، هەڵە ناکەی، زۆر لە یەک دەچن!**

**ساڵی پەنجاو چوار، رێک چوار ساڵ پێش کارەساتەکەیە. وێنەکەی خاڵم هیچ سەبارەت بەو کارەساتە ناڵێ. بگرە هەر ئاگایشی لێ نیە. وەک بڵێی قەرارە چوار ساڵ دوواتر هیچ شتێک روونەدا. وێنەی مرۆڤێک لە سەر کێوی بابۆس، رێک لەسەر قوتەکەی کە روو لە رۆژئاوای شار راوەستاوە و بزەیەک لە سەر لێویەتی. رێک روو لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە کە چوار ساڵ دوواتر تیایا نێژرا. گۆڕێک لە ناو دارستانێکی چڕ و لە ناو گوڵە زەردو سوورە بەناوبانگەکانی. ئەو گوڵانەی گوایا وێنەیان لە جیهاندا نیە!**

نا، وێنەکان دەرناهێنم. راستی بۆ من چ فەرق دەکا کامیان بێت: خاڵم، یان ئێدوارد مونک؟ داخۆ زەمەن هەردووکیانی وەک یەک لێنەکردووە؟ بەڵام نا، راوەستە رەنگە هەر دووکیان پێکەوە بن،... پێکەوە لە سێبەرێکدا. سەردادەخەم. دەنگ هەڵدەبڕم (ئەگەرچی کەمێک لەرزۆک و ترساو) کە "هەر کەسێک هەیت باش نیە ئەوەندە بە پێوە راوەستی، لە سەر ئەو کورسییەی تەنیشتت دانیشی باشترە!"

سێبەرەکە کورسییەکە بەرەو لای خۆی رادەکێشێ و، دادەنیشێ. کە دەجووڵێ، دەستبەجێ دەزانم خاڵمە. منێک کە قەت مونکم نەبینیوە و، تەنیا وێنەیم دیتوە، بە شێوەی دانیشتنی سێبەرەکە دڵنیام خاڵمە. ترس دەرەوێتەوەو، بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانم. دڵنیا لەوەی بۆ قسەکردن گەڕاوەتەوە، دڵنیا لەوەی دووای سالانی ساڵ هێشتا دڵی قورسە لە وشە و رستە نەگوتراوەکان، گرژی جەستەم شل دەبێتەوە و بە ئارامی پشتی قورسم دەتەقێنم. دەبینم تیشکی مانگ لە فرمێسکەکانمدا دەگەڕێ و، ئاوێنەکە چەند وردەگڵۆپی تیا دەئایسێ. دەڵێم: "بەخێر بێیت، نەمدەزانی رێگەی ئەم وڵاتە دوورەیش بەڵەدی، بەخێر بێیت!" سێبەرەکە نادوێ، وەڵام ناداتەوە. رەنگە من چاوەڕوانییەکی زیادەم هەبێ کە سێبەرێک دەتوانێ قسەبکات. تەریق دەبمەوە، بەڵام راناوەستم. میوان قسەیش نەکا، خاوەن ماڵ دەبێ هەر بدوێ. بێدەنگی سووکایەتییە. دەڵێم:

- "لە تۆ هەر وێنەیەکم بۆ دەرچوو، وێنەی سەر شاخەکە،... لە بیرتە؟... لێرە لەناو ئەم کەشەوەدایە، جاروبار سەیری دەکەمەوە، هەڵبەت زۆریش نا،... بەڵام لە بیرمای... گەر بە من بووایە

**نەمدەهێشت ڕووداوەکان بەم شێوەیە بڕۆیشتنایە، لە شوێنێک جۆرێکی ترم لێدەکردن، دەزانم ئەم قسەیە منداڵانەیە و مرۆڤی ئاقڵ شتی وا ناڵێ، بەڵام من دەیڵێم، دەیڵێم لەبەر ئەوەی هەستدەکەم نەدەبوو..."**
**سێبەرەکە خۆی لەسەر کورسییەکە کەمێک دەجووڵێنێ. جێگا خۆشتر دەکا. بزەیەکم دێتەوە. لەبەر خۆمەوە دەڵێم کەواتە دەمێنێتەوە. بە ورەیەکی زیاترەوە درێژە بە قسەکانم دەدەمەوە:**
**- "دیارە باش نیە ئەوەندە باسی مەرگ بکەم. بەتایبەت بۆ کەسێک کە مردووە، هەڵبەت دەبێ ببوری وا دەڵێم،... ئا، باشترە باسی تر بکەین. نازانم دەزانی یان نا، بەڵام من لەگەڵ وێنەی تۆ وینەی پیاوێکی تریشم لە ناو کومێدەکەمدا هەڵگرتووە. پیاوێکە بە ناوی ئێدوارد مونک، وێنەکیشێکی نۆرویژییە، سەدەی رابردوو ژیاوە، منداڵییەکی ناخۆشی هەبووە، هەم نەخۆش و لاواز بووە و هەم دایکی و خوشکێکی لە کاتی منداڵیدا لەدەستداوە. لەبەر ئەوەی کێشەی چوونە قوتابخانەی هەبووە، زۆرتر لەماڵەوە بووە و دەستیکردووە بە کێشانی وێنە، پووری هانیداوە درێژەی بداتێ و ئیتر دەبێ بەوەی کە ئیستا هەیە، هونەرمەندێکی ناوداری جیهانی... ئەمانەم گێڕایەوە بۆ ئەوەی بزانی دونیای من لە دووای هاتن بۆ ئەم وڵاتە چۆنە،... بەڵام دەبێ دیانی پیابنێم کە ئەمشەو زانیم تۆ و ئەو چەندە شێوەتان لەیەک دەچێ، تەنانەت لە سمێڵیشدا،... سەیرنیە! ئەو لە وێنەیەکیدا چەند تاڵ لە سمێڵی قنج بوونەتەوە و لە بیرمە تۆیش وات لێدەهات... تەنانەت قوڕقوڕاچکەیشتان... وەک بڵێی دوو جەستە لە یەک گیاندا!"**

سێبەرەکە هەروا بێدەنگە. نەکا من هەڵە بم؟ نەکا خەیاڵ منی لەگەڵ خۆی بردبێ. رادەکشێمەوە و، چاوەکانم دەقونجێنمەوە. دەست بەرزدەکەمەوە و پەنجە بە سەر تابلۆی قیژەی پشتی سەرمدا دێنم. تابلۆ بەناوبانگە سەیرەکەی مونک. بیر لە شیوازی سەیری رەنگەکەی (ئاسمانی سوور و دونیای شین) و، ئەو جەستە شەپۆل ئاسایە دەکەمەوە کە بە سەر پردێکەوە هەر دوو دەستی بە گوێکانییەوە گرتووە و بە ترس و سەرسوورمانەوە لە جیهان دەڕوانێ. ئاە، چەندە لە جنەکانی ناو قورئان و باوەگەورە دەچێ! بە خۆم دەڵێم "هەمووی تاوانی ئەم تابلۆیە، داخۆ باشتر نەبوو لە ژووری دانیشتنەکەدا هەڵمواسیایە؟" بێگومان باشتر بوو. ژووری خەو بە وێنەی وەها ناڕازێننەوە. ژووری خەو دەبێ ئارامبەخش بێت، نەک ئاخێنراو بە دڵەڕاوکێ. بێگومان خەوم لێبکەوێتەوە، هەموو ئەم دیمەنە ون دەبێتەوە. رەنگە هەر ئیستاکەیش وەها بێت. بە قونجاندنی چاو، دونیایش بە راستی ون دەبێت!

بیر لە مونک دەکەمەوە. لە خۆوە ئەوم تێکەڵ بە خاڵم کردووە. رەنگە هۆکاری نەدووانی، هەر ئەمە بێت. منێک کە ئیستاکە لە ژێر کاریگەریی کلتوری رۆژئاواییدام، چ پێویستە باس لە هونەرمەندێک بۆ کەسێک بکەم کە هەر ناویشی نەبیستووە. پێکەنینم بە خۆم دێت. ئەمە ئاکامی گەڕان و ژیانکردن بە ناو کلتور و وڵاتە جۆربەجۆرەکانە. دەبیتە ئەوەی کە ئەوان هەن. تێکەڵێک لە هەموویان. دیسان وێنەکەی خاڵم دێتەوە بەرچاو. زۆربەی وێنەکانی لە ناو سروشت گیرابوون. سەوداسەری تەبیعەت بوو. ئەو ساڵانەی کەمتر کەس فڕی بەسەر چوون بۆ کێوەوە

بوو، ئەو زۆربەی کاتەکان سەردانی شاخەکانی دەورووبەری شاری دەکرد. ئاربەبا۱، جنێرە۲، بابۆس۳ و دووزین٤. بەڵام کێوی رەشەقەڵات٥ نا. زیاتر لە هەموویان بابۆس و جنێرە. بابۆس لەبەر ئەوەی دەڵێی باوەشی بۆ رۆژئاوا کردبووەوە و، جنێرەیش لە بەر غار و ئەشکەوتە جۆربەجۆرەکانی. دڵنیام مونک وەک ئەو نەچووە بۆ شاخ.
چاو هەڵدێنمەوە و، لە سووچەکە دەڕوانمەوە. نا، خەون نیە. سێبەرەکە لەوێ لەسەر کورسییەکەیە. دیسان خۆی دەجووڵێنێ. پەنجە لەسەر تابلۆی قیژە هەڵدەگرم و راستدەبمەوە. ئەمجارە هەست بە ئارامییەکی سەیر لە دەروونی خۆمدا دەکەم. بگرە خۆشحاڵم. خۆشحاڵ لەوەی توانیم دووای ساڵانی ساڵ ببینمەوە. ئەگەرچی هەنووکە لە سێبەرێک زیاتر نەبوو. ئەویش سێبەرێکی ناو ژوورێکی تاریکی بەر تیشکی مانگەشەو. لەبەر خۆمەوە سەرێک رادەوەشێنم. کەواتە مرۆڤەکان ون نابن. ئەوان هەمیشە هەن. دەگەڕێنەوە. یان رەنگە باشتر وایە بڵێم خۆیان پیشاندەدەنەوە. تەنیا ئەوەندەی کە کات و شوێنی گونجاویان بۆ بڕەخسێ. کات و شوێنێک لە نێوان ئەوان و ئەوانەی وا دەیانەوێ بیانبیننەوە.
لە پەنجەرەکەوە ئاگام لێیە لە دەرەوە دارسێوە هەمیشەییەکە دەکەوێتە سەما. تیشکی شینباوی مانگەشەو وەها لێی ئاڵاوە کە دەڵێ مانگە سەمادەکا. گەڵاکان جریوە جریویانە. ئەوسا کتوپڕ لە دوورەوە دەنگی گرمەی هێلیکۆپتەر دێت!

ڕۆژێکی خەرمانانی ساڵی پەنجاوهەشتە. کاتژمێر دەوروبەری سێ یاخود چواری دووانیوەڕۆیە. پێنجەکەی بابۆس، ئەو کۆمەڵە دارگوێزەی وا لە ژمارەی پێنج دەچن، لەگەڵ کۆمەڵە دارگوێزەکەی تر کە لە شێوێک لەو لاترەوە بە تەنیشتیەوەیە، جوانتر لە هەر بوونەوەرێکی تر ئاگایان لەوەیە وا بە گشتی لە شار و لە دەوروبەریدا دەگوزەرێ. بابۆس وەک دوواکێوی بەڕێکەری دوواتیشکەکانی رۆژ، باوەشی ئاوەڵای کەمێک زیاتر کۆدەکاتەوە. وەک بڵێی دەیەوێ لەوەی وا لە داوێنیدا، بە رووی شار و بە تەنیشت چەپیدا دەگوزەرێ، باشتر تێبگا. داربەڕووەکانی داوێن وەک هەمیشە ئارام و بێدەنگ، بە شوێنی هەمیشەیی خۆیان رازی و خەنی، بە دەم بای دووانیوەڕۆوە دەشنێنەوە.

گەرمای خەرمانان کە دەڵێی هێشتا لەگەڵ کەوتنی گەلاوێژ مشتومڕییەتی، بەرەبەرە لە دۆڵەکان دەیەوێ بکشێتەوە. بابۆس سەرەتا گوێی لە دەنگی هێلیکۆپتەرەکانە کە لە دوورەوە زرم و کوتیان دێت. ئاگای لە خەڵکی شارە کە بەشێکیان لە شار دەربازبوون و بەرەو گوندەکانی دەورووبەر کشابوون. سەربازخانەکەی رۆژئاوای شاریش تەواو ئامادە خەریکی پێشوازی لە شتێکە کە لای وایە حەتمەن روودەدا! لە کۆڵانەکان وەک جاران منداڵەکان نابینرێن. گەورەکان دووکانەکانیان داخستووە و بەرەو ماڵەوە بوونەتەوە. لێرە و لەوێ تاک و تەرا خەڵک لە ناو شەقامەکاندا دەبینرێ کە بە ئارامی یاخود بە پەلە دێن و دەچن. ناو کۆڵانەکان و بەردەمی ماڵان باشترە. لەوێ هەندێ جار کۆمەڵ کۆمەڵ پیاوانی گەڕەک لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و، خەریکی قسەکردنن. وەک بڵێی تاوتوێی شتێک دەکەن. ژنەکان لە پەنجەرەکانەوە بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێوە لە پیاوەکان دەڕوانن. چەند رۆژ لەوە پێش بوو فانتۆمەکان بە سەر شاردا نزم نزم فڕین و، دیواری دەنگیان شکاند. وەک دەڵێن شووشەی هەندێ لە خانووەکانیش شکابوون. بابۆس لە ناو لق و پۆپی درەختەکانیدا ئەو دەنگەی هەر وا حەشارداوە و، لە ناو زەینی ئەشکەوتەکانی دڵ و دەروونیدا بەردەوام رایگرتوون. بابۆس جاری وایە ئەو دەنگە نیوەشەوان دێتەوە خەوی و، رایدەچڵەکێنێ. بەو راچڵەکینە، هەموو جارێک چەند دارە بەڕوو سیس دەبن و، بە هەزاران گەڵایش دەوەرن. سروشت بە دەنگە دەستکردەکان رانایەت.

ئەوسا دوو چەکدار بە جلی کوردییەوە لە جنێرە دادەبەزن، و بە برنۆکانی دەستیانەوە بەرەو جادەکە دێن. رێک ئەو جادەیەی ستوونەکە

دوواتر لەویٚ رایگرت. چەکدارەکان لە جادەکە دەپەڕنەوە و، دەگەنە دەشتەکەی بەری بابۆس و لەوێوە بەرەو دۆڵی کەلیخان٦ تێدەپەڕن. ئاسمانی ئەو رۆژەی جۆزەردان دەڵێی مانگا لستوویەتییەوە و، پەڵەهەور چییە بە تاقی ئاسمانەوە نابینریٚ. لە دوورەوە پۆلە قشقرەکان بە چواردەوری شاردا و بە ناو ئاسمانەکەیدا شێتانە دێن و دەچن. لەپڕ کۆپتەرەکان پەیدا دەبن. دووانن. شێتانە سووڕدەخۆن و سەر شاخ و ناو دۆڵ و کەلێن و کەلەبەری دەورووبەری جادەکە، بێڕحمانە دەپشکنن. پاشان دەگەڕێنەوە و لە لاتەنیشت بابۆس و پشتی جنێرە، واتە لە دەشتی کەریماوا وندەبنەوە. بابۆس ئەگەرچی زۆر بەزرە، بەڵام جاری وایە کۆپتەرەکانیش لەو بزردەبن. رەنگە یەک دوو کاتژمێر دوواتر سەری ستوونەکە دەردەکەویٚ. زیلی سەربازی لێواولێو لە چەکدار، جیپ بە تۆپی سەدو شەشەوە و ئەو دۆشکانەی کە هەر فیشەکێکی دەتوانیٚ سەنگەرێک بشکێنیٚ، بەڕیز لە کانی مەڵاحمەوە٧ سەرەوخوار دەبنەوە.

ستوونە گەورە و گرانە سەربازییەکە لە سەر رێگای گوندی بۆیەن٨، رێک لەو سیٚ رێیانەوە لە قەراخ شارەوە بەرەو عوسماناوا٩ دەست پێدەکا و دەکشیٚ، رادەوەستیٚ. بە دەیان زیل و ماشینی عەسکەری و بە سەدان سەرباز و چەکبەدەست کە بە دەورووبەری کاروانی سەربازییەکەوەن، یاخود بە دەشتەکەی تەنیشتیدا بەرووی کێوی بابۆسدا بڵاوبوونەتەوە، دەبینرێن. لە ناو دەشتەکەدا هلیکۆپتەرەکانن دەنیشن و، بەرزدەبنەوە. تەپ و تۆزێکی چڕ و سوورباو بڵاودەبێتەوە. لە داوێنی بابوس تۆز لەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارە دەستەملانی یەکتر دەبن

و گوندەکانی بارەوەران١٠، ترخاناوا١١ و ئەحماوا١٢ لە بەرجەوەندی جادەکەوە دەبن بە تاپۆ. چاوەکانی دوو تۆقەنە دارگوێزەکە لێڵ دەبن.
بابۆس ئاگای لێیە لەو بێنەوبەرەیەدا منداڵێک، یاخود مێرمنداڵێک لە ناو ستوونەکەدا ملی ڕێگای بەرەو شاری گرتووەتەبەر. مێرمنداڵەکە پەرۆشە، ترس سەرتاپای داگرتووە و بەردەوام لادەکاتەوە. پانتۆڵێک، کراسێکی قۆڵ رووت و جووتێک کەوشی کەتانی لەبەردایە. منداڵەکە سەرەتا لە یەکێک لە زیلەکان دابەزی و پاشان سەربازێک لە تەنیشت خۆیدا رایدەگرێ. ئەوسا بەرەو چەند چەکداری دیکە دەچن کە پێکەوە راوەستاون و سەیری کاغەزێکی گەورەیان دەکرد و پێکەوە دەدوان.
بابۆس سەرنجی دەگوازرێتەوە بۆ گەنجێکی تر کە لەو کاتەدا سوار کۆپتەری دەکەن. کۆپتەرەکە رێک بەسەر ئەو مەسیرەدا وا چەند کاتژمێر لەوە پێش دوو چەکدارە بڕنۆبەدەستەکە گوزەرابوون، دەفڕێ و بەرەو چیای گەردەنکەشی گەردەنەی خان بەرز و بەرزتر دەبێتەوە.
من کە هەر بەردوام لادەکەمەوە و، دڵنیام سەرئەنجام یەکێک لە چەکبەدەستەکان لە دوواوە تەقەم لێدەکا، هەوڵدەدەم زیاتر و زیاتر لە سەیارە سەربازییەکان، کە بە ریز تا سێ رایەنەکەیان داگیرکردووە نزیک بکەومەوە، وەها کە جاری وایە شانم لێیان دەخشێ. بە خۆم دەڵێم نایانەوی زەرەر لە خۆیان بدەن و بۆیە رەنگە پارێزراوتر بم! کە دەگەمە دووا زیل، سەربازێکی یەکجار گەنج بە کلاشینکۆفێک بە دەستیەوە کە دوو خەشابی بە چەسب سەراوقوون بە یەکەوە بەستووەتەوە، ئەو سەربازەی کە هەر ئەو بوو کلاشینکۆفی پێ بوو و ئەوانی تر هەمووی ژێ سێ بەدەست بوون، لە پشتی زیلەکەوە بە

فارسی هاوارم لێدەکا و دەڵێ ئەرێ ئەی کوان زددی ئینقلاب کە هەر باسیان لێدەکەن؟ ئەی بۆ ناوێرن خۆیان نیشان بدەن!؟ من کە لام وایە ئەمە فێڵێکە بۆ ئەوەی راموەستێنێ و تەقەم لێبکا، دەڵێم نازانم... نازانم! ئەوسا تفی ناو دەمم قووتدەدەم. ئەژنۆکانم دەلەرزن. قوڵپی گریانێکی ناوەخت لە گەرووەمدایە. هیچ نیشانەیەک لەوە نیە کلاشینکۆف بەدەستەکە بیەوێ میلم لێ بێنێتەوە و، تەقەم لێبکا. کەمێکی تر رادەوەستم، بەڵام سەربازەکە دەڵێی بە شتێکی ترەوە سەرقاڵە. ئارام هەنگاوهەڵدەگرمەوە. تا لە زیلەکە تێدەپەڕم، بە کاوەخۆ بەردەوام لادەکەمەوە. هیچ روونادات. چەکدارەکە کە بەسەر قەراخی زیلە رووسییەکەدا شۆڕبووەتەوە، هاواردەکا ترسنۆکن ناوێرن لەگەڵمان رووبەڕوو ببنەوە! ترسنۆک و خوێڕین!

لادەکەمەوە و، پێم وابێ بە دەمییەوە پێدەکەنم. بگرە رادەوەستم بۆ ئەوەی نەکا قسەی تریشی بۆ گوتن پێبێ و من ئەوەندە بێ ئەدەب بم کە رانەوەستم و گوێی بۆ نەگرم! بەڵام ئەو نیگای لەسەر من نیە. لە خۆڵی سەر جادە خاکییەکە دەڕوانێ و، تفەنگەکەیشی بە ئاستەم دەجووڵێنێ.

لە نێوان زیلەکە و سێ رێیانەکە مەودایەکی زۆر نیە. لەوێوە خانووەکانی ناو شار دەستپێدەکەن. بە خۆم دەڵێم هەر ئەوەندەی بگەمە ئەوێ، رزگارم دەبێ،... ئیتر کەس تەقەم لێناکا. کتوپڕ دەنگی تەقەیەکی دوور دێت. سەرم کوڕ رادەگرم و رادەوەستم. بە خۆم دەڵێم خۆت بگەیەنە خانووەکان. لە سەر سێ رێیانەکە چاوم بەو کۆمەڵە خەڵکە، کە زۆربەیان بەتەمەنن، دەکەوێ کە بەشێکی زۆریان وێنەی خومەینی یان پێیە و لە کۆڵانەکانەوە دەردەکەون و بەرەو ستوونەکە

دێن. من کە پێم وابوو ناو شار خەڵکێکی وای تیانەمابوو، بە دیتنیان سەرم سووڕدەمێنێ و بگرە دڵخۆشییەکیش دەمگرێ. بە خۆم دەڵێم لەبەر ئەم خەڵکەیش بووە تەقەم لێناکەن. ئەوسا هەنگاوەکانم بەپەلەتر دەکەم بۆ ئەوەی خێراتر بگەمە لایان. ناو ئەوان، لە خانووەکان زیاتر متمانەی دەبەخشێ. کۆپتەرەکان یەکیان لە زەوی جیادەبێتەوە و، بەسەر چەمی زریزین و چەمی گەورە بەرەو گەردەنەی خان دەفڕێ. پۆلێک باڵندەی ناو دارە بییەکان هەراسان هەڵدەفڕن و، نزم نزم بەرەو شوێنێک دەخشێن.

سێبەرەکە، جەستەی تاپۆئاسای لەبەر تیشکی مانگەشەو شین هەڵدەگەڕێ و بزەیەکی شین، رێک لە رەنگی تابلۆکەی مونک دیانەکانی دەگرێتەخۆ. دەڵێ لە بیرمە!... چاکم لەبیرە! دەڵێ باشە بۆ بابۆس منی وەک تۆ نەبینی؟ رەنگە هی ئەوە بێت من ئیتر زۆر بەلایەوە غەریب نەمدەنوواند. عەینەکەکەیشم کە ئیتر ناتوانێ زۆر جیاوازی دروست بکا. بگرە فەرماندەی ئەو هێزە خۆی چاویلکەی لەچاو بوو، بەو شیشانەوە کە ئەوەننە ئەستوور بوون چاوەکانی کردبوونە دوو کونە دەرزی. ئەزانی تۆیش منت نەبینی، یەعنی باشترە بڵێم منت فەرامۆشکرد. دیسان لێرەدا دیانەکانی شین دەبنەوە. دەڵێ قەت باوەڕم نەئەکرد ئەو رۆژە بە تووش شتی وەهاوە بین. هەموو لێکدانەوەکان لەسەر ئەوە بوون ستوونی سەربازییەکە لە گەردەنەی خانەوە دێت، نەک لە دووئاوان١٣ و لە 'سەرشیو'ەوە١٤. هەموو ئامادەکارییەکانیش بۆ بەرگری لێرەوە بوو نەک لە سەرشیو. چەند ئاسانیش گیراین! راستی خەمی تۆم بوو. کە جیایان کردینەوە هەر لە بیرتا بووم. چەند جاریش

به سەربازەکانم وت، بە چەفیە لە ملەکەیش کە خەریک بوو ئیعدامم بکاتیش وت. بەڵام نەک جوابیان نەدامەوە بگرە چەفیە لە ملەکە چەن جارێکی تریش تێی سرەواندم و بە توندی هەڕەشەی لێکردم. وتی عاقیبەتی من هەر ئیعدامە، وتی ئەگەرچی ئەمڕۆ دەربازم بووە، بەڵام هیچ پەلەیان نیە. زۆر خەمم بوو. شتێکت لێبهاتایە حەیام ئەچوو. بەڵام جا من چووزانم وای لێ ئەهات. مەگەر پێش ئێمە خەڵکی تر نەڕۆیشتبوون؟ ئەی بۆ کەسیان نەگیرا؟... بە خوا سەیرە!

من شەرمێک دامدەگرێ. سەرم لە ناو رەنگی شینی و رەشی ژوورەکەدا دادەخەم و، هیچ ناڵێم. رووم نیە بڵێم منیش تۆم لە بیر نەما. لە رووم نایە بڵێم رێک تا لە ستوونەکە نەترازام و لە سێ رایەنەکە ئاودیو نەبووم، بیری تۆم نەکەوتەوە. لادەکەمەوە و لە قیژەکەی مونک ورددەبمەوە کە بەو شەوە تەنیا تارماییەکە و بەس. بەڵام من کە هەموو وێنەکەم لەبەرە، بە بێ هیچ موشکیلەیەک لە زەینی خۆما زۆر خێرا وێنای دەکەمەوە. هەر دوو دەست بە لاڕوومەتی مرۆڤێکەوە کە لە وەحشەتێکی سەیردا ماوەتەوە و، دەقیژێنێ. پاڵدەدەمەوە و دیسان دەستێک بە وێنەکەوە دەگرمەوە. هەستدەکەم قیژەکانی من لە سەرپەنجەکانمەوە بەو نیوەشەوە بە بێدەنگی دەڕژێنە ناو وێنەکەوە.

مرۆڤی ناو وێنەکەی مونک لە دووای سالانی ساڵ لە زاری منەوە دەقیژێنێتەوە. یاخود رەنگە من بم لە زاری ئەوەوە دەنگم بە ناو پانتایی شەودا بڵاودەبێتەوە. کتوپڕ حەزێک دامدەگرێ، حەزی ئەوەی سێبەرەکە، لەگەڵ هەموو تامەزرۆیی من بۆ بینینی، ژوورەکەم جێ بێڵێ و بڕوا،... بڕواتەوە. هەستدەکەم من ئەم قیژەیەم بەسە، لەبەر ئەوەی هەم تەمەنی رابردووم بۆ قەرەبوو دەکاتەوە و، هەم داهاتوویش. کەواتە هاوار دەتوانێ ئاوەها مرۆڤ بەتاڵ بکاتەوە! بەڵام هیچ ناڵێم. حەزەکەی دەروونم نادرکێنم. دەرفەتێک دەستی داوە و، با لێگەڕێم کات لە شێوازی جاراندا دیسان خۆی بە دەستەوە بداتەوە. ئاە چی دەبوو ئەو رۆژە نەڕۆشتینایە،... با وەکوو هەموو ئەوانەی وا مانەوە و شاریان جێنەهێشت، ئێمەیش مابایینەوە! لەعنەت لەوانەی وا دەیانگوت شار چی

**تر ناتوانێ شوێنێکی ئارام و جێگای ژیان بێت! لەبیرمە لەماڵەوە بووم. وەک هەمیشە لە حەوشەی پشتەوە، بەو تۆپە کۆنەی وا پێم بوو و، یاریم پێدەکرد. باوکم وتی ئیمڕۆ کەس ناچێتەدەر. وەک بڵێی هەموو دەیانزانی ئەو جەوە گرژ و ناسەقامگیر و پڕ لە ئەگەرە کە چەند رۆژێک بوو شاری داگیرکردبوو، ئیمڕۆ دەگاتە ترۆپکی خۆی و شتەکان بەلایەکدا دەخا. دیواری چیمەنتۆی حەوشەکە هەموو جارێک کە لە تۆپەکە هەڵدەدەم، قیرسیچمانە بۆمی دەگێڕێتەوە. هەوا گەرمە و جەستەم شەلاڵی ئارەقە. زوو زوو دەم بە شێری ئاوەکەوە دەنێم و، خۆم فێنک دەکەمەوە. لە تاقە ماڵی دراوسێمانەوە دەنگی شۆردنی قاپ و قاچاخ دێت. دایکێک لەگەڵ دوو کچ. باوکیان نیە. یان هەیانە و بە چەند ساڵ جارێک پەیدادەبێتەوە. پیاوێکی نێوان پەنجا تا شەست ساڵە بە ریشی سپی و قژی سپییەوە. کەڵەگەت و ناوچاو گرژ. کە لە پەنجەرەکەیاندا رادەوەستێ، قۆل رادەکێشێ و دەست بە لاشیپانی پەنجەرەکەوە دەگرێ و گرژ و ورد لە دونیا دەڕوانێ. کاتێک ئەو لە ماڵە، لەو دوو پیاوەی وا هەمیشە لە چیمەنی نزیک جادەکە دادەنیشن و سەیری خانووەکە دەکەن، خەبەرێک نیە. یەکێک لە دوو پیاوەکە لەگەڵ یەکێک لە کچەکان نێوانی هەیە. بە بەر چاوی مندا هەر کە دایکیان لە ماڵەوە نیە خۆی بە ژوورەوەدا دەکا، بە بێ ئەوەی سڵ یاخود شەرم لە من بکەن! یەعنی من ئەوەندە منداڵم!؟ نا، ئەوەندەیش منداڵ نیم. لە کەین و بەینیان دەگەم. جاری وایە دەچمە بەر ئاوێنەی داڵانەکەو لە خۆم دەڕوانم. ئا... راستە، بە پێچەوانەی تەمەنم منداڵ دەنوێنم. رەنگە دوو سێ ساڵێک. من کچەکەم بە قژ ئاڵۆزکاوی بینیووە لە دووای ئەوەی**

پیاوەکە هاتووەتە دەرەوە. دەنگی لێککەوتنی قاپ و قاچاخەکان بەو بێدەنگیی نیوەڕۆیە، باشتر لە هەر کاتێکی تر دەڕوا. یان ڕەنگە هی ئەوەیە شار لە جارانی چۆڵترە. دەنگی رادیۆکەی باوکم دێت. وێستگەی تارانە. باس لە زددی ئینقلابی کوردستانە. لەوەی چیدی ڕەحم بە خائینان ناکەن، پاکسازییان دەکەن و هەر ئێستاکە لەشکری ئیسلام و حەق خەریکی شەڕ لە دژی سوپای کوفر و باتڵە. کە دەچێتە سەر سروود، وێستگەکە دەگۆڕدرێ. ئەمەیان زیاتر لە رادیۆ کوردیی کەرکووک دەچێ. کەسێک گۆرانی ئەمیرەکەم دەڵێ. تۆپەکە لە باوەش دەگرم و بیر لە ئەمیرەکەم و لە لەشکری ئیسلام و سوپای باتڵ و هاڕەهاڕی قاپ و قاچاخ و قژی ئاڵۆزکاوی کچەکەی دراوسێمان دەکەمەوە. بە خۆم دەڵێم گەر گەورە بووم، بێگومان حەز لە خوشکەکەی دەکەم و منیش ئاوا نیوەڕۆیەکی گەرم کاتێک دایکی لەماڵەوە نیە، خۆم بە ژوورەوەدا دەکەم و قژی دەئاڵۆزکێنم! بە خۆم دەڵێم ئەو کاتانەیش وا باوکی دێتەوە، خۆمی لێ گێل دەکەم. نازانم بۆ، بەڵام کتوپڕ خۆم وەک لەشکری حەق و باوکیشی وەک سوپای باتڵ دێتە بەرچاو. تۆپەکە دادەنێمەوە و، شەقێکی تێهەڵدەدەم. دیوارە سیمانییەکە دەکەوێتەوە لەرەلەر. دمم دمم دمم... ئەو کات نەمدەزانی، بەڵام چەند بە ئاسانی چەند چرکەیەک دەتوانێ هەموو ژیانت بگۆڕێ. ڕووداوێکی زۆر ئاسایی، دەبێ بە دەستپێکی مێژوو؛... لانیکەم لە ژیانی تۆدا. دەمەوێ لێی بپرسم کە گەر ئەو ڕۆژە نەهاتایە چی دەبوو. با لە ماڵەوە دانیشتایە و یاخود لە دووکان وەک هەمیشە یارمەتیی باوکی بدایە. بەڵام لێی ناپرسم. سێبەرەکە کەمێک دەجووڵێ. وەک بڵێی دەزانێ چی لە دڵ و دەروونی

مندا دەگوزەرێ. لێی ناپرسم چونکە دەزانم ئەو هەمیشە حەزی بە کێو و دەر و دەشت بوو. حەزی بە دێهات بوو. ئاشقی سەوداسەری ئێوارەیانی شاخەکانی دەورووبەری شار، یان سەردانی خزمانی دێهات. یەکەم جار ئەو بوو منی برد بۆ بابۆس. ڕێک سەر لوتکەکەی. ئەو شەوە لە ئەشکەوتەکەی بن لوتکەکەیدا خەوتین. ئاگری کردەوە. چەقۆیەکی لە کەلەکەی بەستبوو، بەردەوام باسی جوانیی سروشت و هەروەها شاری بە شەودا دەکرد. ئاماژەی بە ئاسمان و ئەستێرەکان دەدا و، دەیگوت مرۆڤ مانای چەمکی بێکۆتایی لەوێوە وەرگرتووە. دڵنیام ئەو ڕۆژەیش هەر بەو حاڵ و هەوایە هاتبوو. بە تەمای دەرەوە بوو و، لە سەر ڕێگا وەک هەمیشە بیری من کەوتبووە و لایدابوو. منێک کە هەمیشە کەسی گوێگری ئەو بووم، ئەگەرچی زۆری لێ حاڵی نەدەبووم! باسی هەموو شتێکی لای من دەکرد. هەر لە خولیا ئەشقیەکانییەوە بگرە، تا ئەو کتێبانەی دەیخوێندنەوە و هەتا ئەو فیلمە هیندییانەی قەت لە کیسی نەدەچوون. باسی ئەوەی خوا هەیە و، ئەوانەی وا ڕەدی دەکەنەوە هەڵەن و لە ڕاستیدا شتێکی گرینگ لە دەستدەدەن.

چەن گۆڕاوی! سەیری هەیکەلی شین باوی لە ژێر تیشکی مانگدا دەکا. ئەو جەستەیەی وا لە سەر تەختی خەوەکەیە. هەروەها سەیری تابلۆکەی پشت سەری. ئەگەرچی ئیستا پیاوێکی پیر نیت، کەچی لە شیوازا چەن لە جارانی خۆت ئەچیێ! بێگومان سەرو ریشیشت سپییە. بزەیەکی سێبەرئاسای دێتێ. حەزیش ناکەم ببینم. یەعنی پێویستیش ناکا ببینم. لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لە داستانەکەی ئێمە ناگۆڕێت. لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی تری دەرەوە دەکاتەوە. دەزانێ ئێرە شوێنێکی

**ترە. لە خۆی دەپرسێ باشە ئەو لێرە چی ئەکا... بۆ گەیشتووەتە ئێرە؟ ئەو بۆنی خاک و زەوی و لێڕەوارەی وا لووتی ئەو پێی ئاشنایە، لێرە نایەت. لەبەر خۆیەوە دەڵێ بێگومان ژیان وەک هەمیشە ئەبێ زۆر گۆڕابێ. ئەوسا لە دەروونی خۆیدا دڵی بۆی دەسووتێ. ژیان وەها بگۆڕدرێ کە مرۆڤ چیتر شوێنی بۆ گرینگ نەبێ، داخۆ دەبێ چەندە دژوار بێ! ئەو رۆژە هەموو خێزان رۆیشتن. برا و براژن و منداڵ و خوشک و خزم و ئیتر هەر هەموویان. تەنیا دایکم و باوکم مانەوە. ئەویش لە ماڵی براگەورەکەم. وەستا و کرێکاریش چیتر نە تاقەتی کاریان ما و نە ئەیانوێرا. ئەوانیش رۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. بە کورتی هەر من مابوومەوە. لە ماڵەوە خەریکی هەنێ کاری خۆم بووم. دووای ئەوەی نوێژی نیوەڕۆم کرد، بە خۆم وت لێرە چی ئەکەم، ئاخۆ وا باشتر نیە منیش بڕۆم. خیزان لە دەشتی بۆیەنەوە رۆیشتن و هەواڵیش لەسەر ئەوە بوو ستوون لە 'گەردەنەی خان'ەوە دێت. وەک هەمیشەیش بیری تۆ کەوتمەوە، هاتم بە شوێنتا. ناخۆشیش نەبوو بچووینایە بۆ سپی کەمەرە ١٥. ماوەیەک لەوێ ئەماینەوە تا وەزعەکە بە لایەکدا ئەکەوت. لە گەڕەکی ئێمە تاق و تەرا رۆیشتبوون، بۆیە زۆر خەمی ماڵەوەم نەبوو. دەرگا و شتی وام قوفڵ دا و، رۆیشتم. لە وەزعی وایا کەمتر خەڵک دزی ئەکا. کێ سەری ئەپڕژێ؟ بێگومان کەس. خەرمانانی ئەو ساڵە لە سەرکەوتنی شۆرشیش تەنیا حەوت هەشت مانگێک گوزەرابوو. وەک خۆیشت ئەزانی هێشتا خەڵک زۆر ئەخلاقی بوون. عەیبە زیاتر هەبوو. دڵنیام گەر مانگێکیش خانوو و بەرەمان جێ هێشتایە هیچ نەئەقەوما. وەک نەشقەوما! ئەو رۆژە گەر دەربچووینایە،**

رۆژێکی خۆش ئەبوو، بگرە رۆژەکانی دوواتریشی. بۆ خۆت ئەزانی دەشتی بۆیەن و شاخی هێلانە هەڵۆ١٦ و بە گشتی ئەو دۆڵەی بەرەو قەرەژدابان١٧ ئەچیٚ، یەکجار خۆشە. لە بیرتە بە مۆتۆر ئەچووین؟ من کە زۆر جوانم لە بیرماوە. یەکێک لە حەسرەتەکانم هەستکردنەوە بەو بایەیە کە لە لێخوڕینی بە سورعەتی مۆتۆڕدا لە سەروچاو و لە جەستەی ئەدام. لەبیرتە؟ بزیەکی سێبەرئاسا دیسان دەنیشێتەوە سەر لێوەکانی.

ئا لەبیرمە. منیش چەند سەرقاڵی ئەو باریکە تۆزە بووم وا لە دوواوەی مۆتۆڕەکە سازئەبوو.

بۆخۆم پیشانم دای. لە ئاوێنەکەوە ئەمبینی و، وتم با لە دەستت نەچیٚ.

بزیەکم دیتیٚ. تۆ بۆخۆت عەینەکی تایبەتت لە چاودا بوو و منیش چاوم لەو سورعەتەدا پڕ ئەبوو لە ئاو. راستی عەینەکەکەت کوا؟

دووای سی و شەش ساڵ پێت وایە عەینەکەکان چیتر بەکار دێن؟ بیگومان نا.

بیردەکەمەوە رەنگە نەک بە چاویلکە، بەڵکو تەنانەت چیتر پێویستیشی بە چاو نەبیٚ. ئەوانەی لە رابردوویەکی دوورەوە دێنەوە، تەنیا پێویستیان بە وشەکانە.

***

دەنگی قاپ و قاچاخ تەواودەبێ. نەرمەبایەک خۆ بە حەوشەکەدا دەکا. کەڵەشێرێک لە دوورەوە دەخوێنێ. دەنگی دایکم لە ژوورەوە دەگاتە حەوشە. خەریکە دۆعایەک لەبەر خۆیەوە دەخوێنێ! واز لە تۆپەکە دێنم و لە گۆشەیەکدا دادەنیشم. چەند لاسکە زەردی وشکهەڵاتوو دەچنم. یەکیان دەنێم بە دەممەوە. تامێکی تفت و تاڵ زمان دەگەزێ. تفی دەکەمەوە. کتوپڕ دڵتەنگییەکی سەیر رووم تێدەکا. چەند حەزدەکەم منیش وەک ئەو خەڵکە روو لە دەرەوەی شار بکەم. رقم لە ماڵەوەی خۆمان دەبێتەوە کە قەت دەرناکەوەن. هەمیشە بەم چواردیوارییەوە چەسپاون. بیری رۆژانی زوو دەکەومەوە کە لەگەڵ خاڵم دەچوومە دەرەوەی شار. بە ماتۆڕ و بە پێ بۆ دەر و دەشت و شاخ. سەفەرەکان چەند منیان گۆڕیبوو. هەستدەکەم ئیستاکە زیاتر هەست بە جیهان و بە

**ناخی دڵ و دەروونی دەکەم. هەم ئەو و، هەم دونیا. خەیاڵم هەنووکە زیاتر لە جاران دەڕوا. دەتوانم بێ سنوور بیر لەو دیوی کێوەکان و لە قەراخەکانی ئاسمان بکەمەوە. بیر لە زەردەپەڕی ئێوارە، کە ئەو ئاشقی بینینی لە ناو ئەشکەوتەکانی جنێرەوە بوو. ئەو ئێوارەیانەی وا با دەنگی ناو شاری جاروبار دێنا و، ئەوسا کتوپڕ بێدەنگیەکی سەیر هەموو شتێکی داگیردەکرد. من جاری وابوو لە خاڵم دەترسام. باشە ئەم حاڵەتانە بۆ من زوو نەبوو؟ ئاه، بێگومان کە زوو بوو. بەڵام هەر ئەوەندەی من دەمتوانی لە خانوو و لەم حەوشە و دەرکوبانە نەگبەتە دەرباز بم و، بگەمە ئەو دیو سنووریان، هەموو خەون و خەیاڵی من بوو. ئەم حەوشە و ئەم ژوورانە چەند دڵتەنگیان دەکردم!**

**دەنگی پرخەی باوکم دێت. سەیرە، چۆن دەتوانێ بخەوێ؟ مەگەر گوێی لە هەڵای دونیا نیە؟ پەنجەرە کراوەیە و، دەنگی پەنکەیش دەگاتە گوێ. ئەو پەنکەیەی من قەت عادەتم پێنەگرت و، هەمیشە کۆڵنجم پێدەکرد. باوکم کاتێک رۆژنامە دەخوێنێتەوە، مڕو مۆچتر دەبێ. لەبەر خۆیەوە سەر بادەدا و، دەڵێ خوا رەحم کا! هەموو دونیا بەهومێدن و تەنیا ئەو رەشبینە! سەیرە! داخۆ چۆن دەڕوانێتە دونیا؟ کە میوانمان دێت قەت بە دڵی خۆی باسی رووداوەکان و، وەزعی دونیا ناکا. زیاتر گوێ دەگرێ. بەڵام من دەزانم کە خۆی دەدزێتەوە. لەو کاتەوە شۆڕش کراوە، ئەو دڵی تەنگە. دەزانم حەزی بە جارانیش نەبوو، بەڵام حەزیشی بە ئیستا نیە. ئەی چی دەوێ؟! وەک بڵێی بەردەوام لەوە دەترسێ ئەو چواردیوارییەی تیایا دەژیا، لەدەستی بدات. منیش چەند حەزدەکەم هەمووی لەدەست بدەین!**

**نازانم چەند لە کات تێدەپەڕێ کە کتوپڕ گوێم لە دەنگی خاڵم دەبێت! بەپەلە رادەبم. هەموو دیمەنەکەی بەر دەمم چەند خێرا دەگۆڕدرێ. دڵنیام دەچین بۆ شوێنێک. بەڵام بیری قسەکەی باوکم کە گوتی کەس ئەمڕۆ لە ماڵ ناچێتەدەر، دڵتەنگم دەکاتەوە. هەنگاوەکانم شل دەبن. پاش کەمێک دڕدۆنگی، بەدەم دەنگەکەوە دەچم. خۆشەویستیی باوکم بۆ خاڵم کەمێک دڵخۆشم دەکا. قەت دەستی نەدەهێنایە سەر ڕێگای. لە هەبوونی من لە کەناری ئەودا نەدەترسا. دڵنیام گەر هەزار شۆڕش و هەزار شەڕیش بە ڕێگاوە بێت، ئەم خۆشەویستی و متمانەیە ناشکێ. پێڵاوە کەتانییەکانم کە لەسەر پێن، هەڵدەکێشم. لەبەر دەمیا قوتدەبمەوە و، بە دەمییەوە پێدەکەنم. ئەویش بە روخساری سەوزە و عەینەکە هەمیشەییەکەوە بزەیەک دەیگرێ. دەڵێ سەرزل ئەوە تۆی! بە بزە دەڵێم ئەرێ. وەک هەمیشە چاوەکانی دادەخاتەوە و، بە دایکم دەڵێ ئەوە لە ماڵەوەن،... هێشتا نەڕۆیشتوون؟ دیارە من دەزانم لە خۆوە ئەم پرسیارەی بە دەمدا دێت. هاوکات ناوچاویشی کەمێک تێکدەنێ و، لە عەرزەکەی بەردەمی دەڕوانێ. ئەوسا بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی دایکم بێت، وەک بڵێی هەر لە ئەزەلەوە دەیزانی رۆیشتنێک نیە، درێژەی دەداتێ کە ماڵەوە هەموویان رۆیشتوون، منیش دەمەوێ بڕۆم، هاتووم ئەمیش لەگەڵ خۆم ببەم. دایکم باسی زاوای براکەی دەکا. دەڵێ ئیمڕۆ ناڕازییە. بەڵام شێوازی قسەکردنەکەی وەهایە کە بۆنی هیچ چەشنە ڕێگرییەکی لێوە نایەت. من دەنگ هەڵدەبڕم کە ئامادەم! خاڵم سەیری پێڵاوەکانم دەکا.**

که درگاکەم داخست، گوێم لە دەنگی گرمەی ترسناکی ماشینێک بوو. خانەجیبی دراوسێمان کە هەمیشە لە بەر پەنجەرەی ئەو تەبەقەی وا بە سەر دەرگای سەر کۆڵاندا ئەیڕوانی، دائەنیشێ دەنگی دامێ ئەرێ رۆڵە ئەوە بۆ کوێ، نازانێ دنیا ئاوربارانە؟ خانەجیب هەمیشە چوارمیلکە دائەنیشێ، تەسبێحێکی بەدەستەوەیە و لە کاتێکا خەریکی دۆعاکردنە سەیری هەموو دونیای بەردەمی خۆی ئەکا کە تەنیا بریتییە لە کۆڵانێکی تەنگەبەر. لە پەنجەرەکەی ئەوەوە لاشانی راستی ئاربەبا (لوتکەکەی) دیارەو، خانووی دراوسێکەیان لای چەپی شاخەکەی داپۆشیوە. خانەجیب رۆژی هەزار جار بە تەسبێحە درێژەکەی دەڵێ یاالله، هەزار جار ئەڵێ محمد رسول الله، هەزار جار ئەڵێ بسم الله... هەزار جار ئەڵێ... چەندین دەرزیی بەرۆکیش بە دنکەکانەوەن بۆ ئەوەی بزانێ تا ئیستا چەند هەزار جار وتوویە یا الله، محمد رسول الله و... . خانەجیب دڵنیایە گەر دۆعای موسوڵمانان نەبووایە ئەوا هەتا ئیستا لەمێژ بوو دونیا ئاو بردبووی و، کارەسات مەخلوقاتی قڕکردبوو.

بۆیە بێ ئەوەی چیتر دەست بێنێتە سەر رێگای دراوسێکەیان، دەڵێ رۆڵە خوا ئاگادارت بێت!

بەڵام سەیر ئەوەیە لە گەڕەکەکەی ئەوبەری خیابانەکە لە کۆڵانێکەوە کاتێک تێئەپەڕیم، بینیم زەماوەنە! هەڵبەت زۆر قەرەباڵغ نەبوو. جەعفەر بۆکانیم بینی، گۆرانی ئەوت. بە تەنیا دیانە ئاڵتوونییەکەی ناو دەمی و، ئاغابانووەکەی دەوری سەری،... ئەوەی ئەیوت نەیئەوتەوە! خەڵکێکی زۆر لەوێ بوون و سەیریان ئەکرد. سەر بانەکانی دەوروو‌بەر بەرنەئەکەوت. بە خۆم وت باشە ئەم خەڵکە نازانن

چ خەبەرە! بۆنی پڵاو و خۆریشت ئەهات. مناڵ خەریکی رمبازێنی خۆیان بوون. رەشبەڵەک گیرابوو و، جەعفەر ناوەناوە شاباشی ئەکرد. دیمەنەکە چەند سەرنجی راکێشام. ویستم بە تەواوی لابەم و، بچم هەڵپەڕم. بۆ ساتێک وەها هاتە خەیاڵم خەریکم لە جیهانێکی ترا ئەژیم. نەکا بەڕاست من هەڵە بم! نەکا کەسێک خەریکە بە ئەنقەست چیرۆکی دونیا بە جۆرێکی تر ئەگێڕێتەوە. بگرە چوومە حەوشەکەیشەوە. بۆنی سمڵ و مێخەک و هەموو ئەو عەترە ژنانە و پیاوانەیش بە لووتما هاتن کە ناو حەوشەکەیان تەنیبوو. زاواو بووکیشم لە نزیکەوە بینی.

سێبەرەکە دەستی بۆ شوێنێکی دەمووچاوی برد. کوێ؟ نازانم. رەنگە چاویلکەکەی. ئەوسا درێژەی دایەوە.

نا، نەمامەوە. نەوێستام. بیرم کەوتەوە ماڵەوە رۆیشتوون. بیری تۆیش کەوتمەوە سەر زل!

من بزەیەکم دێتێ. بە خۆم دەڵێم پاشی ئەو هەموو ساڵە ئەمەی هەر لە بیرماوە! چەند راستیش دەکا. چەندە من سەرم زل بوو! بە ئیستایشیەوە. تەنیا بەو جیاوازییەوە هەنووکە جەستەم پان و پۆڕ بووە و، چیتر جەستەی توول ئاسا و لاوازی منداڵیم پێوە نەماوە. سەرێک کە بەردەوام زلە، بەڵام نەک وەک جاران.

دەڵێم خۆ دەزانی چی بەسەر جەعفەردا هات؟ ها! مەبەستم ساڵانی دوواترە. مەبەستم جەعفەر بۆکانییە. جەماعەتی لۆتی لە کەسب و کار کەوتن. بە خێرو خێراتی خەڵکی بەڕێوە دەچوو. رێک سێ ساڵ لە دووای شۆڕش، رۆژێک بینیم لە فەلەکەی ناوەڕاستی شار جەماعەتێک لە شتێک کۆبوونەتەوە. چوومە پێش. بینیم کەسێک لە سەر عەرزەکە

کەوتووە و هەڵدەبەزێتەوە. فێی لێهاتبوو. چ لێدانێکی دژواریش! چاو، چەپ و چیڕ و، کەف وەک ئاوی کانی بە دەمیدا دەهاتە خوار. چەند کەسێک دەیانویست یارمەتی بدەن. نەمتوانی زۆر بمێنمەوە. تەحەمولم نەکرد. سەری خۆم هەڵگرت و، رۆیشتم.

ئەریَ منیش جەعفەرم لەوە بەدووا زۆرتر لە قاوەخانەکان و لێرە و لەویَ لە خیابانەکانا ئەبینی. ئیستایش بەردەوام دیانە تەڵاییەکەی کە تەنیا لە کاتی گۆرانی وتنا زۆر دەرئەکەوت، دێتەوە بەرچاوم. راستی سەرئەنجام چی بەسەرهات؟ ژیان و چارەنووسی بەرەو کویَ رۆیشت؟

نازانم. شار بەتووش شەڕی ئێران و ئێراقەوە بوو و، ئیتر منیش زۆرم نەدەبینی. رەنگە گەڕابێتەوە بۆ بۆکان. ئەو کات ئەویَ باشتر بوو و خەڵکی لە ترسی بۆردومان روویان دەکردە ئەویَ. هەرچەند بەرەبەرە زەماوەنەکان ژیانەوە و، ئەویش توانی گۆرانی بڵێتەوە،... هەرچەند قەت وەک جارانی لێنەهاتەوە.

بەڕای تۆ هۆکارەکەی فیَ بوو یا ئەوەی چیتر تاقەتی نەمابوو. ئاخر بۆ خۆت ئەزانیَ یاخوا پیاو لە زەوقی نەدریَ! بەڵام تا لە بیرم نەچووە با شتێکت پیَ بڵێم. من هەرچی ئەمبینی زۆرم بەزەیی بە سەرا ئەهاتەوە. لەو زەماوەنەیا کە بینیم هەر وەک جاران زۆر بەلامەوە گرینگ نەبوو، دڵنیام ئەو چەن ساڵەی دوواتر جۆرێکی تری لێهاتووە. مرۆڤە فرامۆشکراوەکان جاری وایە بە شێوەی سەیرو سەمەرە دێنەوە بەر چاوان!

دایکم دەڵیَ دەی نایەیتە ژوور چاییەک بخۆیتەوە؟ بەخوا نانیشت نەخواردووە، وەرە با سفرەت بۆ راخەم. خاڵم دەڵیَ نا درەنگە، دەڵیَ

**جەماعەت دەمێکەیە رۆیشتن و ئەو دوواکەوتووە. پاشان روودەکاتە من و دەڵێ ئامادەی سەرزل!؟**

**سەرزل ئامادەیە.**

**دەڵێم باش بوو من نەبوومە شایەر. فێم لێبهاتایە، ئەوا بە سەرەوە دەکەوتم و دەستبەجێ تووش خوێنڕیزیی مەغزی دەبووم!**

**سێبەرەکە دەڵێی پێدەکەنێ. دەڵێ بشتویستایە، نەئەبووی. بەلۆتی بوون ئەوەننە ئاسان نیە. گۆرانی وتن و هەڵپەڕاندنی خەڵکی فەننی ئەوێ.**

**دەڵێم هەڵپەڕاندنی خەڵکی؟!**

**بێدەنگ دەبێ. دەڵێ بەهەرحاڵ مەبەستم سەرگەرم کردنیانە.**

**خاڵم راستدەکا. یەعنی راستی دەکرد. ئەوەی ئەو فێری منی کردبوو، بە چوونە کێو و دانیشتن لە ناو بێدەنگی سروشت و روانین لە دوورەدەستەکان و زەردەپەڕی ئێوارە، مرۆڤی پەلکێشی جیهانێکی تەواو جیاواز دەکرد.**

**بەو نیوەشەوە رووی تێدەکەمەوە و، دەڵێم ئێمە تەنیا فێری ئەوە بووین خۆمان سەرگەرم کەین، وانیە!**

دەنگە ئاشناکانی شار هەموویان ونن. نە دەنگی ئاسنگەرەکان دێت، نە دەنگی تەنەکەچییەکان، نە دەستفرۆشەکان و نە ترەترِی جاربەجارەی ماتۆڕ. مەققەڕکانیش وەخۆکەوتوون و، دەڵێی چۆڵکراون. لەوە دەچێ بە پێچەوانەی قسەوباسی گەرمی بەرگریکردن لە گەردەنەی خان و هەروەها لە دووئاوان، ئەوەیکە بەر بە ستوونەکە دەگرن و ناهێڵن شار و ناوچەکە بگرێتەوە، کەمێک دوور لە راستیە. 'گرووبان چەمەدانی' کە دوو سێ ساڵ پێش شۆڕش لە نیزام خانەنشین کراوەو، ئیستاکە جگە لە ڕێگای نێوان ماڵەوە و خیابان ڕێگای تر نازانێ و بە هۆی حەزی لەڕادەبەدەری بە ژنان بە گرووبان چاوبەئەشقەڵ ناوبانگی دەرکەردووە، لای وایە قەت هیچ سوپایەک بە هێزی میلیشیا نابەزێ. بۆیە ئەم سەنگەرگرتنانەی سەر کەلیخان و دووئاوانی لا فشەیەو، لە کاتێکدا بزەیەکی لەسەر لێوە، دەڵێ بەستەزمانانە سەریان گەرمە و نازانن شەڕ

یەعنی چی! ئەو کە بۆ خۆی لە روکنی دووی ئەرتەش لە کاتی شۆڕشی بارزانییەکاندا کاریکردووەو لە گەیاندنی چەک و چۆڵ بە شۆڕش ئەرکی هەبووە، دەڵێ سوپا تەنیا بە سوپا تێکدەشکێ، ئەوی تری هەمووی خۆخافڵاندنە. راستە، دەوری مەققەڕەکان وەک جاران قەرەباڵغ نیە!

دەڵێم تەنەکەچی و ئاسنگەرەکانت لەبیرن؟ من تەنەکەچیم لەبیرنایەت حاجی بووبێ و، ئاسنگەریشم لە بیرنایەت نەچووبێ بۆ حەج؟ لات سەیرنیە؟ هەر لە خۆیدا ئاسنگەربوون شتێکی تر بوو. چڵکنتر بوون، بەڵام بە هەیبەتتر! هەستدەکەم هەر لە خۆوە قسەدەکەم. نە من تەمەنم ئەوە بوو ئەو کاتانە خەڵکی باش بناسم و، نە ئەم قسەیەش زۆر عاقڵانە دەهاتە بەرچاو. بەڵام راناوەستم. وەک بڵێی کتوپڕ بۆنی ئاسن و تەنەکە و جۆش و لەحیم لێمدەئاڵێن و، بەم نیوەشەوە هەموو شتێک وەک سالانی ساڵ لەمەبەری لێدێتەوە. راستی بڵێی چەندەیان لە ژیاندا مابن؟ لەم رۆژانەدا لە ئینستاگرام وێنەی یەکیانم دی، لە ناو جێگادا کەوتبوو، کوڕەکەی دانیابوو و خەڵکێکی زۆریش دۆعایان بۆکردبوو کە خوا ئاگاداری بێ. راستی دەڵێم باشیش بوو ئەو رۆژە رۆیشتین. راستە ئەو بەزمەمان بەسەرداهات، بەڵام لە دانیشتنی بە تەنیا لە حەوشەیەکی گەرم و چۆڵ و پڕ لە بێتاقەتی باشتربوو، پێت وانیە؟

گرووبان چەمەدانی وەک دەڵێن ئەوەندە ئەم شارەو شار و ئەم پاسگا و پاسگای کردبوو، بۆیە وا حەیای پێوە نەمابوو. دەڵێن ئەوەندە چەکەکەی سەرشانی، دەسەڵاتی دابوویە کە زات و شەرم و حەیای لە خەڵکی شکابوو، ئیتر نیگا و زبان و دەستی جۆرەیەکیان لێهاتبوو. هەڵبەت لە شاری خۆی یەکجار وەها نیە. ئاگای لە خۆیەتی، بەڵام هەر

جیاوازییەکی تری لەگەڵ خەڵکی تر هەیە. دەنگە گڕەکەی کە دەڵێن هی عارەق و جگەرەکێشانی زۆرە، لەگەڵ پێکەنینی زۆڵانەی چاوەکانی کە بچووکدەبنەوە، تێکەڵدەبێ و ئیتر کەس نیە رقی لێی نەبێ. ئەوەی ئەو دەربارەی شەڕ دەیڵێ، راست دێتە بەرچاو، بەڵام کەم کەس باوەڕی پێدەکەن. بەتایبەت گەنجەکان. باشە مەگەر دوێنێ نەبوو ئەم ئەرتەشە زل و زەبەلاحە لە بەرامبەر خەڵکیدا شکا و، تەسلیم بوو؟ دیارە گرووبان چەمەدانی وەڵامی بۆ ئەمەیش پێیە و، دەڵێ خۆ خەڵکی سەنگەریان نەگرتووە!

سێبەرەکە پاڵدەداتەوە. جاری وایە چەندە لە تابلۆکەی پشتی سەرم دەچێ. دەڵێ زۆر گوێ مەدەرێ! راستە سوپا تەنیا بە سوپا ئەشکێ، بەڵام هیچ سوپایەکیش بە بێ خەڵک سەرناکەوێ. چەمەدانی لەوانە بوو کە گەورەیی حکومەت چاوەکانی گرت، بەڵام فەرامۆشی کرد هەر ئەو حکومەتە کەوت.

من کە زۆر حەزم بە قسەوباسی سیاسی نیە، پەنجەیەک بە تابلۆکەوە دەگرمەوە. سەیرە خاڵم لە دووای ئەو هەموو ساڵە هەر وا بەردەوامە! رەنگە لەبەر ئەوەیە هیشتا لەو ساڵانەدا دەژی و، زۆر ئاگای لەم سەردەمە نەبێ. ئەو نازانێ ئەوانەی لەم سەردەمەدا حوکم دەکەن نە سەردەکەون و نە ژێر! ئەو نازانێ ئەوانەی وا سەردەکەون و ژێردەکەون، چیتر باویان نەماوە. دونیا وەک بزە و نیگای تێکەڵی گرووبان چەمەدانیی لێهاتبوو.

کە لە زەماوەنەکە ترازام و، بەرەو ماڵی ئێوە هاتم، بە خۆم وت ژیان بەرهەرحاڵ دەبێ بەردەوام بێت! هەموو کەسیش ئەیزانی گەر شەڕیش

بووایە ئەوا ئەوەننە گەورە نەئەبوو بەر بە زەماوەنێ بگرێ. قەراربوو لە گەردەنەی خان یان دووئاوان بێ و نەک لە ناو شار. لەناو شار نە سەنگەر لێدرابوو و نە تۆپ و تانگی لێبوو، تەنیا مەققەرەکان بوون. تازە خەون و خەیاڵێکیشم پێوەکرد. هەتا دوورکەوتمەوە، جاروبارە لام ئەکردەوە. چ دەنگێکی غەریب بوو. یەعنی ئەکرێ خەڵکی وەهایش هەبن! لە هەیکەلی دەڕووانم. سێبەرێک کە قەت ژنهێنان و زەماوەندی بە خۆیەوە نەبینی. ئەو کاتیش ئاشقێکی شەرمن بوو کە هەمیشە لە کاتی کێوچوونەکانمان باسی ئاشقییەکانی بۆ من دەکرد، بێ ئەوەی قەت لە ژیانیدا دەستی کچێکی گرتبێ، یان ماچی کردبێتن. چیرۆکەکانی هەمیشە باسی حەز و چاوچاوێنێکی بەلەز لە نێوان خۆی ئەو کچانەدا بوو کە قەت نەدەگەیشتە هیچ رووداوێکی تایبەتی. هەموو شتێک حەز بوو و حەز... نیگا بوو و نیگا،... چەندەیش دەبێ ئەو کچانە رقیان لە گەمژەیی ئەو بووبێت! فیلمە هیندییەکانی سینەماکەی گەڕەکی سەروو کە زۆربەی ئێوارەیان لە دووای کار دەستی دەگرتم و دەیبردم بۆ تەماشا. ئەشق و ئاوازە ئەفسانەیی و رۆمانسییەکان. لێیان تێرنەدەبوو. بۆنی ساندویچ و کانادادڕای. گوڵەبەڕۆژە و گۆرانی حەمەجەزا پێش ئەوەی فیلمەکە دەست پێبکا. "کەژاڵ گوڵێکە لەناو باغانا... کەژاڵ هەی کەژەڵێ...!" حەمەجەزای هەفتاکانی زایین، ئەو کاتانەی وا هێشتا نەیدەزانی بەڵێنە لە ساڵی ٢٠١٠ لە نەخۆشخانەی سلێمانی بە هۆی نەخۆشییەوە بمرێ. دەنگە تیژ و رەساکەی. بلیتفرۆشەکە کە تەنیا سەروچاو و دەستیت لە کاتی وەرگرتن و دانی بلیتەکەدا لە کونێکەوە دەبینی. وەک دەیانگوت لە 'گیشە'کەوە. راستی بۆ ئەوەندە کوونەکە

بچووک بوو؟ لەچی دەترسان؟ پۆستێرە رەنگی و سەرنجڕاکێشەکان. هێرکول کە بە بازووە زلەکانی دوو ئەسپی رادەگرت بە بێ ئەوەی بتوانن یەک هەنگاو چییە هەڵبێنن! فەخرەددین، ئەکتەری تورکی، کە هەمیشە بەسەر سوپایەکی زل و زەبەلاحدا سەردەکەوت بێ ئەوەی برینێکی ئەوتۆ هەڵگرێ. کاچار، پاڵەوانی خراپەکاری فیلمە کاراتەکان، کە هەمیشە دەیدۆڕاند. بڕوس لی کە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک بوو. شەوانەی دووای سینەما کە تا درەنگان لە ناو جێگادا گێنگڵم دەدا، خەوم لێنەدەکەوت و بەردەوام بیرم لە فیلمەکە دەکردەوە. کاتەکانی پێش و پاشی سینەماچوونیش چەندە جیاوازبوون! هەموو شتێک کتوپڕ چەند بێدەنگ و سڕ دەبوو. مانگەشەوانی بەر پەنجەرە کاتێک کوندەپەپوو لە دوورەوە لە شوێنێکەوە دەنگی دەهات. خێزان کە هەمووی لە ژوورێکدا دەخەوتن. ئاە، دونیاکان چەندە جیاوازبوون!

دەڵێ تا گەیشتمە ماڵی ئێوە بیرم لە شەڕ کردەوە. لام سەیربوو جیهان ئەوەننە کتوپڕ گۆڕابێ. یەعنی وای لێهاتبوو ئێمەیش وەک فیلمەکان و وەک ئەوەی لە تاریخی ئورووپایا باسی لێکرابوو، بەتووش شەڕەوە ئەبووین! بە خوا سەیرە. بە خۆم وت ساڵێک لەوە پێش ئەم حەلانە هیچ خەبەرێک نەبوو. بەلامەوە هاوکات خۆشیش بوو. ئیتر سینەمایشمان نەبووایە، موهیم نەبوو! فیلمە کابۆییەکانت لەبیرە؟ یان زۆرۆ؟ هەمیشە لام وابوو لە ناو ئێمە و ئەوانا چەنە فەرق و جیایی هەیە.

بزەیەکم دێتێ و دەڵێم بەڵام لای گرووبان چەمەدانی وەها نەبوو. ئێمە لە راستیدا زۆر لە سەر سنوور دوور نەبووین. رەنگە شانسمان بووایە و دراوسێی بووینایە، زۆرترمان لێ دەبیست.

لە گەڵ ئەوەی باوکم هەروا پرخەی دێت و دایکیشم تیایا ماوە کە داخۆ ئیزنی من بدات یان نا، بەڵام لەگەڵ خاڵم دەڕۆم. خۆشەویستیی دایکم بۆ براکەی و رێزی باوکم بۆ خاڵم، نەرمی دەکا. شەقێکی توند لە تۆپەکە هەڵدەدەم و، بێ ئەوەی بزانم لە کوێ ئۆقرە دەگرێ، شانبەشانی خاڵم لە کۆڵانەکەوە گوزەردەکەم. دایکم بێ ئەوەی دەرگاکە پێوەبدات، تا ماوەیەک لە دوواوە سەیرمان دەکا. چاوم لێیە کچی ماڵە دراوسێکەمان لە تەنیشت پەرژینی حەوشەکەیاندا راوەستاوەو، سەیری دەرەوە دەکا. نیگاکانی پڕ لە تامەزرۆیین. دڵنیام ئەم رۆژانە چیتر قژەکانی نائالۆزێکن و، شەقام بەم حاڵە حاڵە وەک خۆی لێنایەتەوە.

لە دوورەوە دەنگێکی سەیر دێت.

کۆڵانەکە، لەو سەرەوە دەگاتە قوتابخانەیەکی مامناوەندی. ئەو قوتابخانەیەی بە سەر گردێکەوەیە و، بە سەر هەموو دەشتی بەر کێوی بابۆسدا دەڕوانێ. هەروەها بە تەنیشتی چەپیدا گەڕەکی بانەکۆنە کە تەنیا گەڕەکە لە یادگانەوە دیارنیە. مەدرەسەکە ساڵێ دوواتر، پاش هاتنەوەی حکومەت، بوو بە پایگا و بەڵێن بوو لە دزەی نەیاران بۆ ناو شار بەرگری بکا. بەڵام هەنووکە بە هۆی پشووی هاوینەوە بەتاڵ بوو و، پەنجەرە خەمینەکانی لە پشت نەردەکانەوە مات و بێدەنگ چاوەڕوانی وەرزی پاییز و کرانەوەی مەکتەب بوون. قوتابخانەکە بە سەر جادەی بۆیەنیشدا کە بە تەنیشت راستییەوە بوو و لە دوورەوە دەبینرا، بەرژەوەندی هەبوو و لە راستیدا تەنیا خانووی نوێ و بە چیمەنتۆ دروستکراوی سەر ئەو تەپۆڵکەیە بوو کە خۆی لە خانووە بە گڵ و بەرد سازکراوەکانی تر جیادەکردەوە. پۆلێک کۆتر بە سەر سەریدا نزم نزم دەسووڕێنەوە. بابۆس فوویەک بە بەردەمی خۆیدا دەکات و، باڵندەکان بڵێند و بڵێندتر دەبنەوە.

چاوم، قوتابخانە و کۆترەکان دەگرێتەخۆ. ئەگەرچی بە تەنیشتیدا تێناپەڕین، بەڵام خەیاڵم لە سەریەتی. رەنگە لەبەر ئەوەی پار لەوێ قوتابی بووم. مەدرەسە هەمیشە دوو هەستی دژبەیەکی لەمندا چێکردووە: هەم حەزم لێی بوو و هەم رق. حەز لەبەر ئەوەی شت فێردەبووم و، رق لەبەر ئەوەی هەمیشە هەندێ قوتابی هەبوون کە بە سەرتدا زاڵ بوون و ئەزیەتیان دەکردی. خاڵم چەندە ئارامی و دڵنیایی لێدەباری کاتێک لەگەڵی بووم و، هەنگاو بە هەنگاو رێم لەگەڵ دەکرد. دەستم خزا و، خستمە ناو دەستیەوە. سەیرێکی کردم و، بە

تەعەجوبەوە بزەیەکی هاتێ. دەستمی گووشی و، کەمێک رایکێشا. ئیتر تەمەنی من تەمەنی دەستگرتن نەبوو. بەڵام دەستم نەکشانەوە. هەروا لە مەکتەبەکەم رووانی و، بیرم دەکردەوە. بە خۆم گوت ئەوەندەم نەماوە منیش گەورە بم و، لەم بەزمە نەجاتم بێت. کەسیش نازانێ بۆ هەمیشە هەندێ حەزیان بە ئازاردانی ئەوانی ترە و، شەرمیش لە خۆیان ناکەن.
روو لە سێبەرەکە دەکەم، دەڵێم پێم وابێ قوتابخانەکە ماوە، گەر هەڵنەبم.

سێبەرەکە دەڵێ ئەها، دێتەوە یادم. من لەوێ قەت نەمخوێند، یەعنی کاتێک دروستکرا من لە دواناوەندی بووم. کاری باشیان کرد کاتی خۆی سازیانکرد، ئەو گەڕەکە پێویستی بە وەها شتێ بوو.

دەڵێم ئاودەستەکانی پیس بوون، پیستر لە مەدرەسەی منداڵان! کە بەلایدا تێدەپەڕی، جوان جوان بۆنی دەهات. لە بیرمە مەعلیمەکان لەوێ میزیان نەدەکرد، دەچوون بۆ مزگەوت.

پێدەکەنێ. مزگەوت!؟ شتی وانابێ. مزگەوتی لێ نزیک نەبوو. مەگەر ئەوەی روویان کردایە مزگەوتی سەیی. ئەویش دوور بوو. ئەوان ئاودەستی تایبەتی خۆیان هەبوو.

نە بابا! ئەها بە تەنیشتی چەپیدا مزگەوتێکی لێبوو؟ زۆریش دوور نەبوو. بە سەرەوژوورییەکەدا.

دێتەوە بیرم راستدەکا. ئەم خوشکەزایەی من لەگەڵ ئەوەی ئەو سەردەمانە منداڵێ بوو، کەچی زەینی باشتر کارئەکا... هەموو شتێکی لەبیرە! چی ئەبوو ئەو رۆژە هەتا مەدرەسەکە بڕۆشتینایە و، لەوێوە لاماندایە! رێگا درێژتر ئەبوو، بەڵام نەئەگەیشتینە رووداوەکە. لە

جیاتی ئەوەی لە پشت کێوی جنێرە لە دەشتەکەی کەریماوا بەتووشیانەوە بین، لەم دیوەوە بەڕووی شارا بە تووشیانەوە ئەبووین. بگرە هەر وایش نەبووایە و، بگەڕاینایەوە. ئەوسا دێتەوە بیری کە قەت قەت بۆ پیاسە رووی لەو گەڕەکە نەکردبوو. بانەکۆن، گەڕەکی پیاسە نەبوو. تەنیا ئەوەندەی جاروبار کاتی منداڵبوونی ژنێ، دایکی دەینارد بە شوێن مامایەکدا کە لەوێ لە خانوویەکی قوڕی کۆندا دەژیا. یان کاتێ نانیان دەکرد و دیسان دایکی بە شوێن ژنێکی تردا دەینارد کە نانیان بۆ پێوەبدات. 'خاگوڵچین'ی ماما و، 'خانەجیب'ی نانەوا. سەیر ئەوە بوو هەر دووکیشیان دراوسێ بوون. بە مەودای کۆڵانێ لە نێواندا. خانووی هەردووکیشیان بە سەر دەشتەکەی بەر بابۆس و جادەکەی بۆیەندا دەیانڕوانی، بۆیە گەر ئەو ئێوارەیە لەبەر پەنجەرەکەدا بووبن، ئەوا هەموو دیمەنەکەیان بینیبوو.
خاگوڵچین پیر و چرچ و مڕ و مۆچ بوو. هەمیشە سەرتاپا رەشی دەپۆشی. وەک بڵێی منداڵ بەدەستیەوە دەرباز نەدەبوون و، هەر هەموویان لە کاتی لەدایکبووندا دەمردن. بەڵام وا نەبوو، بە پێچەوانەوە زۆر زیرەک بوو و خەڵکی باوەڕێکی زۆریان پێی هەبوو. هەر منداڵێکیش لە دایکبووایە، پێش لەهەر شتێک چەند جار بەرزیدەکردەوە. لە حەوا رایدەگرت و هاواریدەکرد "حەک رۆڵە بەخێر بێیت!... خوای گەورە بتپارێزێ و پشت و پەنات بێت!" ئەوسا خێرا لە پارچەیەکی خامی سپی دەئاڵاند و، لە تەنیشت دایکی دەخنی. عادەتی نەبوو بیداتە دەست ژنان. خاگوڵچین لە مێژبوو مێردەکەی مردبوو و، بە تەنیا لە خانوویەکدا لە گەڵ کوڕەکەی دەژیا. بەختی هەبوو کە

بووکەکەی ژنی چاک بوو و، ژیانێکی ئارام و بێ دەردیسەری بەسەر دەبرد. یان رەنگە بووکەکەی خەسووی باشی هەبوو.

وتم خاگوڵچین چەند ساڵی تر ژیا. کە مرد هەر لە بانەکۆن، گۆڕستانی گەڕەکەکەی خۆی ناشتیان. بە رووی دەشتی بابۆسدا. دایکم دەیگوت مامای منیش بووە.

ئەبێ مامای منیش بووبێ. لەبیرم نایەت، بەڵام دایکم پێم وابێ باسیکردبوو.

دەڵێم گوایا زۆر کاری بە سەر ئەوەوە نەبووە کێ لەگەڵ کێیە و، کێ داوێن تەڕ بووە و کێ داوێن پاک. ئەوەندە حەزی بە منداڵ بووە کە چاوی تەنیا لە کۆتایی کارەکە بووە نەک سەرەتا و ناوەڕاستەکەی!

سێبەرەکە سەرهەڵدێنێ. دەڵێ یان رەنگە چاوی لە کاسبی و خێر و خێراتی خۆی بووە!

جا بەستەزمانە چەندەی دەستدەکەوت! بزەیەکم دێتێ. دەڵێم بەهەرحاڵ ژنێکی بێدەنگ و بێ قسەوباس بوو و، گوایا حەقایەت و رازی خەڵکیشی زۆر لەلا بووە. پیاوەکان زۆریان خۆش نەدەویست.

بێگومان!

ئەویش یەکێک لەوانە بوو کە قەت نەیزانی حکومەت بۆ رووخا و، بۆ دەبووایە بڕوخایە!

خانەجیب بەڵام گەنج بوو. یەعنی لە دەورووبەری سی و پێنج ساڵدا. بە کۆشێک منداڵەوە. رەق و تەق و هەڵکشاو. بەو چاوە زلانەوە کە دەڵێی هەمیشە عەبەسابوو. هەمیشە بۆنی نانی دەدا. نانی تەنوور. بۆنی هەویر و دووکەڵ و ئاگر. ئەویش وەک خاگوڵچین زۆربەی ماڵەکانی

دەناسی. بە سەرتەنوور و ژێرخان و هەوێشقانەکانییانەوە. دەموچاویشی زوو چرچ و لۆچی تێکەوت. هی گەرمای تەنوور بوو. چەند میهرەبانیش بوو. وەک نان!

نازانم بۆ دەچمەوە سەر ئەم جۆرە کەسانە. رەنگە لەبەر ئەوەی بە بێ ئەوان رووداوەکە وەک خۆی خۆی نانوێنێتەوە. ئەویش لێرە لە ژوورێک لە ولاتێکی نزیک بەستەڵەکی باکوور. لە ناو تاریکایی درێژخایەندا. یان رەنگە لەبەر ئەوەی نان و خوێن هاوزادن. هەر ئەوەندەی کە ئەو لەوێ لە قوژبنەکەدا رازییە، تەواوە.

خانەجیب بەهۆی قسەوباسی سەر تەنوورەوە دەیزانی دونیا چ باسە. کە شۆڕشیش کرا، تێگەیشت. خاگوڵچین، رەنگە لەبەر قیژە و گریانی منداڵ و دڵەڕاوکێی ئەگەری لەبارچوون و هەروەها مردنی ژنی زەیسان، ئەوەندەی تر ئاگای لە دەورووبەری و لە حەقایەتە گەورەکان بڕابوو. رەنگە لەبەر ئەوەیش کە منداڵەکان، ئەوانەی وا بە دەستی ئەوەوە لە دایکدەبوون، بەڵێن بوو بەو رووداوانەدا گوزەربکەن کە ئەو یەکەم هەنگاوەکانی پێ هەڵگرتبوون. رووداوە ترسناکەکانی دووای شۆڕش.

لەسەر تەپۆڵکەکە کێوەکان نزمترن و، کە دەگەینە دەشتەکە، بەرزتر دەنوێنن. بەڵام ئێمە ئاگامان لەمە نیە. زیاتر لە هەر شتێک رێگا خاکییەکەیە سەرنجمان دەقۆزێتەوە. جادە گەرمە و لە بنی تەنک و لاسیقیی پێڵاوە چینییەکانەوە دەرژێتە پێمەوە. بەڵام ئەزیەتم نادا. زەوق و شەوقی ئەوەی دەچینەوە دەرەوەی شار و، دیسان دەبمەوە بە هاوڕێی سروشت، بێ ئۆقرەم دەکا. دڵنیام خاگوڵچین و خانەجیب قەت قەت لەم جۆرە حاڵ و هەوایەدا نین. ئەوانیش وەک باوکم حەزیان بە ماڵەوەیە.

لێرە دونیا لەوەی خەیاڵ بۆی دەچێ، ئارامترە. دەشت و دەر وەک ڕۆژان نین. بە خۆم دەڵێم هی گەرمایە.

بەڵام بەڕاستی هی ئەمە بوو؟

دەڵێ تەنانەت دوو چەکدارە بڕنوبەدەستەکانیش زۆر قەرەباڵغیان نەکرد. وانیە؟

ڕاستدەکا. بەڵام پێم سەیرە بۆ بەقسەی ئەو دووانەمان نەکرد. گوتیان ستوون دێت و نڕۆن باشترە. بگەڕێنەوە بۆماڵەوە. گوێمان لێنەگرتن. خاڵم گوتی ئەی ئەوە نیە جەماعەت پێش ئێمە ڕۆیشتوون!

لە کێوی جنێرە نزیک دەکەوینەوە. لە کانی مەڵاحمە. لادەدەین و لە کانیاوە سارد و زوڵاڵەکەی ئاودەخۆینەوە و، سەروچاوێک دەشۆین. کانییەکە کە ساڵانێک لەوە پێش ئاوەدان بوو و، جێگای خواردنەوە و گۆرانی و بەزم و هەرا بوو، بێدەنگ لە باوەشی سروشتدا لە نێوان جنێرە و بابۆسدا ڕاکشاوە. ڕێک لەو شوێنەدا وا هەر دوو کێوەکە دەگەنەوە یەک و لە سەر پێدەشتەکە قامکی قاچیان دەگاتەوە یەکتر. سێبەرێکی خۆشە و، فێنک دەبینەوە. هیچمان حەزناکەین باسی قسەی چەکدارەکان بکەینەوە. سروشت ئەوەندە مەندە کە هەموو خەیاڵێک دەتوانێ بە مێشکدا بێت، خەیاڵی شەڕ نەبێ. چوست و چالاکتر لە تاوێک لەوە پێش بەڕێدەکەوینەوە. لەو یەک دوو پیچە کە بترازێین هەم شارمان لێ وندەبێ و، هەم دەکەوین بە رووی دەشتی کەریماوا و پشتی جنێرەدا.

کە لە کانییەکە دەترازێین، خاڵم دەڵێ دەزانی حەسەن زیرەک سەردەمانێک لەم کانییە کاریکردووە. حەسەن زیرەک؟ ئا، حەسەن زیرەک. پێم وابێ کۆتایی چلەکان بووە. لەسەر ئەم کانییە ژوورێکی هەبووە و چای و مەشرووبفرۆشی کردووە، حەتمەن نان و ماست و هێلکەو رۆن و شتی لەم بابەتەیشی فرۆشتووە. گۆرانیشی وتووە. بە کانیی حەسەن زیرەکیش بەناوبانگە. دیارە خەڵک هەر وەک کانی مەلاحمە لە بیریانە. سەیرنیە گۆرانی بێژێکی ئاوا بەناوبانگ، ناوەکەی بە سەر ناوێکی نەناسراوا سەرنەکەوێ؟

بێدەنگی. لادەکەمەوە و لە پشتە سەرم دەروانم. کانییەکەم لێ ونە. لەوە پێش ئەمەم بیستبوو، بەڵام قەت بەم شێوەیە بیرم لێنەکردبووەوە. وەک بڵێی کتوپڕ چووبێتمەوە دە ساڵ لەوە پێش. وەک بڵێی گەر ئائیستا بگەڕێمەوە سەر کانییەکە، حەسەن زیرەک دەبینم بە پیاڵە چاییەکانی ناو دەستییەوە. بگرە هەست دەکەم دەنگی گۆرانی دێت. ئەو گۆرانیانەی وا جێماون. ئەو مێلۆدی و ئاهەنگانەی بە لق و گەڵاکاندا شۆڕبوونەتەوە و، لە بنی کانییەکەدا وەک پولکە ماسی دەدرەوشێنەوە. من لە منداڵییەوە هەمیشە گوێم لە حەسەن زیرەک بووە. دەنگی مەحکەم و روون و زوڵاڵی. "لەسەر پردێک گرتیان سەنگەر... دەستێک نیزامی قوڕ بەسەر..."

نەکا باسی ئەم سەردەمەی کردبێ؟

لە ناو شار ماڵی هەبووەو لێرە کاریکردووە. ئەڵێن جاری وابووە ئارەقخۆر و بەڕەڵاکانی ناو شار کە روویان تێکردووە، بەر جوێنیان داوە و بگرە لێشیانداوە. بە سووک و سەلیمی لێیان روانیوە. لەوە ئەچێ زۆر رێزی نەبووە. گەڕیدە بووەو سوواوە! کاک بورهان کە دراوسێی ئاغای چەمەدانییە دەڵێ بە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک هەڵپەڕیوە، چ لە کانی مەڵاحمە و چ لە زەماوەنا. ئەگێڕێتەوە کاتێک حەسەن زیرەک بە کۆڵانەکەی پشت 'مەدرەسەی پەروین'١٨ داگەڕاوە، ژنان بەپەلە هاتوونەتە بەر پەنجەرەی ماڵەکانیان تا بیبینن. لێرەدا خاڵم بزەیەکی دێتێ. درێژەی دەدا کە کاک بورهان ئەڵێ کاتی خۆی حەزی لە کچێک کردووە بەناوی رەعنا. رەعنا جوان و شۆخ و شەنگ بووە. ئەو کاتانە کڵۆبڕین هەبووە. خشتی گەورەیان لە قوڕ دروست

ئەكرد و لە بەر هەتاوا دایانئەنان تا وشك ببنەوە، زل و پان و پۆڕ بوون، دانەی بە قەد چەند خشت. جارێكیان رەعنا كە خەریكی ماڵ دروستكردن ئەبن پێویستی بە یارمەتیدان ئەبێ بۆ گواستنەوەی كلۆكانیان. هەر ئەوەندەی داوا لەو پۆلە مێرمنداڵەی ئەكا وا لەوێ لە كۆڵانەكەن، دەستبەجێ لە ماویەكی كورتا بۆی رائەگوێزن! هههههه،... ئاوایە! كاك بورهان ئەڵێ هەڵبەت ئەشقەكەی بە هیچ شوێنێك نەگەیشت، ساڵانی دوواتر كاتێك رەعنا شووی كردووە و بە رێكەوت هەر دووكیان لە زەماونەێكا ئەبن، ئەچێتە دەستی كاك بورهان و ئەڵێ با بە یادی جاران كەمێك هەڵپەڕین!

دەی هەڵپەڕیبوون؟

ئەیچۆن. رەعنا كراوە و قسەخۆش بوو. بۆ خۆی لە گەڕەكا پیاوێك بوو. قسەزان و بە جورئەت. سیگاریشی ئەكێشا. بگرە سووتووكەیشی بە زایە نەئەدا و دەیخوارد.

ماوە؟

ئەیچۆن. رۆژێك پیشانت ئەدەم. راستی ئەو رۆژەی وا كاك بورهان و رەعنا پێكەوە هەڵپەڕیبوون، حەسەن زیرەك گۆرانی وتبوو.

یەعنی مێردێشی هەبووە؟

خاڵم سەیرم دەكا. دەڵێ وادیارە هێشتا ناتوانێ قسەنەوتراوەكان بخوێنیتەوە. كاك بورهان ئەڵێ رەعنای لەكیس چوو چونكە شوێن سیاسەت كەوت و، سێ مانگ لە سەرەتای چلەكانا چوو بۆ عێراق. كە هاتەوە گرتیان و ئیتر زیندان یەك لە دووای یەك. حكومەت بەرۆكیان بەرنەئەدا، ئەویش سەر بە گێچەڵ بوو. كرمێك چووبووە قنییەوە و

**ئیتر تەواو... پیاو ئیتر هەتا هەیە ئەبێ دەستی لەناویا بێت و بیخورێنێ! بەزمی سمێڵ و شانەیە.**

**کەواتە سیاسەت یەعنی قن خورینی بەردەوام!**

**من ئیتر ناوێرم بپرسم شانە و سمێڵ یەعنی چی. بەڵام ئەو درێژەی پێدەدا. یەعنی ئەوەیکە ئەوەی وا سمێڵی هەیە ئەبێ شانەیشی بۆ هەڵگرێ و بەردوام شانەی بکا.**

**من کاک بورهانم دەناسی. یەکێک لەو دەگمەن کەسانەی بوو چووبووە زانکۆ و سیاسەتی خوێندبوو. خەڵکی دەیانپەرەست. لە دووای شۆڕشیش دانەمەزرا و، بەشی هەر دەربەدەری و ئاوارەیی بوو. لەوە دەچێ یاخوا کەس خوو بە دابڕان نەگرێ، ئیتر گەر تەنانەت بۆخۆیشی نەیەوێ، بەڵام چارەنووس لەگەڵ خۆی دەیبا.**

**بە سێبەرەکە دەڵێم ئاگایشم لە کاک بورهان نەماوە. لەبیرمە زۆر حەزی لە کتێبخوێندنەوە بوو. ئارام و مەند بوو. من پێم وایە پیاوی ئارام و مەند بە کەڵکی سیاسەت نایەن. تێکەڵیش بن ئەوا هەمیشە دەیدۆڕێنن. چما دۆڕانیشی. بە هیچ کوێیەک نەگەیشت. وەک بڵێی کاری تەنیا موخالیف بوون بوو و بەس!**

**دەڵێ کەسانی وەک ئەو حەیا کۆئەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەوانی تر بە کەیفی خۆیان دوواتر لێی خەرج بکەن.**

**لە دەرەوە تیشکە نادیارەکانی ناو شەو جێگۆڕکێ دەکەن. دەڵێی هەندێ شوێن روونتر دەبنەوە و، هەندێ شوێن تاریکتر. باکوور هەمیشە وەهایە. تاریکی لە خەستبوونەوەی زۆری خۆیدا سەری لێدەشێوێ.**

ڕەنگە سیاسەتی درووستیش هەر ئەمە بێت. بەو حسێبە کاک بورهان سیاسەتی تەواو لەگەڵ ئەخلاق تێکەڵکردبێ. بەڵام لات سەیرنیە کە دراوسێی ئاغای چەمەدانی بوو؟! من کە لام سەیرە. وەک بڵێی دەستێک لە کارا بوو بۆ ئەوەی جیاوازییەکان ئەوەنەی تر زەقتربکا. هەڵبەت ڕەنگە ئەم موقایسەکردنەیش زۆر باش نەبێ.

حەسەن زیرەک سەرەتانی گرت و، مرد. شەش حەوت ساڵ پێش شۆڕش. قاوەخانەکەی یان مەشرووبفرۆشییەکەی هەتا ساڵی شۆڕشیش مایەوە. ئەوەی کە کێ دوواتر گێڕای، نازانم. گەنجەکان و پیاوەکانی شار ملی ڕێگایان کە هەمان دەشتی بەر کێوی بابۆس بوو، دەگرتە بەر و دەچوون بۆ خۆاردنەوە. شۆڕش شوێنەکەی تێکومەکاندا. بۆ؟ کەس نازانێ. لە ڕاستیدا کەس نەچوو بڵێ کاکە بیپێچنەوە. شەرمێک لەگەڵ ساڵی پەنجاو حەوتدا هات کە کانی مەلاحمەیشی گرتەوە. ئەو شەرمە لە بێدەنگیی شەوانیدا باشتر هەست پێدەکرێ. حەسەن زیرەک لە بانە نەمرد. من لە جیاتی ئەو بوومایە هەر لە کانی مەلاحمە دەمردم. لە تەنیشت ئەو ئاوە زولاڵەدا کە ئەو ڕۆژە قەرار بوو ستوونێکی گەروە و گرانی سەربازی بە تەنیشتیدا تێپەڕێ و هێلیکۆپتەرەکانیش بە ئاسمانەکەیدا بسووڕێنەوە. کتوپڕ دەنگی شایی و گۆرانی دێتەگوێم. هەندێ کەس عیوعیویانە. لە دوورەوە دەبینم لە سەر سەرچۆپی شەڕیانە. حەسەن زیرەک کە بە بێ دەف و تەپڵ و زوڕنا گۆرانی دەڵێ، گوێ ناداتێ و بەردەوامە. دوو کەس کە لەسەر دوو کورسیی ڕەنگهەڵبزرکاوی دەوری مێزێکی خڕی کۆن دانیشتوون و تەوا سەرخۆشن، دەنگ هەڵدەبڕن کە حەک بە قوربانی ئەو دەنگە

**ئاسمانییەت بم! حەک دایکی ئەوە بگییەم وا جەوەکە تێکئەدا! بەڵام کەس گوێی لێ نیە. چەندە دیمەنەکە، گەر هەڵپەڕینەکەی لێدەرهاویێم لە فیلمە فارسییەکانی سینەما دەکا. ئەو فیلمانەی خاڵم حەزی لێیان نەبوو و، قەت بۆ ئەوان منی نەدەبرد. بگرە قەت باسیشی لێ نەدەکردن. تەنیا فیلمی هیندی و کاوبۆیی و مێژوویی. باسی شەڕە کۆنەکانی ئۆرووپا هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بگرە هەتا شەڕی دووی جیهانی. حەسەن زیرەک بەردەوامە. کتوپڕ یەک لەوانەی وا لەسەر سەرچۆپی شەڕیەتی، گوێی لە جوێنەکان دەبێ و لادەکاتەوە. ئەوە لەگەڵ کێتە گەواد؟ بە خاوی: گەوادی کوڕی گەواد لەگەڵ تۆمە! ئەو سەرچۆپییە بخە قوزیاکتەوە و دامەزرێ! بە یەکدا دەپژن. لێکدەئاڵێن. دەبێ بە بەزم و هەرایەک نەبێتەوە. حەسەن زیرەک بەڵام بەردەوامە. جەماعتێک دەست بەرنادەن و، بەردەوامن لە هەڵپەڕین. ئامینە و ئامین... . ئەرێ لەسەر ئەو کانییە چ باسە؟ کتوپڕ هەورێکی رەش ئاسمان دادەپۆشێ و دەبێ بە بارەش و گێژەڵووکەیەک نەبێتەوە. ئەوسا بارانێکی بە خوڕ دادەکا. هەور چەخماخە لێدەدا و، رووبەری زوڵاڵی کانی و حەوزەکەی بەردەمی دەشەمزێ. حەسەن زیرەک بەردەوامە. جەماعەتێک هەر هەڵدەپەڕن. ئەوانەی وا شەڕیاندەکرد، هەور و با و گێژەڵووکە و باران لە گەڵ خۆیان دەیانبەن.**

**ئاە حەسەن زیرەک! تۆ دەبێ هەر لەوێدا نێژرابای... رێک لەوێدا!**

**سێبەرەکە دەستێک بە سێبەری خۆیدا دێنێ و، دەڵێ ئەڵێن خالقی کاتی خۆی زیرەکی لە رادیۆ کرماشان دەرکردووە. دەریشی کردبێ من تێی ئەگەم.**

چۆن؟

دوو شێوە و چینی جیاواز: یەک رەشۆکی و بێ حاڵ و لانە و بێسەواد، ئەوی تریشیان کراواتی و شاری و خوێندەوار. یەکیان خانمباز و ئەوی تریان حەیابەخۆ... وانیە؟

دەڵێم خوا دەزانێ،... بەڵام ئەمە نابێتە پاساوهێنانەوە بۆ دەرکردن.

دەڵی وتم تێی ئەگەم، نەموت کاری باشی کردووە.

کاک بورهان لەگەڵ ئەوەی بە ئاوازی حەسەن زیرەک ئاشقێنی کردووە و هەڵپەڕیوە، بەڵام قەت گۆرانییەکانی ئەو لێنادا. مەگەر ئەوەیکە بە رێکەوت بە سەردا بکەوێ. تەنیا زەمانێکیش بیرەوەرییەکانی جاران لە مێشکیدا روون روون دەردەکەونەوە کە گوێی لە حەسەن بێت.

پێچەکانی لاسەرووی کانی مەڵاحمە دەڵێی تەواونابن. شوێنێکی یەکجار باسەفایە! نە شارت لێوە دیارە و نە دەشتی کەریماوا. بەرزەخێکی تەواو. هەستێکی متمانەی سەیر رووم تێدەکا کە ئێمە ئەمڕۆ دەگەینە شوێنی مەبەست. بێ ئەوەی هیچ شتێک بقەومێ... هیچ شتێک.

بەهاری ساڵەکەی تر کاتێک شەڕی ناوشار دەستپێدەکا و پادگان دەستدەکا بە تۆپ و خومپارەبارانکردنی شار، من دەڵێی ئەم شەڕەم بە خەو بینیوە. خەوێک هی چەند ساڵ لەوە پێش. لە خەوما لە بانیژێکەوە بە پەیژە بچووک و کورتەکەدا بۆ سەر بانی سەرکەوتم و، بینیم خودایا دونیا چ ئاگربارانێکە! پادگان لە ناو گڕ و دووکەڵدا نوقم ببوو و لە هەموو شوێنێکەوە دەنگی تەقە دەهات. کە شەڕی ناو شاریش روویدا هەر هەمان بوو. بە هەمان پەیژەدا سەرکەوتم و، هەوڵمدا سەیری سەربازخانەکە بکەمەوە. تەنیا جیاوازی ئەوە بوو ئەمجارە نەچوومە سەر بان و، بەو پەڕی ترسەوە لە سەر پەیژە کورتەکەوە سەرم دەدزییەوە. جگە لەوە ئەمجارە ناو شار لە ئاگردا بوو، نەک سەبازخانەکە.

بە سێبەرەکە دەڵێم لەوە دەچێ ئێمە هەندێ رووداو پێش ئەوەی بەڕاستی رووبدەن، لە خەومماندا دەبینین! وانیە؟ ئەوسا بەسەرهاتەکەی

بۆ دەگێڕمەوە. دەڵێ تۆ ئیتر بۆ باوەڕت بە شتی وایە. تۆی بێ باوەڕ بە ئایین و خوا! خۆ ئەگەر من وام بوتایە ئەوا شتێکی تر.

راستدەکا. ئەو سەری دەچوو، نوێژی نەدەچوو. هەموو ئێوارەیەک لە مزگەوتی سەیی١٩ نوێژی دەکرد. لە جادەکە بە هەیکەلی لەڕ و پڕ لە ماسوولکەیەوە، لە کاتێکدا تەنیا سەیری بەرپێی خۆی دەکرد، تێدەپەڕی و خۆی بە مزگەوتەکەدا دەکرد. بە درێژایی ساڵان ئەمە کاری بوو. ئەو تەنیا باوەڕمەندێکی ئاسایی نەبوو. کتێبی دەخوێندەوە و، هەوڵیدەدا بوونی خودا بە لێکدانەوەی زانستی و فەلسەفی بسەلمێنێ. بۆ وێنە دەیگوت هەموو شتێک سەرەتا و هۆکارێکی هەیە، ئەمە رایەکی زانستیە، کەواتە خڵقەتی دونیایش دەبێ هەروەها بێت. ئەوسا باسی 'نیۆتۆن'ی دەکرد کە گوتبووی سیستمی جوان و رێک و پێکی هەتاو و ئەستێرەکان و نەیزەکەکان تەنیا دەتوانێ بە هۆی تەدبیر و توانای زانایەکەوە هەبن. ئا، زانایەکی گشتی.

دەڵێم پێم وانیە شتە رۆحییەکان ئەوەندە پێوەندییان بە ئایینەوە هەبێ و، دەتوانێ پێوەندیی بە شتی تریشەوە هەبێ. بۆ وێنە بە مرۆڤ خۆیەوە. ئێوە لە خۆوە ئەمەتان بۆ خۆتان قۆرخ کردووە. تا ئیستا نەتانتوانیووە بوونی رۆح بە بێ جەستە بسەلمێنن.

ئاە، چەندە هەستدەکەم ئەم قسانە بێسوود و بێ قیمەتن،... قسە کۆن و دووپاتکراوەکان. بە تایبەت لە نیوەشەوێکی وڵاتێکی بەستەڵەکی باکوور، کاتێک ژیان میهرەبانانە دەرفەت دەدا و مردوویەک لە پاش دەیان ساڵ دەگەڕێتەوە لات. جا با لە هەیکەلی سێبەرێکیشدا.

ئەو وەک هەمیشە زۆر پێداگر نیە و، لەوە ناچێ بیەوێ درێژە بە وەها قسە و باسێک بدا. کتوپڕ حەزدەکەم بپرسم ئیستا کە ئەو لەو دونیاوە، نا نا، لە شوێنێکی ترەوە دێتەوە، رای چۆنە. بەڵام خۆم رادەگرم. داخۆ بیرهێنانەوەی مردنی کەسێک کە جارێک مردووە و ئیستاکە بە شێوەیەک دەرفەتی ئەزموونکردنەوەی ژیانی هەیە، تا چەندە ئەخلاقییە؟ وەک بڵێی دونیای دەروونیی من دەخوێنێتەوە، دەڵێ من وەک تۆ هەم، نە زیا و نە کەم. تەنیا ئەوەندەی تۆ لەوسەر ژوورەکە لەسەر تەختی خەوەکەتی و، من لێرە لەم سەرەوە لە قوژبنێکدا. بڕواناکەم شوێنیش بۆ هەبوون زۆر گرینگ بێت.
لە خۆم شەرمێک دامدەگرێ. دڵنیام تاوانی نیوەشەو و تاوانی تێپەڕینی ئەو هەموو ساڵەیە کە من ئاوا بیردەکەمەوە. راستدەکا گرینگ ئەوەیە هەبی و، ئەویش ئیستاکە هەیە،... جا چۆن، گرینگ نیە. ئاه چەند حەزدەکەم بەپێچەوانەی بیروباوەڕی خۆم بەڕاستی خودا هەبووایە. خودا زامنی مانەوە و بەردەوامبوونە. ئەوەیکە مرۆڤەکان بەڵێن نیە قەت قەت سەرەڕای مردنیان بۆ هەمیشە بزربن. ئەوەیکە دەتوانین لە پاش تێپەڕینی ساڵانی ساڵ، دیسان بە دەوری یەکترەوە دابنیشینەوە و چیرۆکی رابردوو بگێڕینەوە. ئەو چیرۆکانەی بەسەرماندا هاتن و کەچی نەمانزانی چۆن. خودا چەند حەکایەتێکی خۆشە!
پاڵدەداتەوە و، سەری بە دیوارەکەوە دەنێ. چاویلکەکەی وەک پەنجەرەی هۆتێلەکان دەدرەشێتەوە. هەڵدەستێ و ئەم سەراوسەری ژوورەکە دەکا. هەمان هەیکەلی ئەو شەوەی ئەشکەوتەکەی بن لوتکەکەی بابۆس، کاتێک من لە ژووەرەوە لە سەر پەتوەکان راکشابووم و ئەویش

لە بەر کونەکەدا راوەستابوو و سەیری ناو شار و رۆژئاوای دەکرد. سێبەرێک دووراو بە بەستێنی ئاسمانەوە. داکوتراو بە حەوت تەبەقی ئاسماندا. دەڵێ لێرەوە موسافیرخانەکان دەناسمەوە!
شارەکەی ئێمە تەنیا دوو موسافیرخانەی تیابوو. موسافیرخانەیەک لە دەوری فەلەکەی ناوەڕاستی شار. بەو پەنجەرە گەورانەوە بەسەر مەیدانەکە و بەسەر خیابانی بیمارستاندا دەیانڕوانی. مسافرخانەکەی تر لە گەڕەکی سەروو لە تەنیشت مزگەوتێکدا. هەمیشە بۆ من موسافیرخانە، وشە و جێگایەکی سیحرئامیز بووە. چەند حەزم دەکرد بۆ جارێکیش بووە تاقی بکەمەوە. شوێنێک بۆ ئەو مرۆڤانەی وا لە کاتی سەفەردا لەوێ دەخەون. غەریبەکان. غەریبایەتی. سەیرنیە! چەندەیش هەمووومان حەزدەکەین جاروبارە ببین بە غەریبە! چەند حەزمدەکرد جارێکیان لە جیاتی ئەوەی بچین بۆ سینەما، دەستی بگرتمایە و مسافرخانەکانمان تاقی بکردایەتەوە. رەنگە تەنیا یەک جار ئەمە roوویبدایە، قەت چارەنووسی من ئەمە نەدەبوو کە ئیستاکە هەیە! گەر یەکجار من لە ژوورێکی دابڕاوی تەنیشت ژوورە بەڕیزەکانی تر، لە پەنجەرەکەیەوە سەیری شەقام و کۆڵان و ئاسمانم بکردایە، قەت موسافیرخانەکانی تر ئەوەندە سەرنجیان رانەدەکێشام و ئەوەندە منیان بەرەو خۆیان بانگهێشت نەدەکرد. رەنگە ئیتر گوێم لە حەنای هاوار و بانگلێکردنەکانی زەوی لەوپەڕی دونیاوە کەڕدەبوو.
رووی تێدەکەم و، دەڵێم داخۆ تۆیش ئەم ساڵانە ئەم موسافیرخانە و ئەو موسافیرخانەت کردووە... دەڵێم داخۆ ئەم ساڵانە تا چەندە وڵاتانی دوور و غەریب و نائاشنای بینیوە؟ بەڵام دەڵێی پرسیارەکان تەنیا لە

دەروونی خۆمدا پەنگدەخۆنەوە و،... جگە لە خۆم کەسی تر گوێی لێیان نیە.

پێچەکان تەواودەبن و، بەرەبەرە دەشتی کەریماوا دەردەکەوێ. بە شاخی نەزەر لەو سەرییەوە. دۆڵێکی سەرسەوز و تەژی لە دارستان کە جادە خاکییەکە دەیدڕێ و، دەیکا بە دوو بەشەوە. وەک بڵێی دڵ و دەروونم دەکرێتەوە. بایەک هەڵدەکا و، ئارەقەی پشت مل و ناوچاوانم لەگەڵ خۆی دەبا. دەنگی قیڕەقیڕی قرپۆکەکانی کانی مەلاحمە لەمێژە ون بوون. هەروەها بۆنی ئەو پیساییانەی وا بە دەوری حەوزەکەوە، لێرە و لەوێ کەوتبوون. بەو مێشە سەوز و زلانەوە کە ویزەویزیان گوێت کەڕدەکا.

دەڵێ بە پێچەوانەی تۆ من هەمیشە رقم لە موسافیرخانە بووە. قەت سەرنجی رانەکێشاوم. قەت بیرم لێ نەکردووەتەوە تەنانت بۆ شەوێکیش تیایانا بخەوم. بە رای من پێویست ناکا پیاو بچێ بۆ سەفەر. مەگەر سەری بە گاز گیراوە! گەر ئەتەوێ دڵ و دەروونت بکرێتەوە و لە دڵتەنگییەکانت بێتە دەرەوە، بچۆ بۆ کوێستان،... بۆ ناو باوەشی سروشت.

ئەو نازانێ مرۆڤی ئەم سەردەمە یەعنی سەفەر،... یەعنی خولیای پەرتەوازەبوون و ئەوسا وڕبوون لە ناو رابردوودا. سەیرێکی سێبەرەکە دەکەمەوە. ئەوجا بیرێکی بێڕەحمانە لە مێشکم دەدا. لە خۆوە نەبوو وای بە سەرهات! وەک دایکم لێوەکانم دەگەزم و، دەست بە تەوێڵمەوە دەگرم. باشە شەوانی باکوور بۆ لە کۆڵم نابنەوە.

جنێرە لێرەوە نزمتر دەنوێنێ. براچووکەی شاخەکانی دەوری شار، لێرە بچووکترە لە هەر کاتێکی تر. بگرە هەیبەتی ئاربەبا، ئەوەندەی تر لە زەوقی دەدا. بەڵام سەیر ئەوەیە بەو بچکۆلیەی خۆی تەواو بەری بە دیمەنی شار گرتووە! نەرمەتۆزی هەنگاوەکانمان نیشتووەتە سەر پێڵاوەکانمان. پێڵاوەکانی خاڵم جووتێک لاسیقی پەنجەرەدارن. بە گۆرەوییە رەشەکانییەوە. توێژاڵێک تۆز جوان جوان دایپۆشیون. بنی پێڵاوەکانی ئەستوورن و، کە دەڕوا زیخ و وردەبەردەکان خرمەیان دێت. بەڵام هی من نا. لە کەندڕەکەی تەنیشتمانەوە پۆلێک باڵندە دەترسن و، هەڵدەفڕن. دادەچڵەکێین. بەتایبەت ئەو. پۆلە باڵندەکە بە قەدپاڵەکەدا دەخشێن، بڵێنددەبنەوە و ئاسمان باوەشیان بۆ دەکاتەوە.
ئاسمانی شار جاری وایە بە کاتی ئێواران پڕ دەبێ لە قشقڕەکان. پۆل پۆل لە ژمارەی زۆردا دەفڕن. زەردەپەڕی ئێوارە لە خۆیان دەگرێ. مەلەی ناو دەریایەکی زەرد. من جاری وایە لەو هەموو باڵندەیە دەترسم. باشە بە چی تێردەخۆن! ئاسمان رەش دەکاتەوە. بەتایبەت ئەم ساڵانەی دوواتر دەڵێی ژمارەیان زۆرتر بووە. لە حەوشێی ماڵی 'بێهنام'ی هاوڕێم دانیشتووین و خەریکی خواردنی بەهێ لە ژێر دار بەهێکانداین. زەرد زەرد دەکەنەوە. رەقن و لەتکردنیان ئاسان نیە. بەڵام کە گازیان لێدەگری تەڕ و پاراون. ناو دەمت پاش ماوەیەک پڕدەبێ لە ئاو. لقەکان بەر بوونەتەوە. قورسن. لە ژێر دار بەهێکانەوە، قشقڕەکان زۆر دیار نین. دەڵێم ئەوان بەهێ ناخۆن؟ بێهنام دەڵێ نا. بێهنام چووە بۆ سەفەر. بۆ تاران و، بگرە بۆ شیرازیش. بەهێیەک دەخۆین و، ئەوسا باسی مینی بووس و ئوتوبووس و بورجی شەهیاد دەکا، باسی دەشتە

کاکی بە کاکییەکانی نێوان ئیسفەهان و شیراز. من کە هەوڵدەدەم لە چاوەکانییەوە جارێکی تر ئەو دیمەنانە ببینمەوە، بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانم. بە خۆم دەڵێم بەڕاست چووە بۆ سەفەر! قشقرەکان لە بیردەکەم. دەڵێم موسافیرخانەیش چووی؟ ئەوجا باسی موسافیرخانەکان دەکا و، دەڵێ وێنەی هەیە و دوواتر پیشانمدەدا. بێهنام ئاشقی 'بروس لی'یە و یەکێک لە ژوورەکانیان پڕی وێنەی ئەوە. دەڵێ کەس دەرەقەتی نایەت. ئەوسا هەڵدەستێ و شەق و مشتێ دەهاوێ و، دەنگێکی سەیر لە قوڕگییەوە دێتەدەر. دەنگێک وەک قیژەی پشیلە. بە خۆم دەڵێم جارێکی تر بە خاڵم دەڵێم لە جیاتی فیلمی هیندی بمبا بۆ فیلمی بروس لی. بێهنام کە شەڕیش دەکا، جۆرەکەی جیاوازە. نە جوێندەدا و نە هەڵەشە دەبێ. تەنیا دەوەشێنێ. وەک بروس لی. جۆرێکی تر ئاوقای حەریفەکەی دەبێ. دوو کۆترە باریکە لەولامانەوە دەنیشن و، سرک سرک لێمان دەڕوانن. بێهنام ئاگای لێیان نیە و، باسی فیلمێکی بروس لی دەکا کە تیایا لە کۆتاییدا دەکوژرێ. دەڵێ هەڵبەت براگەورەکەیەتی پێی وایە دەکوژرێ، ئەگینا بۆ خۆی نا. دەڵێ گەر وا بووایە فیلمی تری دروست نەدەکرد!

بە ئاسمانی سەر شاخی نەزەرەوە، نوقتەیەکی رەش دیارە. خول و سوڕ دەخوا. هەڵۆیە. دەڵێ ناوی ئەو کێوە تەنیا نەزەر نیە، هێلانە هەڵۆیشی پێدەڵێن. دیسان دەنگی گرمەگرمەکە دێتەوە. لەبەر چاوی مندا هەڵۆکە دوور دەکەوێتەوە. وەها کە بینینی دژوارە. رێک بەو دیوی کێوی نهێنی دا.

بە دەستی راستدا زنجیرە کێوی ئاربەبا کە هەتا پشتی ئاوایی بۆیەن و درگاشێخان۲۰ درێژەی هەیە، وەک دیوارێک بەری بە رۆژئاوا گرتووە و

سەرکەش بە ئاسماندا هەڵکشاوە. لەسەر دیوارەکە شینایی ئاسمان بە هۆی گەرماوە سپی دەچێتەوە. بۆنی گژو گیای برژاوی بەر هەتاو هەوای خنیوە. دیسان بێدەنگییەکی سەیر دونیا دادەگرێتەوە. دەنگی باڵندەکان دێنەوە گوێ. خشەی گەڵاکانی بەر با گوێلاوێنە. ئێمە پێکەوە لەوە پێش هەموو ئەو لوتکانەمان بڕیبوو. لوتکەکانی سەر زنجیرە چیاکە دەڵێم. لە بیرمە کانیاویان تیا نەبوو و، چەندە تینوویەتی بەربینگی پێدەگرتم. ئەو پێی وابوو دەبێ خۆم رابێنم. ئەو رۆژەم قەت لە بیرناچێتەوە کە چەندە بە هۆی تینوویەتییەوە ئازارم چەشت. کاتێ گەیشتینە سەر چاوگی نێچیران٢١، ئەوەندە ئاوم خواردەوە سک ئێشمەم گرت! گوێم بە ئاگادارکردنەوەکانی نەدا. بەو دووانیوەڕۆیە لەسەر خۆڵی دەوری کانییەکە راکشام و، لە ئێشدا خۆم گرمۆڵە کرد. بۆنی شیاکە و پشکەڵ کە هەتا خوا حەزیدەکرد بەو دەورووبەرەوە بوون، لووتیان خنیبووم. هەستم بە خنکان دەکرد. ئەو چەند قووم ئاوی بە ئارامی خواردەوە، دەستنوێژی گرت و لەسەر بەردەنوێژێکی تەنیشت ئەستێرەئاوەکە نوێژی دابەست. کە لە زنجیرە کێوەکەم دەڕوانی هیچ شتێک سەیروسەمەرەم بەدەی نەدەکرد. ئاربەبا چەند پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆیش رۆژێکە وەک هەموو رۆژەکانی تر.

ئیستا کە بیری لێ ئەکەمەوە وای بۆ ئەچم سروشت ئێمەی، یان باشتر وایە بڵێم منی زۆر هەڵئەخەڵەتاند. ئەو رۆژە هەرچی سەیری دەورووبەری خۆم ئەکرد سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی تر کە روویاندا، ئەو هەست و بیروبۆچوونەم لا دروست ئەبوو کە نا ژیان لە راستیا هەر

وەک جارانە. نەمزانی لە راستیا ئەوە تەنیا مرۆڤەکانن جۆرێکی ترن، یان ئەتوانن بە جۆرێکی تر بن.

گوێم لە دەنگی سێبەرئاسایەتی. چەند سەیرە کە ئەو رۆژە منیش هەر هەمان هەستم هەبوو. دەڵێم لەمەدا شەریکین. راستی لە بیرت دێت دوو کەسەکەمان بینی؟

هەر کە لە دووایێچ دەترازێین، دوو نەفەر دەبینین کە لە بن تۆقە دەوەنێکدا دانیشتوون و دەحەسێنەوە. ژن و پیاوێکن. هەر کە چاویان بە ئێمە دەکەوێ، رادەبن. کۆڵیان پێیە. ژنێکی نزیک پەنجا ساڵە و مێرمنداڵێک کەمێک کشاوەتر و گەورەتر لە من. دەیاننناسین. خا گوڵنازی کارەکەری ماڵان و کوڕەکەی عومەر کە هەمیشە هاوینان خەریکی کاسەکێشییە. بەرەولامان دێن. دێنەوە سەر جادەکە. خاگوڵناز دەڵی رۆڵە ئەوە بوو بەسەر جادەکەیا ئەڕۆن مەگەر نازانن دونیا ئاگربارانە، وەرنە ناو ئەم دار و دەوەنانەوە، خوا بۆ رۆژێکی وای خوڵقاندوون بە قوربانی ناوەکەی بم! بەڵام لەگەڵ ئەوەیش راناوەستن و بەرەو لای ئێمە بەردەوامن،... رێک بۆ سەر جادە خۆڵییەکە. عومەر کە کوڕێکی شەرمن و بێدەنگە، بە ئارامی سڵاوێک دەکا. خاڵم میهرەبانانە وەڵام دەداتەوە. پێکەوە دەستدەکەینەوە بە رێگابڕین. دەنگی هەنگاوەکانمان، دەورمان دەتەنن. خاڵم دەپرسێ بۆ کوێ؟ خاگوڵناز دەڵێ بەقوربانت بم بۆ کەریماوا، لەوێ ئەمێنینەوە تا بزانین دونیا بە چ بارێکا ئەکەوێ، شار هەمووی چۆڵ بووە بەسایەقە! نا زۆریش چۆڵ نەبوو، هێشتا خەڵکی زۆری تیا ماوە، تازە زەماوەنیش بوو! ئەم قسەیە خاگوڵناز ناجووڵێنێ. وەک بڵێی لەمێژە مرۆڤەکان دەناسێ.

**دەڵێ خوا ئاگایارت بێت ئەو خوا گەورەیە لەو سەرسەرە تەنیا خۆی ئەزانێ چی ئەکا، حەک بە قوربانی ناوەکەی بم!**

**جادەکە لێرەدا سەرەوخوار دەبێتەوە. تەقریبەن چەند سەدمیترێک، ئەوسا دەگاتە پێچێک و وندەبێ، دوواتر لەو دووردوورانەوە دیسان دەردەکەوێتەوە. وەک مارێکی سپی بەناو دۆڵ و دار و درەختەکاندا پێچ و لوول دەخوا.**

**خاگوڵنازیش بێوەژنە. ئەم کوڕە و دوو کوڕی تر و کچێکیشی هەیە. هەموویانی بە کارەکەری ماڵان بەخێو دەکا. دەڵێم ئیستایە دەزانم کە بەڕاستی ئەو شارەی ئێمە زۆری بێوەژن تیابوو. ئەو کات زۆرم بیر لێنەدەکردەوە. راستی مێردەکەی بە چی مردبوو. سێبەرەکە کەمێک رادەوەستێ. دەڵێ نەمردبوو، کوژرابوو. کوژرابوو؟... لە کوێ؟ بە چەقۆ. دەستفرۆش ئەبێ، رۆژێک لە کۆڵانێک ژێر ماشین ئەکەوێ. شۆفیرەکەی لەوانە بوو کە ئەو ساڵانە کۆت و شەڵواریکیان لەبەر ئەکرد و بە سورعەت بە سوار ماشینەکانیانەوە کووچەگەردییان ئەکرد. بەتایبەت کاتێک لەبەر درگای ماڵان ئێوارەیان لە کۆڵان کچانیش رائەوەستان. لەبیرت نایەت چ تۆزێکیان ئەکرد؟ یەکێک لەمانە مام کەریم ژێر خۆی ئەخا و تەواو. ناوی مام کەریم بوو؟ ئەرێ، مام کەریم. منیش نایناسم. پێم وابێ یا من لە دایک نەبووم یاخود زۆر منداڵ بووم کە کوژرا. تازە خاگوڵناز باشیشیان لێ نەئەوت. ئەڵێن دەوڵەمەنەکان سوئیستفادەیان لێ ئەکرد. خوێن دەزیەتێ مێشکم. دەڵێم دەی بەو خەڵکە چی، ئەو بەستەزمانە چی بکردایە؟ دەڵێ وادیارە حاڵ و هەوای**

**ئەو ساڵانەت لەبیر چووەتەوە. بەڵام خاگوڵناز سەری بە کاری خۆیەوە بوو و، تەنیا لە بیری بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیا بوو.**
**عومەر کۆڵەکەی قورسە و داوادەکا پشوویەک بدەین. دایکی خواردنی بە کۆڵەوەیە و ئەویش هەندێ شتی قیمەتیی ناو ماڵ. وەک سەعات و شتی لەم بابەتە. تەق و تۆقیان دێت. ئەمجارە لەسەر جادەکە قوندەدەنەوە. خاڵم دەڵێ بڕواناکەم دزی و شتی وا بکرێ، لەخۆوە باری خۆتان قورس کردووە. خاگوڵناز دەڵێ گەڕەکی ئێمە زۆر چۆڵبووە، خۆت ئەزانی گەڕەکی مەققەرەکانە. خەڵک زۆر ترساون. عومەر کە دەورووبەری ملی سوورهەڵگەڕاوە، داوای ئاودەکا. دایکی دەڵێ ئەبێ راوەستن تا ئەگەنە ئاوایی.**
**عومەرم دەناسی. دووراودوور. لەو کوڕانە بوو کە کاری بە سەر کەسەوە نەبوو. نە لە کۆڵان کایەی دەکرد و، نە تێکەڵی منداڵان دەبوو. هەمیشە هەستم دەکرد لە پیاوێکی گەورە دەچێ. براگەورەکەی شەقاوە و شەڕانی بوو و، لەوە نەدەچوو زۆر ئاگای لە دایکی و لە خوشک و براکانی بێت. خاڵم دەڵی هەمیشە لە سینەما کەوتبوو، بەتایبەت سینەمای گەڕەکی خوارووو، حەزی لە فیلمە فارسییەکان بوو، ئاشقی ئیرەج قادری بوو و لە سەیرکردنی ئارام و سپیدەیش تێرنەئەبوو. بە ئیستایشەوە نازانم لە کوێ پوولی ئەهێنا. دەڵێ کە شۆرشیش کرا بەپێچەوانەی هاوتەمەنەکانی خۆی قەت تێکەڵ بە سیاسەت و حیزبایەتی نەبوو. دەڵێم پێموابێ خەڵکی وەها زۆربوون، وانیە؟ دەڵێ ئا، زۆربوون، بەڵام وا دەرنەئەکەوت.**

**عومەر تاقەتی نیە رابێ. بە وەڕەزی و هەنسکەهەنسک هەڵدەستێتەوە سەرپێ. دەی رۆڵە بە قوربانت بم ئەوە بۆ وا هێزی ئەژنۆت نەماوە، دەی یاڵلا گوڕمێک... تەکانێک! عومەر دەم و لێوی وشکهەڵاتووی دەلێسێتەوە.**

**سەرەوخوارییەکە هەستێکی خۆشمان پێدەبەخشێ. رێگاکردن ئاسانترە و، جگە لەوە بەرجەوەندمان کراوەیە و بەربڵاو. ناگەینە نیوەی سەرەوخوارییەکە کە خاگوڵناز لە گەڵ کوڕەکەی لە کوێرەرێیەک لادەدەن. بە بێ ئەوەی سەیرمان بکەن، خواحافیزی دەکەن و دەڕۆن. هەردووکیان بە هۆی بارەکانیانەوە پشتیان چەماوەیە و، گەردنیان کێشراو. ئەوەندەی پێناچێ لە ناو چڕیی دارستاندا بزردەبن. وەک بڵێی هەر نەبووبن. من کتوپڕ دڵم تەنگ دەبێ. دەنگێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ ئێمەیش دەبووایە لابدەین! سەیری خاڵم دەکەم، بەڵام هیچ نادرکێنم.**

**ئەبووایە بمانزانیە،... بمانزانیایە بەوەی کە رێگا چۆڵ بوو و هەر ئێمەی بەرسەرەوە بووین. ئەبووایە بمانزانیایە کە ستوونەکە لەوێوە ئەهات. ئەها دوو چەکدارەکەیش پێیان وتین. ئەی باشە ئەگەر خەڵک شاریان چۆڵ ئەکرد لە کوێوە ئەڕۆیشتن، بێگومان بەرەو جادەی سەردەشت و بەرەو دێی سەبەتڵو یەعنی جادەی سەقز. ئەو رێگایەی من و تۆ پیایا ئەڕۆیشتین، چۆڵ بوو... چۆڵ چۆڵ. وای خوایە ئێمەیش چەنە بێخەیاڵ بووین! ئیستا کە بیری لێ ئەکەمەوە چەنە خۆم وەک گەمژە و حۆل دێتە بەرچاو! بێ ئەقڵی بێ ئەقڵ!**

بەڵام ئەو بەیانییە لەو جادەوە خەڵکێکی زۆر تێپەڕیبوون. سێبەرەکە بێدەنگ دەبێ. بڕواناکەم... قسەیە، پێم وابێ من و تۆ بووین و خاگوڵناز و عومەری کوڕی. ئەوانیش ڕوویانکردە ئەوێ لەبەر ئەوێ تەنیا لەو دێیە خزم و کەسوکاریان هەبوو.

ڕاستی سەیرنەبوو کە ئەوەندە زوو لایاندا و ڕانەوەستان تا دەگەیشتنە پێچەکە و لەوێوە ئەوجا بە ڕێگا ئەسڵییەکەدا بەرەو کەریماوا سەرکەوتنایە؟! وەک بڵێی ئیلهامیان پێکرابێ!

نە بابا، لایاندا چونکە ئەیانویست پێشاوبڕ بەنەوە... هەر ئەوەننە. خاگوڵناز چووزانێ ستوون لە کوێوە دێت و، لە کوێوە ئەڕوات. عاسیی کۆڵەکانیان بوون و ئەیانویست زوو بگەنێ. ڕاستی بینیت ئاردیشیان بە کۆڵەوە بووا! ئارد بەو قورسییە!

هێشتا لە ناوەڕاستی سەرەوخوارییەکە زۆرمان لانەداوە کە کتوپڕ دەنگی زل و ترسناکی هێلیکۆپتەر لە دەستی چەپمانەوە بە سەر تەپۆڵکەکانەوە دایکم وتەنی وەک جنۆکە لە سەر سەرمان پەیدا دەبێ! کە سەر هەڵدێنین کۆپتەرێکی زەلام دەبینین کە ڕێک بەرەو ئێمە دێت. بە مەودایەکی یەکجار کەم بە سەرسەرمانەوە. لە ترسانا بەرەو دەشتەکەی دەستی ڕاستمان، هەر ئەو دەشتەی تاوێک لەوە پێش خاگوڵناز و عومەر لایاندابوو، هەڵدێین. کەندڕێکە. کە باز دەدەینە ناوی، دەستبەجێ تێدەگەین بە دەستی چەپماندا لە ژێر جادەکە پردێکە. باشترە بڵێم کونێکە بە کاتی باران ئاوی پیادەڕوا. ڕێک بە ژێر جادەکەدا. خاڵم بەرەو کونەکە یاخود پردەکە هەڵدێ و، هاوارم لێدەکا. منیش بە شوێنیدا، خۆمان بە ژێر پردەکەدا دەکەین، پردێکی کورت و نزم کە قەدی

**تیا راست نابێتەوە. کوورِ کوورِ هەتا ناوەڕاستەکەی هەڵدێین و، لەوێ خۆمان بە عەرزدا دەدەین. دڵمان لە سەر هەزار لێدەدا. دەڵێ لە ناوەڕاستا دائەنیشین، ئێرە مەحفوزترە. وەک بڵێی کۆپتەرەکە سوڕێکی خێرای تر دەخوا و دەگەڕێتەوە سەرمان. ئەوەندە نزمە کە لەوانەیە دەنگەکەی کەڕمان کات. سێبەرەکەی بە سەر کەندرەکەدا دێت و دەچێ. سەرم دەخەمە ناو ئەژنۆکانمانەوە و بە خۆم دەڵێم باشە بۆچی ئێمەیش وەک خاگوڵناز و عومەر رووومان نەکردە دەشتاییەکە!**

**باشترین کار برینی رێگاکە بە قەراخ جادەکە بەناو دارستانەکەیا بوو. نەئەبینراین. هێلیکۆپتەرەکە سەرنجی لە سەر جادەکە بوو. ئەوان رێگاکەیان بۆ ستوونەکە پاک ئەکردەوە. سەد میتر ئەولاتر هیچ خەبەرێک نەبوو. لە بن دارێکا دائەنیشتی و تەواو. کێ بە کێ بوو!**

**کتوپڕ دەنگی کۆپتەرەکە وندەبێ. بە نیگایەکی پڕ لە پرسیارەوە لەیەکتر دەڕوانین. بچینە دەر، یان نا؟ کەسمان وەڵامەکەی نازانێ. دیسان بێدەنگی. ئەوەندەی پێناچێ لەسەر جادەکەی سەر سەرمانەوە دەنگی تێپەڕینی ماشین دێت. رووناکاییەک دەڕژێتە نیگامانەوە. بە بزەوە سەیری یەکتر دەکەین و، بەپەلە لە ژێر پردەکە دێنەدەرەوە. سەرەتا ئەو و دوواتر من.**

***

مونک ڕێک لە دەمدەمانی هاتنی سەدەی بیست تابلۆی قیژەی کێشا. سەدەی بیستی هەڵگری دوو شەڕی گەورە. قیژە، داخۆ هاواری ناخی خۆی بەرامبەر بە کارەساتەکانی سەردەمی منداڵیی بوو، ترس لە

جیهانێک بوو کە پێ بە پێی گەورەبوونی زیاتر هەستی پێدەکرد، یان بینینی سەدەی داهاتوو بوو لە ئیلهامێکی ترسناکدا؟

ئارام دیسان دەست بۆ تابلۆکەی پشتی سەری دەباتەوە. هەوڵدەدا بیهێنێتە بەرچاوی خۆی دایکێک کە لە کەنار تەختی مەرگی کچە بچکۆلانەکەی کز و بێدەسەلات دانیشتووە، دەستە بچووکەکانی کچەکەی گرتووە، بە روومەتە فرمێسکاوییەکانییەوە ناوە و بەردەوام داوا لە خودا دەکا شیفای بدات. یا نا، ئەو دایکەی چەند ساڵ دوواتر بۆخۆیشی لە هەمان تەختدا راکشاوە و، ئەمجارە نۆرەی خۆیەتی. بەو جیاوازییەوە ئەم کەرەتە ئەوانی ترن دەوریان داوە و، بە هەمان خەم و پەژارەی قورسەوە هەمان داوا لە دەروونی خۆیاندا لە خودا دووپاتدەکەنەوە. رەنگە لە نێوان کارەساتە دەروونی و دەرەکییەکاندا جیاوازییەکی وەها نەبێ. تەنیا ئەوەندەی کە داخۆ مرۆڤ دەتوانی زیاتر سەرقاڵی کامیان بێت و، کامەیانی لە لا گرینگتر بێت. وادیارە قیژەکە بە ناو هەموویاندا گوزەردەکا و، هەرچی رەنگی زەقە لە بەستێنێکی سەیردا لێکدەئاڵێنێ. 'رەنگ'ە شەپۆل ئاساکان کە لە بەستێنی دەنگ ئاسای خۆیاندا هەڵتدەگرن و، هەتا بێکۆتاییەکان لەگەڵ خۆیان دەتبەن.

دڵنیایە سێبەرەکە مونک ناناسێ. هەر ناویشی نەبیستووە. تەنانەت موعجیزەی مەرگیش ناتوانێ کارێک بکا ئەو بیناسێ. راستە مونک هەمیشە لە کەنارەکانی مەرگ و دڵەڕاوکێدا لە هاتوچوودا بووە، بەڵام ئەمە فڕی بە جیهانی مردووانەوە نیە. تەنیا زیندووەکانن لەوێن.

تەنانەت ئەو مردووانەی وا بە تین و گوڕیش ژیان، دیسان لەوێ نامۆن.

ماتۆڕە یاماها سەد و بیست و پێنجەکە، بە دەشتی گوندی کێلەدا دەکشێ و، چاوانی ئەم کە لە دوواوە دانیشتووە پڕ دەبێ لە ئاو. خاڵی لە پێشەوە عەینەکی لەچاودایە، عەینەکی ماتۆڕسواری، شووشەکانی پلاستیکی و زەردن. زلن و نیوەی دەموچاو دادەپۆشن. بەو کەنارە سپییانەوە کە کەمێک چڵکنن. خاڵی کە لە ئاوێنەکەوە چاوی لە دوواوەیە، دەڵێ سەیری دوواوە بکا، بزانێ چۆنە. ئەم کە هەر دوو دەستی لە دەوری کەممەری خاڵی ئاڵاندووە، سەر وەردەگێڕێ و لادەکاتەوە. تۆزەکە سەرەتا هێڵێکی باریکە و ئەوسا پەخش و بڵاودەبێتەوە. چەند جوانە! هەتا سورعەت زیاتر بێت، باریکاییەکە زیاتر و درێژترە. بۆیە هەتا دێ چاوی ئەم زیاتر ئاودەکا. با، فرمێسکە دەستکردەکان دەبا. جاری وایە دەیانقونجێنێ، بەڵام دیسان هەڵیاندێنێتەوە. حەزێکی ئازاراوی لەگەڵ خۆی دەیبا. دونیا لێڵ دەبێ. لە کەنارەکانەوە شتەکان چەند خێرا تێدەپەڕن. جیهان دەبێ بە تارمایی.

داخۆ لە سورعەتی یەکجار کەمیشدا هەر ئەمە ڕووندا؟ تابلۆکانی مونک وەک تابلۆی دیکە نین. وەک بڵێی هێشتا مابێتیان. بە ڕادەی پێویست ڕوون و شەفاف نین. ڕەنگەکان زبرن. مونک چەندە خاو تێدەپەڕێ.

دەشتی کێلە٢٢ لە پشت جنێرەوە دیارە. هەرچەند کێوی هێلانەهەڵۆ لەخۆیدا دەیشارێتەوە. ئەو ساڵانە ئەوەندەیش دوورنین،... تەنیا دوو یان سێ، ڕەنگە چواریش.

**دەڵێم سەیرە، زۆر حەزت لە خێرایی و تۆز و تێپەڕین بوو!**

**بۆ خۆیشم نەمئەزانی. لای من ئەم سێ شتە ئەو ساڵانە تەنیا شت بوون و، نەک زیاتر. بەڵام بەڕاستی خۆش نەبوو؟ زنجیرە شاخێک بە لای چەپتەوە و دەشتێک بە لای راستتەوە و،... تۆیش وەک بایەک بە ناویانا! عەسران و ئێوارەیانی دەشتی بۆیەن و دەشتی کێلە. داربەڕووی لاپاڵەکان و چەمی وڵیاوا٢٣ کە لێمانەوە دیارنەبوو. شاخی نهێنی٢٤ بە کانی دووپلووسکان٢٥ لە ناو دڵیا. بێدەنگیی دونیا و، تەنیا تڕەتڕی ماتۆڕەکەی ئێمە.**

**لە دووای ئەو هەموو ساڵە هێشتا کاتێک دەنگی ماتۆڕێک دەبیستم، سەرنجم رادەکێشێ. رادوەستم. دەنگەکەی چەند دەمباتەوە ئەو رۆژانە. تەنیشت ئەو کانیانەی لاماندەدا، سەروچاوێکمان دەشۆرد، ئاوێکمان دەخواردەوە و وچانێکمان دەدا. ئەویش بە دەستماڵێکی چڵکن دەستێکی بە ماتۆڕەکدا دەهێنا. قرپۆکەکان لە ترسی ئێمە خۆیان دەشاردەوە، بازیان دەدایە ناو ئاوەکە و لە ژێر گەڵاکان یاخود گیای قەراخەکان وندەبوون. بە چاوە دەرپەڕیوەکانیانەوە بە بێ ئەوەی سەر بجووڵێنن هەموو جووڵەیەکی ئێمەیان دەخستە ژێر چاوەدێرییەوە. تەنیا ئەوەندەی کە ئیستاکە تۆزەکان نەماون.**

**قیژەکە لە چوارچێوەکە دادەبەزێتە خوارەوە و، لە تەنیشتمدا دادەنیشێ. ئەویش سێبەرێکی تاریکە. سەیری تابلۆکە ناکەم. دڵنیام چوارچێوەکە هەنووکە پڕە لە هیچ. نایەتە گەرووەمەوە. ئەویش 'تۆز'ێکە بە بێ رابردوو. یان رابردوویەکی بە بێ تۆز. یان رەنگە دەیەوێ بچێتە لای ئەو. ئەوی ئەوسەری ژوورەکە. دڵنیام لەوێ گونجاوترە، هەر چەند لە**

جەستەیەکی مردوودا. من جارێکە دەنگەکانی ترم بەسە. قیژەکە بەرزدەبێتەوە، بە ئاسمانی ژوورەکەدا دەکەوێتە فڕین. بە بەر پەنجەرەکە و دەرگاکەدا زیاتر. وەک بڵێی بەتەمای دەربازبوونە. سەفەرێکی تەنانەت کورت یان هەمیشەیی بەرەو دەرەوە و،... لە دەرەوە. لە چی هەڵدێ؟ ئەویش بێزارە لە ئێمە... لە من و لەو؟ لە رابردوومان؟ ئەی ئەوە نیە ئێمەیش هی سەدەی بیستەمین. مەگەر مونک بیریشی لە ئێمە نەکردووەتەوە؟ ئەی بۆچی من ئەم تابلۆیەم کڕیوە و، ساڵانی ساڵە لە پشت سەری خۆم لە ژووری خەوەکەم هەڵمواسیووە؟ قیژەکە وازناهێنێ. هەر لە جووڵەدایە. نەمدەزانی ژوورێکی وەها بچووک دەتوانێ هەڵگری ئەوەندە بێ ئۆقرەیی بێت. کەواتە ئۆقرە و شوێن، پێوەندێکی راستەوخۆیان نیە. دەڵێم خۆ چاوت لێیە، پێم وابوو دێتە لات. دەڵێ کەس خاوەنی راستەقینە و هەمیشەیی قیژە نیە. ئەوسا دەڵێ خەیاڵم بەلای هەموو شتێکا ئەڕۆیشت شۆڕش و راپەڕین نەبێ، نە لە تەلەویزیۆنا هەواڵ و نیشانەیەک هەبوو، نە لە سینەما، نە لە شاخەکانی دەورووبەری شار و نە لە رێگا خاکییەکان. رەنگە تەنیا ئیشارە تۆزەکە بوو و، ئێمە پێمان نەزانی. ئەو ساڵانە لە قیژەیش خەبەرێک نەبوو. یەعنی تەنیا قیژەیەک کە ئەمانبیست قیژەی دایکێک بوو بەسەر مناڵەکانیا، یان دوو ژن کە شەڕیان ئەکرد. خەبەرێک لە قیژەی بەینی دوو سەدە نەبوو. دەڵێم پێت وایە ئەوانە قیژە بوون؟ دەڵێ نازانم. رەنگە بووبن و دیسان ئێمە وەک تۆزەکە لێی تێنەگەیشتین.

نەنکم لەسەر جامخانەی سەر پێ پلیکانەکان دادەنیشت. دەست لە ناو کۆش، چوارمیلکە لە عەسرانی هاوین رێک بەرەو رۆژئاوا،... ئەگەرچی

داچوونی هەتاوی لێوە دیارنەبوو. ویزەی مێش و هالاوی نەفەسی گەرمی هاوین دەوریان دەدا و پەیتاپەیتا ئارەقی دەکردەوە و چاوەکانی پڕدەبوون لە فرمێسک. ئەمەی بۆ ناگێڕمەوە. نالێم چۆلەکەکانیش دەیانگواستەوە بۆ حەوشەکەی پشتەوە و، دڵیان بەرایی نەدەهات لە سەر تاقە درەختەکەی بەردەمی ئەو لە حەوشەکەی پێشەوە هەڵنیشن. دیواری بەر سێبەرەکان کە دونیا فێنک دادەهات، خۆی دەکێشایەوە و قۆڵنجی دەشکان. نەنکم بە دەستماڵەکەی سەر سەر و شان و ملی ئاوی لووتی دەسڕی و جەستەی قورسی بە زەحمەت لە زەوی جیادەکردەوە،... هەڵدەستا بۆ ئەوەی نان و چای شەو ئامادەبکا. لەو دوورانە لە قەبرستانەکەی سلێمان بەگ هیچ باسێک لە بەسەرهاتی مردووەکان نەبوو. کە مردی ئیتر بەسەرهات مانای نامێنێ. زیندووەکان بە بەسەرهاتە نوێیەکان، بە بەسەرهاتەکانی خۆیانەوە سەرقاڵن.
قیژەکە وەک بڵێی پەشیمان بووەتەوە، ئارام دادەبەزێ و بەسەر سەری مندا دەچێتەوە ناو قاپەکەی خۆی. دڵینام لە مۆزەخانەکەی مونک لە ئۆسلۆ، قیژەی تابلۆ ئەسڵییەکەیش هەروا ئەو شەوە بەتووش دڵەڕاوکێ بەناوبانگەکەی خۆی بووتەوە و، ئەویش لە چوارچێوەکەی خۆی ترازاوە و بە ناو هۆڵی مۆزەخانەکەدا فڕیوە. بە بێ ڕێگای دەربازبوونێک بۆ ناو جیهانی راستەقینە.
یەکەم جارم لەبیرە کە لەگەڵی چووم بۆ کێو. لە بیرمە چەند بەرزاییەکان بەلامەوە سەیر و ترسناک بوون. سەرکەوتن بە سەر خاکێکدا کە بەردەوام بەرز و بەرزتری دەکردیتەوە، وەها کە شار و دەورووبەر و دونیا هەمووی کتوپڕ نزم و نزمتر دەبوونەوە، چەند

عەجایەب دەینواند. گوتی سەیری ئەو دوورانە بکە! سەیرم کرد. ئەو ئیتر درێژەی نەدایە. ئەو دوورانە خۆی لە خۆیدا بەس بوون. بۆخۆیان دەدوان. کتوپڕ هەستم بە جوانی و تەنیایی و ترسێکی عەجیب کرد. ئەو کە چەند هەنگاوێک لێم دوورکەوتبووەوە، بەپەلە خۆم گەیاندێ. هەستمدەکرد کەسێک هێزێک بەردەوام دەیەوێ رامکێشێتەوە خوارەوە.

دەڵێ رەنگە گەر بەجۆرێک دونیای پێش ساڵی پەنجاوحەوت ئیشارەی بە ساڵانی پاش خۆی بدایە، یەکجار وای لێنەهاتایە! دەڵێم رەنگە ئیتر تۆیش ئەوەندە ئاشقی سورعەت و تۆز و تێپەڕین نەبوویتایە! دەڵێم رەنگە ئەو رۆژە سەر رێ نەکەوتینایە و، وەک زۆری تری خەڵکی ناوشار خۆمان بدایەتە دەست قەدەری رووداوەکان.

ئاگام لێیە دەستدەکا بە کێشانەوەی شتێک. وەک مونک قەڵەم و کاغەزێکی لەبەر دەستدایە و، بە بێ ئەوەی سەرهەڵبێنێ و سەیری شتێک بکا، دەکێشێتەوە. بۆم گرینگ نیە چی دەکێشێتەوە. هەرچی بێت لانیکەم قیژە نیە. جگە لەوە وێنەکە چیتر فڕی بە سەر جیهانی ئێمەوە نیە. با بکێشێتەوە! پاڵدەکەومەوە و بێدەنگ دەبم. هونەرمەند پێویستیی بە تەنیایی خۆی هەیە. قیژەکە لە پشت سەرمەوە وەک جارانی خۆیەتی. پڕ بە گەروو بە بێ دەنگێک سەوتێک! دەنگێک بە بێ خۆی و تەنیا ئاماژەیەک بە خۆی. نایبیستی، دەیبینی. دەنگێک کە بە بینین دەبیسترێ.

باوەگەورە بە قادرمەکاندا سەردەکەوێ. دەگاتە جامخانەکە. دەزانێ نەنکم وەک هەمیشە تا ساتێک لەوە پێش لەوێ بووە. کەمێک رادەوەستێ و لە دەورووبەری دەڕوانێ. ئەو لەگەڵ ئەم چیرۆکە هەموو

**ڕۆژەیەدا دەتوانێ چی بکا؟ هیچ. ئەمەیش شێوەیەکە لە ژیانکردن. جاری وایە بە مەیلی خۆمان و جاری وایە بە بێ مەیل و خواستی خۆمان. جاری وایشە بۆ هەمیشە بە بێ هەڵبژاردنی خۆمان. بەتایبەت بۆ نەنکم. قیژە، خواستی لە خۆیدا خنکاندووە.**

**سەیری سێبەرەکە دەکەمەوە، دەڵێم مافی هەڵبژاردنی تۆ، بوو بە هۆی ملکەجیی ئەوی تر. سەر بەرزدەکاتەوە و، دەڵێ:**

**ـ خەریکم ئەمە ئەکێشمەوە!**

**زیلی سەربازی، یەک لە دووای یەک تێدەپەڕن. پڕی سەرباز و ئەو چەکانەی وا بەدەستیانەوەیە. سەرەتا من بووم یان ئەو، نازانم؛ بەڵام دوو قامکی سەرکەوتنمان بەرزکردەوە و بە دەم ستوونەکەوە بزەی شادی گەڕایە سەر لێومان! سەربازەکانیش قامکی سەرکەوتنیان بەرزکردەوە. بەخۆم گوت ئیتر کۆپتەرەکە ناوێرێ بگەڕێتەوە. شادییەک دەوری هەر دووکمانی تەنیبوو. خاڵم گەڕایەوە، روویکردە من و وتی خۆمانەن، بێگومان بەرەو کەلیخان دەڕۆن، شەڕ و بەرگری لەوێیە. من کە قەت ئەو هەموو زیلەم ئاوا پێکەوە نەبینیبوو، بە نیشانەی سەلماندنی قسەکانی، سەرم جووڵاند. ئەو بەردەوام نیگای لەسەر ماشینەکان بوو و، بە بزە و دەست راوەشاندن بەڕێی دەکردن.**

**زستانی پار بوو، گوتیان قەڵغانییەکان دێن. قەڵغانییەکان دارودەستەی شا بوون و دژی راپەڕینی خەڵکی. گوایا قەراربوو لە شوێنێکی دوورەوە بێن، لە باشوورەوە. دەیانگوت سمێڵیان زلە و شەڕانین و بە کۆ دێن. بێڕەحم و بکوژ و نەترسن. هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی شا بپارێزن... بۆ ئەوەی شا بگەڕێننەوە. دەیانگوت ئەوانیش کوردن. شار**

ورووژا و، خەڵکێکی زۆر بەتێلا و دارەوە کەوتنە خیابان، ئەوەیشی وا چەکی هەبوو، هەڵیگرت. شەقام لە خەڵکی تێلابەدەست جمەی دەهات و، کۆمەڵ کۆمەڵ لە ناو ماشینی گەورەو و بچووکدا بە خیابان و جادەکانی دەوری شاردا گەشتیاندەدا. 'دارا'ی کارمەند کە یەکەمین کارمەندی شار بوو، لە سنەوە هاتبوو و لە شاری ئێمە بۆ هەمیشە گیرسابووەوە، سەری بادەدا و دەیگوت "بەخوا عەجیبە چت وا ئێژن! ئەم خەڵکە چەنە نەفەهمە! ئاخر قەڵغانی چۆن لە کرماشانەوە ئەگەنە ئێگرە!... ئەویش بە ناو ئەو هەموو شارگەلەیا!" بەڵام کاک عەبدول کە جامانەیەکی قوتی دەبەست و دەمانچەکەی وەک قلەسێوێک پشتێنە پانەکەی بە لاکەلەکەی دەستی چەپیدا هەڵتۆقاندبوو، دەیگوت شەرت نیە بە ماشین بێن، ئەی خوا ئەم شاخ و کێو و دۆڵانەی بۆچی داناوە. دەیگوت بە هەورامانی تەختا دێن، بە تەنیشت مەریوانا تێئەپەڕن و تا ئەگەنە دووئاوان، ئیتر لەوێوە لە کەلی قەرەژدابانەوە خلۆردەبنەوە بۆ بانە. ئەو دڵنیا بوو کە قەڵغانییەکان بە دەم ڕێگاوە دابەش ئەبن و هەر بەشەی بەرەو شار و ناوچەیەک سووڕدەخۆن. عەبدول گەرووی دەماسان و لەوەی کە ئەو شوێنانەی دەزانی خۆی رادەوەشان. بەخۆم گوت نەکا قەڵغانییەکان بن و خاڵم لێی تێکچووە! دیسان لێم روانییەوە، بەڵام ئەو ئەوەندە بە دڵنیایی و متمانەوە لە کاروانەکەی دەڕوانی و دەستی بۆ رادەوەشاندن، کە ئیتر من بە تەواوی دڵنیابووم هەڵەم.

دەڵێم سەیربوو، وانیە؟ باشە چۆنمان نەزانی؟

سێبەرەکە بزەیەکی دێتێ و، دەڵێ قسەی زۆر و نەبوونی تەجروبە و ساویلکەیی. راستەکا ئەو کاتانە زۆرمان دەبیست و کەممان دەبینی. من قەت پێم وانەبوو ستوونی ئەرتەش ئەوەندە زووبگاتە پشتی جنێرە. سروودەکان و حیماسەتی خەڵکی شتێکی تریان دەگوت. دەڵێ راستی دارای کارمەند و عەبدول چییان لێ بەسەرهات؟ دەڵێم دارا هەر ئەو کاتەیش لەتەمەندا بوو. خانەنشینیانکرد و ئەوەندەی پێنەچوو گۆچانێکی بەدەستەوە گرت و کەوتە پێوانی خیابان. ئەوەندەی رق لە مەلا بوو نەبێتەوە. خۆ لە بیرتە چەندە شای خۆشدەویست؟ بزەیەکی دێتێ. دەڵێ بەڵام خەڵک وەک خائین و شتی لەم بابەتە لێیان نەئەڕوانی. ئەڵێم پیاوێکی دڵپاک بوو،... پێم وابێ... پێم وابێ هەر ئەویش راستی دەکرد. ئەم رستەیە بە هێواشی دەدرکێنم. دەڵێ نە ئەو راست بوو و نە ئێمە. ئەوسا پێدادەگرێ کە ئاخۆ بەڕاستی پێویستە بە شوێن راستیا بگەڕێین؟ ئەویش لەوێ لە شوێنێک کە خۆی لە خۆیا پێویستیەکی وەهای پێ نیە؟ دەڵێم دارا هەر دەهات زیاتر دەپووکایەوە. وەها لاواز ببوو نەبێتەوە. نەخۆشی هەبوو. من قەت نەمپرسی کامە نەخۆشی،... دیارە پێویستیشی نەدەکرد. دەڵێم دەزانی زۆر حەزی بە حەسەن زیرەک بوو و، هەتا مرد دەڵێن جگە لەو گوێی لە هیچ گۆرانی بێژێکی تر رانەدەگرت! دەڵێ نازانم، بەڵام دڵنیام بۆ یەک جاریش بێت سەردانی قاوەخانەکەی لە کانی مەڵاحمە نەکردووە. دەڵێم ئاخر موسوڵمان بوو. دەڵێ نا، لەبەر ئەوە نەئەچوو کە یەکەم کارمەندی شاری بانە بوو و لای کەسری شەئن بوو! بێدەنگ دەبم. لام وانیە دارا بۆ یەک جاریش بێت خواردبێتییەوە. لە ساڵانی کۆتایی تەمەنیدا بە

دەست زەختی خوێنەوە دەینالاند. وەک ئیستای من. دەڵێ وەک زۆرینەی خەڵکی. وایە. دەڵێم عەبدولیش زوو هەڵگەڕایەوە و وەک بڵێی هەر هیچ نەبووبێ چوو و بوو بە مەلای مزگەوت لە دێهات. جا نازانم خوێندی، یان بە هۆی شتی ترەوە توانی پلەی مەلایەتی وەرگرێ. من سەری لێدەرناکەم. عەبدول کە بەتووش هەوالانی کۆنیشییەوە دەبووەوە، قەت لە ناوچاوانیانی نەدەڕوانی. هەمیشە نیگای بە قەراغ گوێکانی بەرامبەرەکەیدا دەخشکا و تێدەپەڕی. یان لە سەر خۆڵی بەردەمی قەتیس دەما. وەک بڵێی... وەک بڵێی بۆ ئەوەی نیگای پیس نەبێ، یاخود تاقەتی نەبوو ئەوەندە رابردوو بێتەوە بەرچاوی. لێی هەڵدەهات. دەڵێ نا، هیچ کامی ئەمانە نیە. ئەو کاتیش هەر وەها بوو. ئەمە عادەتە. بڕواناکەم زۆر خۆی بە کۆنەوە سەرقاڵ بکا. دەڵێم ئیتر ئاگام لێی نەماوە. گوایا هەر لەوێ کچێکیان پێدا و، ئیتر بۆ هەمیشە دامەزرا و مایەوە. خۆشیشە وانیە؟ دەڵێ چی؟ دەڵێم ئەوەیکە کتوپڕ لە قەرەباڵغی و بێنە و بەرەی ئەو سالانە بەم شێوەیە خۆت رزگار کەی و، لە کۆلانەکانی پڕ لە بێدەنگیی گوندێک بۆ هەمیشە خۆت بشاریتەوە. دەڵێ شاردنەوە؟! بێدەنگ دەبمەوە. راستدەکا، بەڕاستی شاردنەوە؟ مەگەر هەموومان بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆمان نەشاردەوە؟ دەڵێم ببورە نامەوێ سووکایەتیم بە کەس کردبێ، بەلام بەهەرحاڵ ئەویش هەر ئەمەی کرد، بگرە زووتر لە هەموو ئەوانی تر.

هەموو شتێک چەند خۆڵەمیشی دەنوێنێ. وەک بڵێی رۆژی یەکەمی خلقەتە و، خودا قوڕێکی زۆر گرتووەتەوە و خەریکی ئافراندنی 'بوون' بە هەموو شتەکانییەوەیە. بە تایبەت مرۆڤ. بۆ چرکەساتێک چاو

هەڵدەگرم و لە سروشت دەڕوانمەوە. سروشتی سەوز و رازاوەی مانگی خەرمانان. سەوزایی و زەردایی. ئاسمانی شین. لادەکەمەوە و سەیری لای خواروو دەکەم. کاروانەکە کۆتایی نیە. یەک لە دووای یەک ماشین دێن. دەڵێم دەبووا زوو بمانزانیایە، ئاخر کوا حیزبەکان ئەوەندە ماشین و ئیمکاناتیان هەبوو! لانیکەم تۆ دەبووا ئەمەت بزانیایە! دەڵێ وەک وتم قسەی زۆر و بینینی کەم. مەگەر من لەوە پێش ستوونم بینیبوو؟ راستەکا نەیبینیبوو. منیش. دەڵێم روخساریشیان میهرەبان بوو، رەنگە بەمە خەڵەتاین. دەڵێ میهرەبانیش بوون. سەرباز بوون. سەرباز کە قاتڵ نین. ئەوان جیاوازن. دەڵێم گەر ئەوانیش جوابی دەست هەڵبڕینەکەی ئێمەیان نەدایەوە، یان بە شێوەی تر جوابیان بداینەوە ئەوا زووتر تێدەگەیشتین. دەڵێ بێگومان بە دەم رێگاوە بە تووش خەڵکی مەدەنی زۆرەوە بوون و کێشەیان نەبووە. ئێمەیش وەک ئەوانی تر. بگرە پێشیان خۆش بووە کە دەستیان بۆ رائەوەشێنین. بۆ رێکلامەی دوواتر پێویستیان پێی بووە. دەڵێم وایە. راستی تۆ ئەو خەڵکەت بینی کە بە عەکسەکانەوە بەرەوپیری لەشکرەکە هاتن؟ نا، نەمبینی. خەڵکی چی و عەکسی چی؟ ئەوسا بۆی دەگێڕمەوە. دەڵێ کۆپتەرەکان نەیانهێشت.

دەگێڕنەوە رۆژێک دارای کارمەند بۆ سەردان دەچێ بۆ ئەو گوندەی وا عەبدول لەوێ مەلا بووە. دەیەوێ سەردانی خزمێکی خۆی بکا. بۆ نوێژی جومعە روودەکاتە مزگەوت و، چاوی بە مەلاعەبدول دەکەوێ. هیچ ناڵێ تا نوێژ تەواودەبێ، ئەوسا بە گۆچانەکەیەوە بە ئارامی دەچێتە لای و دەڵی "مەلاعەبدول خۆ خاسی شوکور؟ تاعەت قبوڵ برای باوام! راستی

پێم خۆشە دووا ئەو گشتە ساڵە بینیگمی، راستی برای باوام خاس ئیمەت لە شار لەلای ئەو قوڕومساخانە جیٚ هێشت و خۆت چەپاندگە ئەم هیلانەیە بە دوور لە چاوگەلی نەحس و پیسیان!" مەلا عەبدول هیچ ناڵیٚ و، تەنیا لە دارا دەڕوانیٚ. ئەوسا دارا لە مێزەرە سپییەکەی عەبدول دەڕوانیٚ و دەڵی "قیتی بووەسە قیت، وا خاس نیە!" دەڵیٚ ئەریٚ کەمێک زمانی تیژ بوو، خۆی نەئەپاراست، بەڵام وادیارە خراپتر بووە. دەڵێم کە ژنەکەی ماستی دروستدەکرد، ئاوی ماستەکە هی ئەو بوو. بۆ فشارخوێن باش بوو. کەس لە بنەماڵەکەیان دەمی لێنەدەدا. دەڵیٚ ماستاو قەت ناتوانیٚ فشارخوێنی دووای شۆڕش دابەزێنیٚ، هیچ یارمەتییەک نادا! ئەوسا بزەیەکی شینی دێتیٚ.

کاروانەکە بەتەما نیە کۆتایی بێت. تۆزێکی خەست بە شوێن زیلە قورسەکاندا بەرزدەبێتەوە و با جاری وایە دەیدا بە سەروچاوماندا. شوێنی ئێمە کە نزمترە لە جادەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر نوقمی تۆزەکە بین. وەک بڵێی با بەرەو کەندرەکە و کونی پردەکە راپێچی دەدا. ئێمە رێک بە لێژایی کەناری کەندرەکەوە راوەستاوین کە لە جادەکە و لە پردەکە بە یەک ئەندازە دوورمان دەخاتەوە. بگرە باڵای من ئەوندەی تر نزمترە، لەبەر ئەوەی لە خوارووتر لە ئەو راوەستاوم.

کتوپڕ هێلیکۆپتەرەکە وەک دێوەزمەیەک دەگاتەوە سەرمان! نا،... ئەریٚ سەرەتا هەیکەلی و ئەوسا دەنگی گەورە و بەسامی، رێک لەوبەری جادەکەوە لە پشت تەپۆڵکەیەکەوە دەردەکەوێتەوە. ئێمە کە لامان وایە ئێستا تەقە لە کاروانەکە دەکا و دەبیٚ بە شەڕێکی سەخت، ئێمە کە لامان وایە کۆپتەرەکە لە پێشدا مەبەستی ئێمەیە و خۆ بە ئێمەدا

دەکێشێ، بەپەلە روو لە کونەکە دەکەینەوە. کۆپتەرەکە وەک جارەکەی پێشوو سوورێک دەخوا و، دیسان دەنگی وندەبێتەوە. ئەمجارە خێراتر. گوێمان لە دەنگی تێپەڕینی زیلەکانە بە سەر سەرمانەوە. قورسن و ناو پردەکە دەنگ دەداتەوە. لەناکاو دەنگ نامێنێ. لە گەڵ خاڵم لەیەکتر دەڕوانین. باشە بۆ دەنگی تەقە نایەت؟ بۆ نەبوو بە شەڕ؟ نەکا هەموو بە یەکرا و خێرا تەسلیمی هێلیکۆپتەرەکە بووبن!؟

شێخ سدیق عومدەفرۆشە و، زۆر هاتووچۆی تاران دەکا. بە گەڵابە باری بۆ دێ و زۆر دەوڵەمەندە. زۆربەی دووکاندارەکانی شار مشتەری ئەون و، لەو شمەک دەکڕن. پیاوێکی دەست و دڵبازە و، بە قەرزیش شت دەدا. مشتەرییەکانیشی ڕێزی دەگرن و، قەرزکوێرنین. دانەوەی قەرزەکانیش دوواکەون، زۆر پڕکێشی لێناکا. جاری وایە وردەفرۆشیارەکانیش دەبەخشێ. شێخ (خەڵکی وەهای بانگ لێدەکەن)، بە جل و بەرگی کوردییەوە دەچێ بۆ تاران. سەرەتا بە مینیبووس دەچێ بۆ سەقز و، لەوێوە سواری ئوتوبووس دەبێ بۆ پایتەخت. عادەتی وایە شەو لە سەقز لە هوتێلێکی ناو بازاڕ دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی دۆست و ئاشنای زۆرە، بەڵام لای هیچیان لانادا. حەزی لە چڵەوکەبابی کوبیدەیە و، لە 'رستورانی پڕشنگ' دەیخوا. لە لالەزاری تارانیش ڕوودەکاتە هوتێلەکان. ئاشقی لالەزارە. خیابانێکی کۆنی تاران کە ناوبانگی هەیە. یەک دوو شەو دەمێنێتەوە، خەریدەکانی دەکا و بە هەمان شێوە سواری ئوتوبووس و مینیبووس دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ بانە.

لە دووای شۆڕش (یەعنی لەدووای گرتنی پادگانی مەهاباد و دەستبەسەراگرتنی ژاندارمری و شارەبانی و ناوەندی رادیۆ لە شاری سنە و هەروەها شەڕ لەگەڵ پادگانی گەورەی ئەم شارە لە لایەن حیزبەکانەوە)، شێخ وەک هەمیشە بە جل و بەرگی کوردی روویکردەوە تاران، بەڵام دۆخەکە لە لای ئەوەندە ئاڵۆز دەهاتە بەرچاو، کە بۆ جارەکانی تر ئەمەی دووپات نەکردەوە. کە هاتەوە، گوتی بەزاتی خوا ئەمجارە دونیا تەواو گۆڕاوە! گوتی ئیتر ناوێرم بە جلی کوردی بچمەوە. رێبواری کوڕی کە بەرپرسی حیزبێکی سیاسی بوو، رووی کردە باوکی و پرسیاری کرد بۆ؟ شێخ گوتی بە خوا کوڕم زۆر چەپ و چیڕ لێیان ئەڕوانیم، ئەڵێی باوکیانم کوشتبوو! چەند جارێکیش لێرەو لەوێ تانەوتەشریان لێدام. پێموابێ گەر ئیمانم نەچووبێ تەماتە رزیوێکیشیان بۆ هاویشتم کە بەرم نەکەوت. بە خوا برا خوا رەحمی کرد و، ئەمجارە نەجاتم بوو. بە غەوس ئەگەر شەریکەکانم نەبوونایە بە زیندووی هەنجڕهەنجڕیان ئەکردم. رێبوار گوتی بێجایان کرد، ئەوەندەیان نەماوە، سەرەونخوون بن. شێخ بە لاچاو سەیرێکی کوڕەکەی کرد و، گوتی بەڕاستە! خۆ ئەوان ئەوەندە نین هاتوونەتە سەرحوکم، چۆن زۆریان نەماوە!؟ رێبواری هەڵیدایە کە بەوە نیە، ئەوان شۆڕشەکەیان دزیوە و، خەڵک لێیان رادەپەڕێت و لێیان ئەستێننەوە. گوتی هێزی کرێکار و زەحمەتکێش لەگەڵیان نین و بە زەبری هێز و بازووی ئەوان تێکیان ئەشکێنین.

شێخ ئەمجارە کە دەچووەوە بۆ تاران، لە سەقز قاتێکی عەجەمی لەبەردەکرد، کڵاوێکی تورکانی لەسەر دەکرد و بنەڕیشێکی ماش و

برینجیشی دەهێشتەوە. ئیتر سەلامەت بوو و هەستی بە ئەمنییەتی تەواودەکرد. بە کەیفی خۆی بە لالەزاردا دەخولایەوە، خەریدی خۆی دەکرد و دەگەڕایەوە. هەرچەند خۆی گوتەنی لالەزار ئیتر لالەزاری جاران نەما و، یەکسەر بە قوڕگیرا. راستە شێخ موسوڵمان بوو ئەهلی نوێژ و رۆژوو، بەڵام ئەم گۆڕانە کتوپڕییەی زۆر لا خەمین دەهاتە بەرچاو. نە لە زریق و بریقی ژنە جوان و خۆشپۆشەکان خەبەرێک مابوو، نە لە باڕ و کافەکان و نە لە دەنگی مۆسیقا و گۆرانی. لەگەڵ ئەوەی جەوێکی هەڵچوو و وزاوی هەوای خنیبوو، کەچی هەموو شتێک چەند مردوو دەینواند. شێخ لەبەر خۆیەوە گوتبووی "بە نەبوونی ژنان چەنە دونیا دەگۆڕدرێ!" ئەوسا زمانی خۆی گەستبوو. شێخ سدیق رووەدەکاتە کوڕەکەی و، دەڵێ رۆڵە گیان زۆرن زۆر لە دەریا دەچن... ئێوەیش کەم و... زۆرتر... زۆرتر لە کەشتی دەچن.

دەڵێم شێخ راستی دەکرد. ئەوە چل و ئەوەندە ساڵ لەو رۆژانە تێپەڕیوە و، خەونەکەی رێبواری کوڕی بەدینەهات. سێبەرەکە دەستێک بە سەروچاویدا دێنێ و، دەڵێ من پێم وایە هەردووکیان راست بوون، هەم شێخ و هەم رێبوار. راستە ئەوان دەریا بوون، بەڵام رێبوار و ئەوانیش شێخ وتەنی کەشتی. دەریایش قەت هەر چەندە پاپۆڕ غەرق کا، بەڵام بێ پاپۆڕ نابێ.

شێخ دراوسێی دارای کارمەند بوو و، هەر لە کۆنەوە یەکتریان دەناسی. لە دووای خانەنشین بوونی دارا، زۆر جار بە گۆچانەکەیەوە روویدەکردە دووکانە جوملەفرۆشییەکەی شێخ، ماوەیەک لایدەدا و باسی کۆن و قسەی رۆژگاریان دەکرد. شێخ بە کوڕەکەی گوتبوو رۆڵە بەخوا

وەک لافاو دێن بە سەرتانا. کەسیش ناتوانێ بەریان پێ بگرێ، ئەوەی من لە تاران و لە شاران بینیوومە خوا رەحم کا! رێبوار گوتبووی بابە تۆ تەنیا روو لە بازاڕ دەکەی و شوێنی تر نابینی. ئاگات لێ نیە شوێنەکانی تر چ بەزمێکە! دارا دەڵێ "چ بێژم شەیخ گیان! شانست نەبوو، ئەمەی جەنابت وەک عەبدول هەڵنەگەڕیاوە، هەر مەحفوز بێت مەحفوز... یاخوا!" شێخ کە ئیتر دەڵێی بۆی گرینگ نیە چەندە پەیدادەکا و چەندە دەوڵەمەندە، دەڵێ بەتەما نەبووم لە ئاخری عومرمدا بەسەر ئەم بەزمەدا بکەوم. باشە کاک دارا گیان تۆ کە پیاوێکی خوێندەواری بەڕای تۆ دنیا بۆ وای لێهات؟ دارا کە هەر دوو دەستی لە سەر قەفی گۆچانەکە بەسەر یەکتردا کەوتوون، دەڵێ "بەخوا شەیخ گیان، کاری جهان گشت رایەک وەها بووگە، جاری واسە کەس سەری لێ دەرناکا، ئەیچە، خوای گورە تەنها خۆی ئەزانێ، کفر نەوێ من جاری وا هەس ئەو فکرەم هەس کە خوا نەعوزووبیللا شەیتانی بەڕەڵڵا کردگە بۆ گیان میللەت!... ئەیچە دەستی لە ئادەمیزاد داشتگە!"

دەڵێ راستی رێبوار چی بەسەرهات؟ ئەمناسی، لە من گەورەتر بوو، کوڕێکی ئیحساسی بوو، ئینسانی چاکیش بوو. دەڵێم ئیستا لە یەکێک لەم وڵاتانی ئۆرووپا دەژی. زۆر خۆی دەرناخا. لە فەیسبووک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا زۆر چالاک نیە، ئەسڵەن هەر نیە. بوو بە قەترەیەک ئاو و، بە زەویدا رۆچوو.

ئەو هیچ ناڵێ، بە خۆم دەڵێم داخۆ دەزانێ فەیسبووک و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان چییە. بەڵام بە رووی خۆمیدا ناهێنم. قەرار لەسەر ئەوەیە دەیزانێ. بەتایبەت کە من نازانم بەڕاستی ئەم ساڵانەی دوایی

لە کوێ بووە و چی کردووە. بەوە نیە من ئاگام لێ نەبووە. کێ چووزانێ بەڕاستی کوشتبێتیان! تازە، ئاوەها کە بێدەنگە مانای ئەوەیە تێدەگا.

دەڵێم یەک لە تاران بەتەمای حکوومەتی ئیسلامی بوو، یەک لە مەهاباد بە تەمای خودموختاری، ئەوی تر لە سنە بە تەمای سوسیالیزم و دووایینیان دیسان لە تاران بە تەمای ڕێگای گەشەی ناسەرمایەداری! ئەوەی یەکەم مایەوە و ئەوانی تر سەری خۆیان هەڵگرت. هیچ کام لەو خەونانە بەدی نەهاتن، ئەوەندەی کە ئەوەی وتی ئیسلام، هەموو شتێکی بە دەستەوە گرت. تەنیا جیاوازییەکە لەمەدا بوو. بەدەستییەوە گرت بێ ئەوەی ئەویش بە خەونەکەی بگا. سەیرنیە؟

دەڵێ ئەی تۆ؟ دەڵێم من نازانم چیم و کێم. بابایەک بە دەیان ساڵە پەڕیوەی وڵاتانە و، زیاتر لەوەی بیر لە داهاتوو بکاتەوە بە رابردووەوە سەرقاڵە. دەڵێم گرینگ نیە لەگەڵ کامەها خەون و ئارەزوویان بووم، گرینگ ئەوەیە کە ئیستاکە دەبینم هیچ شتێک بەدی نەهات. جیهانێک رووخا بە بێ ئەوەی جیهانێکی تری لە جیاتی درووستبێ. یان رەنگە دروستیش بووبێ، بەڵام هیچی ئەوانە نەبوو وا کاتی خۆی بیستمان. دەڵێم لە ساڵی پەنجاو حەوتەوە هیچمان خۆمان نین. پێم وابێ لەوێ بە جێماین.

بە خۆم دەڵێم نەکا هاتنەوەی ئەمشەوی ئەویش ئاکامی بیرکردنەوەی زۆری من لە رابردوو بێت! ترسێکی کتوپڕی دامدەگرێ. ئاه، بەڕاستی من تا چە رادەیەک مافی ئەوەم هەیە بە جاراندا رۆبچمەوە؟ داخۆ ئەمە

تاوانێکی گەورە نیە دەرحەق بە مردووەکان دەیکەم؟ ئایا شەمزاندنی ئارامی و ئاسایشی ئەوان نیە،... ئەو ئارامی و ئاسایشەی وا نیازیان پێی هەیە؟ سوێند دەخۆم گەر هەر ئەمشەو لەم وەزعە رزگارم بێت، لە سبەیەوە ئیتر قەت بیر لە رابردوو نەکەمەوە. هەرچی بوو، بوو. گۆڕی مردوو هەڵدەمەوە کە چی؟ بەتایبەت کە کەس نازانێ تاوانبار کێیە. ئەوسا لە خەیاڵمدا دەچمەوە بۆ شارێکی مەرزیی دوور دوور لە ناوەند کە تەنیا چەند بستێک لەگەڵ خاکی عێراق مەودای هەیە و، کەچی دەتوانێ ئاوەها هەڵگری ئەو هەموو نەهامەتی و رووداوانە بێت. ئێمەیەک کە جگە لە چیا و جگە لە سینەما و ماتۆڕسواری جاربەجاری دەشتی بۆیەن و کێلە هیچی ترمان نەبوو، چ ئاسان فڕێدراینە باوەشی بێبەزەیی دونیاوە. چەند ئاسان سنوورەکان خۆیان بەزاند و کشانەوە و کشانەوە، ئەوەندە کە من بە ئیستایشەوە نازانم لە کوێم و گەر لێرەیش بم نازانم بۆ.

شێخ سدیق جاری وایە شەوانە بە دزییەوە دەچێتە سەر تفەنگی کوڕەکەی و بە وردی لێی رادەمێنێ. 'ژێ سێ' یەکی بێ قۆنداغە. بە دەراغەکەی سەریەوە، چواری تری لە تەنیشتدایە. دەبنە پێنج. وێنەیەکیش بە سەر رەختەکەوەیە. وێنەیەکی رەش و سپی. جەوانێکی جوان و قۆز ریش و سمێڵ تاشراو. شێخ دڵنیایە عەکسی شەهیدێکە. یەک لەوانەی کە ساڵانی ساڵ لەوە پێش بە دەستی حەمەرەزاشا کوژراوە. چۆن؟ نازانێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ ئەو گەوادەیش ئەم کارانەی کرد بۆیە وای لێ بەسەرهات، مەگەر پیاو دەتوانێ هەر ئاوا کوڕی خەڵکی بکوژێ؟ هیچ شتێک وەک خوێن نیە، داوێنی خۆت دەگرێتەوە،

**تەنانەت گەر هەزارساڵیشی لێ بەسەر بچێ، خوای گەورە لە خۆوە کوشتنی عەبدی بە دەستی عەبد مەمنوع نەکردووە. دەستێک بە تفەنگەکەدا دێنێ. لە ژوورەکەیشدا، ساردە. دەست دەگەزێ. دارای کارمەند دەڵێ "ڕەزاشا گشتێک کاری ئەنجامدا بەخاتر ئوەی مەملەکەت لە هەرکی بە هەرکی رەهابکا، تفەنگی لە دەس مەردم سەند، لە دەس تالانچی و دزی سەند، کەچی ئەوا دیسان کەفتگەوە دەس خەڵکی!" شێخ هیچ ناڵێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ نەکا کەسێ بێ و گوزارشم لێبدا و، ڕێگای تاران و کاسبیم لێ حەرام بێت. توڕەییەک بەرامبەر بە ڕێبوار دایدەگرێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ گەر وایلێهات ئەمجارە ڕوودەکەمە تەورێز. ئەوسا بیری کڵاوەکەی دەکاتەوە. چەند بە ڕێکەوتێکی سەیری دەزانێ.**

**سێبەرەکە دەڵێ کارەکەیان ئاڵۆزکرد، ئەوەی وا وەعدیان دا بیانکردایە ئیتر وای لێ نەئەهات. قسە لەسەر فەرامۆشکردنی بەڵێنەکانە.**

**من کە دەرفەتم بوو لێرە دەرس بخوێنم و لەتەمەنێکی سەردا دیسان بچمەوە پشت مێزی قوتابخانە، دەڵێم مەگەر لە کوێ وەعدەکانیان بردە سەر تا لەوێ بردبێتیان؟ ها، لە کوێ؟ ئەوسا بە خۆم دەڵێم بڵێی باش لە کتێبەکان حاڵی بووبم؟ منێک کە بە زمانێکی سەقەتەوە خوێندم؟ منێک کە هێشتا زمانی ئەم وڵاتە بە ڕادەی پێویست فێرنەببووم؟ بەڵام نا، دڵنیام باش لە کتێنەکان حاڵی بوومە. باش حاڵی بووم چونکە بە پێچەوانەی ئەوانی تر، واتە هاوپۆلەکانم، بۆ نمرە نەمخوێند و، بۆ تێگەیشتن خوێندم. خاو بووم، بەڵام قووڵ. جاری وابوو بە سەعات بیرم لە ڕستەیەک دەکردەوە،... بیر لە پاراگرافێک. قسەی**

فەیلەسووفەکان لەسەر چەمکی سیاسەت. نا، دڵنیام باش حاڵی بووم. بۆیە روو لە سێبەرکە دەکەمەوە و، پێدادەگرمەوە کە لە کوێ بەڵێنیان بەسەربرد تا ئەوان بەسەریبەرن؟ مەگەر بۆخۆی یەکەم کەس نەبوو بوو بە قوربانی فەرامۆشکردنی بەڵێنەکان؟ ئاه، خاڵم هەمیشە سادەبوو، ساویلکە و دڵ و دەروون پاک. رەنگە تاوانی باوەڕکردن بە خوا و بە ئەشقی ناو فیلمە هیندییەکان بوو، یان رەنگە تاوانی خاوێنی و جوانی سروشت بوو کە نەیهێشت دەروونی ئینسانەکان باش بناسێ. سروشت زیاد لە رادە ئەوی داگیرکردبوو.

شێخ روودەکاتە دارای کارمەند و، دەڵێ پیاو گەر لە دەرەوەی سەربازی دەستی لە چەک درا ئیتر قوڕدەکرێ بە سەریا. پێی رادێ و خەیاڵی نابەجێ لەگەڵ خۆی دەیبا. دارا دەڵێ "ئەیچە بووچەنا!"

لەنەکاو یەک دەنەڕێنێ. وەک بڵێی کونی ئاوەڕۆی ژێر پردەکە کە بە بۆرییەکی ئاسن چێکراوە، لەوانەیە لەبەری هەڵوەشێ! سەرەتا، بە دەستی چەپدا دەڕوانم. ئەوسا بە دەستی راستدا. لەو سەری کونەکە جەستەی نەفەرێک دەبینم کە بە هۆی رووناکیی دەرەوە لە تاپۆیەک دەکا. سەری دانەواندووە، بە تاپۆیەکی تر کە لە تفەنگ دەچێ، نیشانەی لە ئێمە گرتووە و بە فارسی دەنەڕێنێ کە بچینەدەرەوە. لەبیرم نایەت چ کەلیمە و رستەیەکی بەکاربرد. هەر ئەوەندەم لەبیرە زۆر تووڕە بوو و، بۆیە دەبێ جوێن و وشەی ناشیرین و هەڕەشەئامێز لە دەنگە ترسناکەکەیدا بووبێ. کە بووە. قاچ و قولی دوو سێ نەفەری تریش هەتا کەمەریان لێمانەوە دیارن. ئەوانیش چەکیان پێیە، جاروبارە کوڕدەبنەوە و هەوڵدەدەن لە ناو پردە تاریک و تەنگەکە بڕوانن. من بە پەلە لە خاڵم دەڕوانم. من لە چەکدارەکان نزیکترم. ئاگام لێیە خاڵم بە پەلە دەست دەکا بە گیرفانی پانتۆڵەکەیدا و چەند شتی بچووک و درێژ دەردێنێ و بە هەڵپەهەڵپ لە ناو خۆڵی بەردەمیدا

چاڵیاندەکا. بە سەرسووڕمانەوە لێی دەڕوانم. ئەمە چییە؟ هەر چەند هیچ وشەیەک لە دەمم نایەتە دەرەوە.

پانتۆڵی کوردی خاوەن گیرفانی گەورە و رەهۆڵە. جێی زۆر شت دەبێتەوە. پانتۆڵەکەیش بۆ خۆی رێک وەک گیرفانەکانی وایە و کاتێک چین چین بە سەر دوو گیرفانەکانیدا دێتەوە، ئیتر تێگەیشتن لەوەی کەسێک شتێکی لە گیرفاندایە یان نا، کەمێک زەحمەت دەبێ. مەگرە ئەوەی زۆر بە وردی سەرنجت بچێتەسەری. یان کەسەکە شتی زۆری پێبێ. دەرفەت نیە بپرسم ئەوانە چین. نەڕەنەڕەکە لەوە ترسناکتر و بە سامترە مەجالی وەها پرسیارێک هەبێ. خاڵم بە دەستە خۆڵاوییەکانی تێمدەژەنێ کە یاڵڵا بۆ دەرەوە! ئەوسا پێشم دەکەوێ. نەوی و بە هەنسکەهەنسک و بەپەلە. شانی، روخسارم دەپێکێ. منیش بە زەحمەت هەڵدەستم و بە شوێنیدا.

دەڵێ ئەو رۆژە نازانم ئەو گێژیەتییە چی بوو کردم و، ئەو شتانەم لەگەڵ خۆم هەڵگرت. دیارە ماوەیەک بوو لە گیرفانما بوون. ئەم لاولام پێ ئەکردن. دەڵێم خۆ تۆ ئەندامی هیچ حیزب و دەستەیەک نەبووی و کارت بە سەر هیچەوە نەبوو، ئەمانە چی بوون هەڵتگرتبوون؟ ئەمە دەڵێم و دەستبەجێ پەشیمان دەبمەوە. نەک تەنیا لە خودی قسەکە، بەڵکو لە شێوازی دەربڕینەکەی. جۆرێک تووڕەییان تێدایە! باشە لە چی تووڕەم؟ رەنگە لە مردنەکەی و... ئاە، لەوەی کە مردنەکەی بوونێکی هەتاهەتاییە. دەڵێ ئەو رۆژە لەدووای ئەوەی خێزان رۆیشتن و ماڵ چۆڵبوو، بەدەم ناشتاخواردنەوە گوێم لە رادیۆی تاران گرت. باس باسی فەرمانی جیهاد دەرکردنی رێبەر و کوردستان و پاکسازی و شەڕ و

شتی لەم بابەتە بوو. ئەوەیکە هێزەکانی سوپا چەندین شاریان گرتووەتەوە و ئیستاکە بەرەو شوێنەکانی تر جووڵەیان پێکراوە... لە سەقز خەڵکیان ئیعدام کردووە و ئیتر شتی وا... بێتاقەت بووم لەم وەزعە و خستمە سەر رادیۆ کەرکووک. گۆرانیی تیپی مۆسیقای سلێمانی و باوەجیی کۆیە... تۆزێک حاڵ و هەواکەم گۆڕی. رادیۆکە زۆر باسی لە کوشتنی زددی ئینقلاب ئەکرد. بە خۆم وت منیش بڕۆم باشترە و، بۆ ماوەیەک لە شار دوورکەوینەوە. ئەوانەیشم لە گیرفانما راگرت وتم با لەماڵەوە نەبن باشترە، چووزانم... چووزانم رێک بەدەم رێگاوە بە تووشیانەوە ئەبم! هههه سەیرە.

سێبەرەکە پێدەکەنێ. پێکەنینێکی سێبەراوی! تێکەڵێک لە تاریکی و روونی و رەنگی خۆڵەمێشی. وەک دەرەوە. جاری وایە هەستدەکەم گەر کەمێک زیاتر گوێڕادێرم، دەنگی کۆپتەرەکەیش بە هەمان روونیی جارانەوە دەبیستمەوە. کەواتە دەنگ هەموو شتێک لە خۆیدا رادەگرێ. زەمەن تیایا نامرێ. لە رابردوویەکی دوورەوە هەتا ئەم ساتەوەختە. دوورتریش... بەرەو داهاتوو. خۆشحاڵم مردووەکانمان جێمان ناهێڵن، هەرچەند سێبەرئاسایش... هەرچەند تێکەڵێک لە بەخشینی هەراسناکی و... لە غەم و لە یادەوەرییەکی بزۆک.

وەک هەمیشە نان و ماستێکم خوارد، چاییەک و جوان جوان دەرگای ماڵەوە و دووکانەکەم قوفڵدا و بەڕێکەوتم. لەسەر بانیش دوو کۆترەباریکەم بینی،... قوتەی ئاربەبایش کە لە پشت ماڵی دراوسێکەمانەوە خۆی ئەنواند. بە خۆم وت گەر ئەم رۆژانە تەواوبن ئەوا دیسان لەگەڵ تۆ ئەچینەوە. راستی ئەزانی کە لە دووای ساڵی

پەنجاوحەوت ئیتر سروشتیش بە حاڵ و هەوایەکی ترا کەوت؟! ئەویش وەک خۆی نەما.

نا، پێموابێ من پێش ئەو کەوتم. لە کونەکەدا دەڵێم. لە بیرم دێ کاتێک وەدەرکەوتم، هەیکەلی گەورە و ترسناکی کەسێکم بینی بە ژێ سێیەک بە دەستەوە و بە چەفیەیەک بە دەوری ملییەوە و ریش و سمێڵێکی زۆر. قژێکی لوولی تێکچرژاو و تەپ و تۆزاوی، شەڵوارێکی رەنگ سەربازی و کراسێک، کە رەنگەکەیم لە بیرنەماوە دادراوە بە سەر شەڵوارەکەیدا. ئەو خەشابانەیش کە بە دەوری کەممەرییەوە بوون. دەمی... دەمە زل و بە دیانە ترسناکەکانییەوە کە بەردەوام دەینەڕاند و کەفی دەپژاند. من پێموابوو سەرەتا دەبێ بچمە ناو دەمییەوە. هەستم دەکرد بەرەو ئەوێ بانگم لێدەکا. هاوکات دەشمزانی تیایا جێم نابێتەوە، بۆیە مابوومەوە داخۆ چی بکەم... خۆمی تێهاوم یان نا!

سێبەرەکە پێدەکەنێتەوە. دیسان ژوورەکە سێبراویتر دەبێتەوە. پەیامێک دێتە سەر موبایلەکەم. هاوکارێکمە، بەو نیوەشەوە دەڵێ کە سبەی کەمێک درەنگ دەگاتە سەر کار! چ شێتێکە! بێگومان سەرخۆشە. دێتەوە بیرم کە سبەی دەبێ بچمە سەر ئیش. سبەی دووشەممەیە و ئەمڕۆ یەکشەممەی پشوو. مەگەر دەبێ؟! نا نا، دەبێ بخەوم. بۆ منێک کە ئەو هەموو دەواودەرمانە دەخۆم و شەکر و فشارخوێن و چەوریی خوێنم هەیە، باش نیە. گوێم لە قیژەکەی مونک دەبێتەوە. دەست بە گوێمەوە دەگرم و، چاوەکانم دەقونجێنم. بەڵام سێبەرەکە گوێی لێ نیە و، لە پێکەنین بەردەوامە. دەڵێ نازانم چۆنت لەبیرماوە، بەڵام من بووم لە پێشەوە رۆیشتم. جوان ئەمەم لەبیرماوە چونکە ئەبووایە ئاگام لێت

بووایە. پێشکەوتنەوەت لە کونەکەیا زەحمەت بوو، بەڵام پێشت کەوتم. راستی پیاوی چاکیش بوو تەقەی لێنەکردین و ئەو ژێرەی لێنەکردین بە گۆڕی هەتاهەتاییمان!

من خۆم بە ناو دەمیدا نەکرد. دەمەکە هاواریکرد "بخواب کرەخر!" مەبەستی چی بوو؟ بۆ بخەوم؟ بەڵام زرمەی قۆناغە تفەنگێک بە سەر پشتی خاڵمدا کە دەمەونخوون خستی، پێی گوتم یەعنی ئەوەیکە پاڵکەوم. بەپەلە خۆم بە عەرزدا دا. هەناسەی داغی خۆم بە روومدا دەهاتەوە. بۆنی خۆڵی گەرمی مانگی خەرمانان کە لە ژێر هەتاودا برژابوو، ناو کەپۆمی خنی. لەو دیوی قاچەکانییەوە، لەو دیوی پۆستاڵە رەشەکانییەوە، بە لێژایی گڵەسوورەکەدا کە سەردەکەوت و دەچووەوە دەشتی کەریماوا، پەزپەزۆکەیەک دەبینم. ناشیرین و قێزەون کە هەوڵدەدا خۆی ونکا.

قوڕماندەگرتەوە و کاکڵەمووشانمان سازدەکرد. سازکردنی ئاسان نەبوو. دەستوپل و جلوبەرگ و پێڵاوەکانمان تێوە دەگلاند. شۆردنەوەیان ئاسان نەبوو. ئافتاوەیەکی شکاو، کە هەمیشە لە حەوشی مەدرەسەکەی بەر کۆلانەکەمان پەیدادەبوو، پڕی ئاو دەکرد و دەستمان پێدەکرد. سازکردن و رووخاندەوەی هەمیشە سەرنجڕاکێش بوو. تەنیا لەقەیەک بەس بوو. ئەوسا لەسەری هەڵدەپەڕاین و بەپەلە دووردەکەوتینەوە. بۆنی خۆڵ و قوڕ، هەتا ماوەیەکی باش بە پەنجەکانمانەوە دەمانەوە. پەزپەزەکە دەڵێی سەری لێشێواوە. هەر جارەی بەلایەکدا دەڕوا. من هیچ قۆناغە تفەنگێکم بەرناکەوێ. جەستەی لاوازی خاڵم دەبینم کە بە کراسە زەردە خەت خەتخەتییەکەیەوە لەسەر عەرزەکە پاڵکەوتووە و بە ئاستەم

دەلەرزێ. پیاوە ریشنە تووڕەکە وازناهێنێ. بەردەوامە لە نەڕاندن. دانەویوەو دەڵێی دەیەوێ بە دیانەکانی سەری پەیکەرەکەی بەردەمی هەڵکەنێ. وەک چۆن پەزپەز سەری مێرووولە.

دەڵێ هەڵەی! لە ناوچەی ئێمە پەزپەز دەستناکەوی. دەڵێم بۆ خۆم بینیم بە چاوەکانی خۆم. پێداگرە. نا، لەهەڵەیای، ناوچەی ئێمە نیەتی. نەکا لە سنە پەزپەزم بینیبێ؟ چەند ساڵ لەوە پێش لە یەکێک لە ئیستەخرەکانی ئاویەر؟ کاتێک لەگەڵ مامم و رفیقەکانی چووبووین؟ دەڵێم رەنگە خۆیان زۆر دەرنەخەن، ئەگینا حەتمەن هەیەتی. سێبەرەکە بێدەنگ دەبێتەوە.

ئەنوەر رقی لە کایەی کاڵەمووشانە و، پێی وایە کایەیەکی کچانەیە. ئەنوەر دەڵێ کە من زۆر کچانەم. هەمیشە لەگەڵ کچانی گەڕەکم و لەگەڵ ئەوان کایەدەکەم. ئەو کە تەنیا ساڵێک لە من گەورەترە حەزی لە حەلەوێنە. دوو کۆڵان ئەولاتر، باو باوی حەلەوێنە. ئەو هەمیشە لەوێ کەوتووە. خۆی دەگرێ و، بە فیزەوە هەنگاو بە سەر خاکی کۆڵاندا هەڵدێنێ. ئەنوەر لە کاتی خۆپیشاندانەکانیشدا قەت رووی نەکردە خیابان. رەنگە تەنیا جارێک ئەویش بۆ ئەوەی بزانێ ئەمە چییە. کەچی بە خومپارەیەک لە کاتی حەلەوێندا کوژرا! لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا. ساڵێ دووای بەزمی پردەکە. ئەنوەر وەک بڵێی گوێ و چاوی لە ئاست رووداوەکانی دونیاد کەڕ و کوێرە، گوێی بە هیچ نەدەدا. وەک بڵێی هاوەن فشەیە!

خاڵم چنگی لە خۆڵەکە دەگیرێنێ. لە ترسی ئەوەی نەکا چاویلکەکەی بشکێ، کەمێک سەر هەڵدێنێ. ریشنە تووڕەکە دەقیڕێنێ. ئەمجارە خاڵم

**ڕێگایەکی تر دەبینێتەوە. بەسەر گوێچکەی ڕاستیدا سەر دەخاتە سەر زەوی.**

**دەڵێ بەڕاستی ترسام. قۆناغە تفەنگەکە زۆر ڕەق بوو و ئێشی یەکجار زۆر. ڕاستییەکەی نەمئەزانی چی بکەم. هەر لە بیری تۆیا بووم. هەوڵم ئەیا لابکەمەوە و بزانم چۆنی، چەند جار ویستم هاوارت لێبکەم، نەموێرا، ویستم بڵێم ئاگایان لێت بێت کە ئامانەتی و مناڵ! هههههە... بەڵام خۆ ئەو سەگ...**

**لێرەدا رادەوەستێ. لەبیرمە هەمیشە لەفزی سەگبابی وەک کەلیمەیەکی خۆش لە سەر زار بوو. ئا، وەک لەفزێکی خۆش و نەک وەک جوێن. ئەو قەت جوێنی نەدەدا.**

**پەزپەزە کێویلەکە لە هەوڵی بێ وچاندایە. ئەمجارە هەراسانتر. هەبوونی ئەو هەموو بنیادەمە و ئەو گشتە ماشینە سەربازییە کە بەڕیز لەسەر جادە خۆڵینەکە ڕاوەستاون، بێ ئۆقرەی کردووە. ڕاستی ئەمڕۆ چ خەبەرە؟ دەلێم پەزپەزۆکە دەڵێی هەمان جاڵجاڵۆکەیە کە بە چواردەوری خۆیدا کشاوە و زل بووە. تووکن و ناشیرین. من ئەو ڕۆژە جوان بینیم. ڕەنگە تەنیا لە دەشتی کەریماوا دەستکەون؟ ڕێک لەولاتری چایخانەکەی حەسەن زیرەکەوە؟ ڕەنگە ئارەق و بەزمی هەڵپەڕینی ئێواران و شەوانەی ئەو ساڵانە، منداڵدانی لەدایکبوونیان بن؟**

**باوکی ئەنوەر جاترەخۆر بوو. قەت باوەڕی بە دکتۆر و شتی وانەبوو. دەیگوت جاترە دەرمانی دەردە. چڵک لە بەدەنتا ناهێڵێ. دەیگوت خۆ خودا دەرمانی دروست نەکردووە، خودا هەر بە گیا و گوڵ چارەسەری نەخۆشییەکانیشی دۆزیوەتەوە. ئەوی تر زیادییە. گەر نەخۆشییەکیش**

**بە گیا و گوڵ چارەسەر نەکرێ، مانای ئەوەیە خوا رای لەسەر مردنی نەخۆشەکەیە و، ئەبێ بمرێ! باوکی ئەنوەر زۆر رقی لە درێژبوونەوەی تەمەن بە هۆکاری دەستکرد بوو. بۆیە کە کوڕەکەی کوژرا، دەستی ئەوەی وا لە ناو زیندەوەرەکاندا مابووی، گرت و سەری خۆی هەڵگرت و رۆیشت. دەڵێن چووە بۆ بۆکان، یان رەنگە میاندواو. نازانم.**
**کابرای ریشن کراسەکەی خاڵم لە پشت ملییەوە دەگرێ و، بەرزیدەکاتەوە. کراسەکە قرچەی دێ و دەدڕێ. جەستەی خاڵم دڕدۆنگ لەناو راکشان و بەرزبوونەوە، وەک قەفی گۆچانەکەی دارای کارمەندی لێدێ! دارا کە لە ماڵە دوو قاتە تازەکەی خۆی روو لە ئاربەبا دانیشتووە، بە هاوسەرەکەی دەڵێ "ژنەکە تا نوێج عەسر چەنەی ماگە؟"**

باکووری ئۆرووپا لەناو تاریکیی و سەرمای وەرزی سەهۆڵبەندانی ساڵدا شێتانە گێژو لوول دەخوا. من کە بە سەرماکەی راهاتووم و بەڵام قەت بە تاریکییەکەی نا، بە خۆم دەڵێم بڵێی رۆژێک لە رۆژان ئەمەیش تەواوبێت؟ وشیاری هاوڕێم کە لە بانە دەژی و لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندیمان هەیە، دەڵێ ئەی چۆن تەواونابێت! منیش کە تاقەتم نیە بۆی شی بکەمەوە مەبەستم لە تەواوبوون چییە، تەنیا بزەیەکی تاڵ دەنیشێتە سەر لێوەکانم. ساڵانی ساڵ لەوە پێش کاتێک چووم بۆ سەربازی، هەوەڵ رۆژ لە پادگانی' سفر یەک'ی تاران، یەکێک لە گرووبانەکان گوتی دوو سەعات کاتتان هەیە، بڕۆن ئیستراحەتێک بکەن و سەری سەعاتی چوار لە دەرەوە بن، هەموو شتێک ئیتر دەست پێدەکا، لە کاتژمێر چوارەوە چیتر ئێوە خەڵکی مەدەنی نین. من کە بە کەواوپانتۆڵەوە چووبووم بۆ تاران، ئارام جانتاکەم دانا و، لە قاتی خوارەوەی تەختێکی دووقات پاڵکەوتم. سەربازەکان بە سەر دوو ژووردا (ئاسایشگا) دابەش بوون. هەموو چەند بە بێدەنگی دەجوڵان! کەس کەسی نەدەدواند. غەمێکی نادیار ژوورە

**گەورە و پان و بەرینەکەی داگیر کردبوو. پەنجا کەسێک دەبووین. جگە لە جیڕەجیڕی تەختەکان و هەناسەی قووڵ و ویزەویزی مێشی سەر شووشەی پەنجەرەکان هیچی تر نەدەهاتە گوێ. راکشام، دەستم خستە بن سەرم و بیرم لە دوو ساڵی داهاتوو کردەوە. دووووو... ساڵ ڵ ڵ ڵ....! ئەو هاوینە نا ئەوی تریان، یەعنی دوو پاییز، دوو زستان، دوو بەهار، و دوو... ئاە! چاوەکانم قونجاند و هەوڵمدا بیر لە شتی تر بکەمەوە. بۆ وێنە... بۆ وێنە لە بیرەوەرییەک. هیچ نەهاتە زەینمەوە. کات هەموو دەروونمی داگیرکردبوو. ژیان کە زۆر ئاسان تێدەپەڕی، لەنەکاو چەند ئاسان چەقیبوو! بە خۆم گوت دڵ ناسک چیتە! نەمری؟ بێسوود بوو. ئەوسا بینیم لە ژێر تەختی قاتەکەی سەرەوەم دنیایەک شت نووسراوە. هی سەربازەکانی پێش من. دارەکە رەشی دەکردەوە. "خۆشم دەوێی یارەکەم!"، "ئای شارەکەم!"، "خۆشەویستم دەگەڕێمەوە!"، "کۆڵان و خیابانەکانت کوا لە خەیاڵ دەردەچن!"... "ئاە دایکی خۆشەویستم!" وشەی دایک تەنیا وشەیەک بوو کە زیا لە هەر شتێکی تر دووپاتدەبووەوە. کتوپڕ چاوم بە رستەیەک کەوت کە رایچڵەکاندم "سەرباز! دوو ساڵ چییە، تەمەنیشت تەواودەبێ!" راچڵەکام، هەستام و لە سەر تەختەکەم دانیشتم. زیت زیت لە دەورووبەری خۆم رووانی. ویستم هاواربکەم هەستن، چیتر خەفەت نەخۆن کە کات بێ ماناترین شتی جیهانە. ویستم بڵێم ئەم رۆژانەیش وەک بای سەرسەرِ تێدەپەڕن،... بەڵام هیچم نەگوت. قسەکانیشم وەک خودی کات چەند بێمانا دەرچوون!**

سێبەرەکە گوتی راستی چۆن دەگوزەرێ؟ دەبینم زۆر دوور کەوتوویتەوە! گوتم لە بیرت ماوە 'کەیهان بەچەها'ت٢٥ دەکڕێ و چیرۆکی وێنەییەکانمان پێکەوە دەخوێندەوە. یەعنی بۆت دەخوێندمەوە. باسی تارزان و باسی وایکینگەکان؟ ئێرە وڵاتی وایکینگەکانە. ئەها دارستانە چر و پڕ و سەرسەوزەکانی ناو وێنەکان لەگەڵ ئەو مرۆڤە ریشن و قژن و پێستی مەڕ لەبەرانەی بە تەور و شمشێر و تیرو کەوان بە دەستەوە...؟ ئێرە ئەوێیە. تەنیا بەو جیاوازییەوە کە لەو ساڵانە یەکجار زۆر تێپەڕیوە. ئیتر خۆشیان خۆیان ناناسنەوە. گوتی پێت وایە ئەمە نازانم... ئەوەننە گێلم؟ بەپەلە وەڵامم دایەوە کە نا نا مەبەستم ئەوە نەبوو، ویستم تەئکیدێکم کردبێ. جاری وایە سەرما و تاریکی و... تەنیایی سەر لە پیاو دەشێوێنێ و، زۆر شتی لەبیر دەچێتەوە. گوتی بەو حسێبە بووایە ئەبووا تۆیش نەناسمەوە. ئاە، راستدەکا. لەو کاتەوە ئەو لەوێ لەو قوژبنە دانیشتووە من چەندە خۆم وەک چل و ئەوەندە ساڵ لەوە پێش دێتەوە بەرچاو. وەکوو منداڵێک... مێرمنداڵێک. گوتی خڕ و تێکسمڕاو و کەچەڵت لێدەرچووە. پشت کەمێک کووڕ و مل رۆچوو لە ناو شانەکانتا. نیوەی پەنجەرەکەت داگیرکردووە. شەرمێک لە خۆم دایگرتم. لەوەی گەورە نابم، لەوەی سەرەڕای گەورەبوونم بەڵام ئەوەندە ئاسان منداڵ دەبمەوە،... بە خۆمدا شکامەوە. بەڵام گوتم دەزانی بۆنی ماتۆڕەکە و تۆزی دەشتی کێلە دێتەوە لووتم؟ گوتم دەزانی بەردەوام چاوم لە پشت ملی جارانت و قژی لوولی ئاڵۆزکاوی پشتە سەرت و بۆنی ئارەقی بن باخەڵتە کە با دەیهێنێ؟

سەعات چوار، ژیانی مەدەنی تەواوبوو. کە هاتمەدەر، ویستم وەک دوو کاتژمێر لەوە پێش لەگەڵ گرووبانەکە قسەبکەم کە لێم مۆڕبووەوەو، دەنگی دام "جوان راوەستە سەربازا!" هاواری کرد کە چیتر چەند سەعات لەوە پێش نیە. بەم شێوەیە زۆر خێرا لێک بووین بە غەریبە، غەریبیەکی ترسناک.

گوتم سالانی دوواتر کە چووم بۆ سەربازی، بیرم لە چاوانی سەربازەکانی ئەو رۆژەی سەر پردەکە کردەوە، سەربازی ناو زیلەکان. چەند چاوی ئێمە و ئەوان ئیستاکە لەیەک دەچوون! گوتی سەربازا؟ سەربازی چی؟ مەگەر تۆ لەگەڵ ئەوان سواربووی؟ ئەویان ئەو رۆژە لەگەڵ 'جیپ'ێک بردبوو. جیپی ئەفسەرەکان. گوتم ئا لە گەڵ ئەوان سواربووم.

لێرە دەکرێ تا دوو هەفتە دونیا هەور و هەڵا بێت، بەفربارینێکی بەردەوام و بێ وچان. کە بە جادەی گەڕەکدا لێدەخورێ، خانووەکانت لێ ونە. گەر هۆکار ئەم بەفرەیش نەبێ، تاریکی دەبێ بە دێوەزمەیەکی راستەقینە. وەک چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵی. بەفر دەبێ بە فریشتەیەکی قەدبلێندی باڵاپۆش سپی. لەبەر خۆمەوە دەڵێم دەزانێ و بۆیە هاتووە. دڵنیام گەر بچمە دەرەوە، جێ هەنگاوەکانی دەبینم بە سەر بەفرەوە کە تا ئەوپەڕی باکوور دەکشێ. ئەو جێ هەنگاوانەی هیچ گەردەلوول و باو بۆرانێک ناتوانن ونی بکەن. لای من ئەو لە شوێنێک لە بەستەڵەکی جەمسەری باکوور دەژی.

دەڵێم رستەکە بە قەڵەمی رەش نووسرابوو... نا نا هەڵکەندرابوو،... بە چەقۆ. وەک بڵێی نووسەرەکەی دەیویست نەوە لە دووای نەوە تا ئەو

**تەختەخەوە هەبوو، سەربازەکانی تر لە سەر حەقیقەتێکی ترسناک ئاگاداربکاتەوە. وەک بڵێی ویستوویەتی بڵێ لە کات بگە و ئیتر ژیان ئاسان بگرە! باشتر بڵێم کە لە کات گەیشتی تەحەمولی هەموو شتێک ئاسان دەبێتەوە. دەبی بە شەپۆلێکی سەر دەریا... بێ کێشە بە نەرمی و بە بێ هیچ چەشنە گرێ و گۆڵ رادەخوشی.**

**وەک بڵێی باسێکی غەریبی بۆ دەکەم، بە تەعەجوبێکی سێبەرانەوە لێم دەڕوانێ. دێتەوە بیرم ئەو ئەوەندە نەژیا تا بگاتە ئەمە. تەنانەت گەر بە دەیان جار لە کێوەکانەوە لە رۆژئاوای رووانیبێ و بە خێرایی سەد یان سەد و بیستیش دەشتی کێڵەی با ماتۆڕ بڕیبێ. پەشیمان لە باسەکەم، دەڵێم تا گەیشتی خۆ سەرمات نەبوو؟**

**وشیاری هاوڕێم نازانێ کە تەواوبوون لای من پەڕینەوەیە لەم بەری جادەوە بۆ ئەو بەری جادە. چاکتر بڵێم لە نێوان گەڕەکەکەی ئێمە و گۆڕستانەکەی شارەکەمان جادەیەکی سەرەکی هەیە کە دەوری ئەم وڵاتە دەداتەوە و بگرە بە ناو هەموو ئۆرووپایشدا دەڕوا. جادەی ئێ سێکس. تەواوبوون لای من پەڕینەوە لەو جادەیەیە. لەماڵەوە تا قەبرستان. دیارە وشیار ناحەقی نیە، ئەو بەمە نازانێ. ئەگەرچی جیاوازییەکی ئەوتۆیش لە نێوان قسەکانماندا نیە!**

**سەربازەکانی پادگانی سفر یەک، لە دووای دوو رۆژ، شەکەتییەکی سەیر بە روخساریانەوە دیارە. گرووبانەکان نرکەیان دێت. هەموو شتێ دەبێ بە فرمان و بە ملکەجبوون و پێملی. کات کتوپڕ ئەوەندە قورس دەبێ و، ئەوەندە بە کاوەخۆ تێدەپەڕێ کە هەموو لایان وایە دوو سەد ساڵە لێرەن. پێرێ وەک سەردەمی قاجاڕ دێتە بەرچاویان. نەکا لەگەڵ**

**عەبباس میرزای سوپاسالار لە شەڕی قەفقاز بووبێتن و بەڕاستی لە دژی رووسەکان شەڕیان کردبێ؟! فەرماندە دەڵێ بەختتان هەیە شەڕی ئێران و ئێراق تەواوبووە، ئەگینا لە دووای دوو مانگ لەوێ خۆتان دەبینییەوە! دڵنیام بەشێک لەوانەی وا لەگەڵ کاروانە سەربازییەکە روویان لە شارەکەی ئێمە کرد، ئەگەر لەوێ نەکوژرابن ئەوا لە شەڕی ئێران و ئێراقدا کوژراون. بە چاوەکانیان و بە شێوەی نیگایاندا دەزانم. مردن بۆ خۆی دەدوێ، بە بێ ئەوەی کەسەکە بۆ خۆی بزانێ.**

**سێبەرەکە دەڵێ خەیاڵات سەریان پێهەڵگرتووی، وا باشتر نیە کەمێک شوێن بگۆڕی؟ دەلێم چۆن؟ دەڵێ مەسەلەن شوێنی تەختی خەوەکەت بگۆڕە! بزەیەکم دێتێ و دەڵێم حەک ماڵتە پێم وابوو ئیستا باسی وڵاتێکی تر دەکەی. دوواتر تێدەگەم کە ژوورەکە وەهایە ناتوانم شوێنی تەختەکەیش بگۆڕم. گەر بیگۆڕم ئیتر لە درگاکەوە ناتوانم هاتوچۆ بکەم.**

**وشیار لەمێژە ژنەکەی نەخۆشە. دەڵێ زۆر دڵی پێوەیە ژن بێنێتەوە. دەڵێ بە شەرع و بە ئینسانیەتیش مافی خۆیەتی. بەڵام هاوکات بەزەیشی بە ژنەکەیدا دێتەوە. کاتی خۆی بە حەزلێکردووی هێناویەتی. دەڵێ لە چاوە خەمگینەکانی دەترسم،... نا نا شەرم دەکەم. ئەو کاتێک سەرخۆشە ئەم قسانەم بۆ دەکا. جاری وایە دەگری و، دەڵێ بە شەرەفم لە دڵەوە پێم خۆش نیە. دەڵێم هەتیو سەر و ریشت سپی کردووە و عومری پیرەمەڕێکت ماوە، ژنی چی و شتی چی، ئەگەر بەزمی کێریشتە، کە ئیتر وەک جاران هەڵناستێ، لێشت سووربووەوە جاروبار بچۆ لای قەحبەیەک! وشیار سڕدەبێ. لای سەیرە قسەی ئاوای لەگەڵ دەکەم.**

مەستی لە سەر دەپەڕێ و، دەڵێ هەتیو ئەرێ وەزعت باشە!؟ بیر لە خەرمانانی ١٣٥٨ دەکەمەوە و، دەڵێم ئەی بۆ نا. ڕاستی خەرمانانی ئەو ساڵە وشیار بڵێی لە کوێ بووبێ؟ دڵنیام لەهەر کوێ بووبێ، لانیکەم لە دەشتەکەی بەر بابۆس نەبووە. دەڵێ کچی قەیرە و بێوەژنیش زۆرن. گوناحن. خوا هەڵناگرێ! دەڵێ ئەی بەشەر، بۆ ئەو خوا گەورەیە خوڵقاندوویەتی!

دەڵێم کۆپتەرەکە چاک سەری لێ شێواندبووین! باشە بۆ ئەوەندەی لێ دەترساین؟ سێبەرەکە بزەیەکی دێتێ و، دەڵێ دەنگیشی زۆر زل بوو. دەڵێم وەک دەنگی باوکم کاتێک تووڕە دەبوو. دەڵێ ئەسڵی کاریش ستوونەکە بوو. سەیر نیە؟ دەڵێم سەیرە!

دڵنیام گەر لە باکوور ئەمەمان لێ بقەومایە، وەک چارەنووسی خا گوڵنازی کارەکەری ماڵان و کوڕەکەی عومەرمان لێ بەسەردەهات، لەبەر ئەوەی لەبەر هەورو هەڵا هیچ هێلیکۆپتەرێک هەڵنەدەفڕی و ئیتر تەنیا دەستمان، بە هەڵەیش بووبێ، لە کاروانەکە رادەوەشاند و ئەوانیش بە بێ سڵەمینەوە تێدەپەڕین و ئێمەیش بە بێ ئەوەی بمانگرن سەرەوخوار دەبووینەوە... بۆخۆمان سەرئەنجام دەگەیشتینە دێ و تەواو. ڕەنگە قەتیش چارەنووس، منی بەرەو باکوور ڕاپێچ نەدایە.

ئاغای چەمەدانی لە پەنجەرەکەیانەوە سەیری کۆپتەرەکان لە دوورەوە دەکا و بە ژنەکەی دەڵێ "ئافرەت! بەو چکولەیان ئەڵێن کوبرا و هێلیکۆپتەری جەنگییە و ئەوی تریان کە زل و گەورەیە دوو پەروانەیان پێ ئەڵێن، ئەها دوو پەروانەیشی هەیە! ئەوەی ئەوەڵیان شەڕئەکا و ئەوەی دووەمینیان باربەرییە." بە چاوە زیتەکانی هەڵدەگەڕێتەوە، لە

**ژنەکەی وردەبێتەوە و، دەڵێ "خوایش بە خوایەتی خۆی، خۆی لەبەر ئەوانەیا راناگرێ!"**

**ژنەکەی لێوی خۆی دەگەزێ، بە ئاستەم زلەیەک لە روومەتی خۆی دەوەشێنێ و، دەڵێ "وسبە پیاوەکە، کفر مەکە... زمانت گازبگرە!"**

**ئاغای چەمەدانی، روو وەردەگێڕێ و دیسان لە دەشتەکە دەڕوانێتەوە. ئەزموونی رابردووی پێێ دەڵێ وەزع لەوێ ئەوەندەیش ئارام نیە کە لێرەوە دەینوێنێ!**

***

ئەسحابی کانی سەوز، رێک بە رووبەڕوومانەوە، لە باوەش و بە رنجیرە کێوی ئاربەباوە لە هەموو ئەم دیمەنەی دەڕوانی. یەک دوو ساڵ لەوە پێش بوو بۆ گەشتی زانستی لە لایەن قوتابخانەوە لەوێوە تێپەڕین. ئەسحابی کانی سەوز، کانییەکە بە پشتی گوندی کەریماواوە. بە خۆم گوت خۆزگەم بە خۆت کانییەکە! دیسان بۆنی برژاوی خاک هەناسەم قورس قورس دەکا. لێوەکانم خۆڵاویین. زمانم وشک وشک هەوڵدەدا تفیان بکاتەوە. جورئەت لە کوێی،... داخۆ بوێرم!؟

کەس نازانێ کانییەکە چەندە ئاگای لەم دیمەنەیە. چەند قۆپچەیەکی کراسی بەری سێبەرەکە لە ژێر قورسایی جەستەیدا دەپچڕێ و، شان و ملی بە دەست چەکبەدەستە چەفیە لە ملەکەوە دەردەکەوێ. چەکبەدەستەکە بەریدەدا و، نێچیرەکە زرم دەکەوێتەوە سەر عەرز.

مابوومەوە،... بەڕاستی تیایا مابوومەوە، نەمئەزانی چیبکەم، هەستم، راکشێم، دانیشم... گوێم خەریک بوو کەڕ ئەبوو. بەڕاستی چی

ئەویست... چی لە من ئەویست! ئەو هەموو تووڕەییە لەسەر چی بوو؟ چەکمان پێ بوو؟ لێمان کوشتبوون؟ جوێن و سووکایەتیمان پێ کردبوون؟ نا نا... بە خۆم وت رەنگە بمناسێ... بە خۆم وت هەر ئەوەننە بمتوانیایە لابکەمەوە و، سەیرێکی بکەم ئیتر هەموو شتێکم بۆ دەرئەکەوت.

مامۆستاکەمان گوتی بێرە دەڵێن ئەسحابی کانی سەوز. گوایا سەردەمانی خۆی، کاتێ لەشکری ئیسلام هاتووە و ئەم ناوچەیەیان داگیرکردووە، خەڵکی ئەو سەردەمە بەرگریان لە خۆیان کردووە و لەگەڵیان بە شەڕهاتوون، گوایا لێرەدا کەس یان چەند کەسێک لە ئەسحابی حەزرەتی محەممەد کوژراون و ئیتر بە ناوی ئەوانەوە ئێرەیان ناو لێناوە ئەسحابی کانە سەوز. ئەسحابیش بە مانای یاران دێ... لایەنگر. کانییەکەیش وادیارە هەر لەوە پێش ناوی "سەوز" بووە. خەڵکی دەچنە زیارەتی ئەوان چونکە لە سوپای ئیسلام بوون. کتوپڕ دێتەوە بیرم کە رادیۆ و تەلەفزیۆن رۆژ تا ئێوارە باسی ئیسلام و کفر و لە ناو بردنی کافرانی لە کوردستان دەکرد.

سێبەرەکە دەڵێ مێژوو هەمیشە دووپات ئەبێتەوە. ساڵ و مانگیش زۆر گرینگ نیە. رێک وەک ژیان و مردن. ئەو رۆژە من و تۆ رێک لە ناو گێژاوی ئەو دووبارەکردنەوەیا بووین. بە خۆمانمان نەئەزانی.

دەڵێم رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ ئەوەندە ترسابووین و ئەوەندە...

دەڵێ نا نەترسابووین... خۆمانمان ونکردبوو. دەڵێ وەک چۆلەکەیەک چووینەوە ناو دەمی هەژدیهای رووداوە گەورەکانەوە،... ئەیچۆن ئاوات لێ بەسەردێ. هەمیشە ئاوا بووە.

به خۆم دەڵێم بەڵکو یەکێک لە ئەسحابەکان فریامان کەوێ، بەتایبەت فریای خاڵم. رەنگە یەکیان بە پڕتاو و بە راکردن بە ناو داربەڕووەکاندا و لە لێژایی داوێنەکەوە داگەڕێ و دەستی چەکدارەکە بگرێ و بڵێ کاکە باش نیە، مەمنوعە... ئەرێ بۆ وا دەکەی! چاو بە ناو درختەکاندا دەگێڕم. جگە لە سروشت لە گشتیەتی خۆیدا هیچی تر بەدی ناکەم. فریادڕەسێک نیە.

بزەیەکی دێتێ و، دەڵێ فریادڕەس لە گۆڕدا نووستوە! شاعیر وا دەڵێ.

چەند حەزدەکەم بارانێکی بەخوڕ ببارێ و، هەموو ئەم دیمەنە بشواتەوە. رەنگە هەموو شتێک نەقاشییەکی درۆینە بێت. کەسێک دەمانکێشێتەوە و، دەکرێ هەموو دیمەنەکە جارێکی تر بە شێوەیەکی تر بکێشیتەوە. بۆ نا. بە سێبەرەکە دەڵێم نەدەکرا؟ دەڵێ نا، مەگەر نەموت هەموو شتێ دووبارە تیکرار دەبێتەوە.

گوێم لە خوڕەی ئاوی کانییەکەی ئەسحابی کانی سەوزە. ئاوە روون و خاوێنەکەی کە پاییزان کەمدەکا. گردەکەی پشتی کە لەوێ دادەنیشتین و نانمان خوارد. هێڕەڵماسیی کوڵا، هێلکەی کوڵاو و نانی لاکێشی تەنوور... سەوزیش، چایی گەرم و بەلەزەت. لەو نانانەی ئەو ساڵانە دایکم و نەنکم و پوورەکانم تەنووریان بۆ دادەخست و لە بەیانییەوە تا عەسر خەریکی کردنەوەی بوون. بۆنی نانی تازە دەڕژێتە گیانمەوە. نانی برژاو. رەنگە شەرمی ئەم بۆنە بیانگرێ.

چەکدارەکانی تر کە لەولاترەوە راوەستاون، لە جۆری هەمان چەکدار نین وا ئەوەندە بە خاڵمەوە سەرقاڵە. ئەوان راوەستاون و تەنیا دەڕوانن. ئەوان ئەرتەشین و هەموو جلی هاوشێوەیان لەبەردایە. یەک

یۆنیفۆڕم. تەنیا ئەمەیان نەبێ. راستی بۆ ئەوان ئەوەندە تووڕە نین... وەک ئەم!؟ نە لە چەفیە خەبەرێک هەیە و نە لە ریش و... هەمووشیان کڵاوی ئاسنینیان لەسەردایە. وەک فیلمە جەنگییەکانی ناو تەلەفزیۆن. فیلمە ئامریکاییەکان. کاتی شەڕی دووی جیهانی. ئەو فیلمانەی خاڵم رقی لێیان بوو.

ئەمجارەیان لە بن باڵییەوە دەستی دەداتێ، دەنەڕێنێ کە هەستە سەرپێ کوڕی کەر! خاڵم کە قاچەکانی لەسەر وردەبەرد و خۆڵی بن پێی هەڵدەخلیسکێ، هەوڵدەدا هەرچی خێراتر هەستێتە سەرپێ. بەڵام وەک بڵێی ئەو دەستەی وا بن باڵی گرتووە سەری لێدەشێوێنێ و ناتوانێ وزەی بە جوانی کۆبکاتەوە. لەتردەدا و، دەکەوێتەوە. دیسان دەقیژێنێتەوە هەستە کوڕی کەر! ئەمجارە هەر چۆنێک بێت رادەبێ. نیگای بەردەوام لەسەر خۆڵەکەی بەردەمیەتی و، جگە لەوێ لە هیچ شوێنێکی تر ناڕوانێ.

دەڵێ لەبەر ئەوەی تەنیا بەو شێوەیە ئەمتوانی بیر لە تۆ بکەمەوە. چاوم هەڵبڕیایە تۆم لێ ون ئەبووی. نەمئەتوانی لابکەمەوە و سەیرت بکەم، بەڵام بەم شێوەیە و لە گۆشەی چاوەکانمەوە ئاگام لێت بوو.

لە تابلۆکەی پشت سەرمەوە قیژەیەکی وەها بەرزدەبێتەوە کە من هەموو جەستەم دەکەوێتە لەرزین. لە دووای ساڵانی ساڵ دەنگەکە سەرئەنجام هاتە گوێم. چەند بەزەییم بە مونک دا دێتەوە. حەتمەن کاتی کێشانەوەی بۆ خۆی کەڕبووە! لە ژوورێکدا بە مانگ و ساڵان لە گەڵ تابلۆیەک بژی و چکەچکە بیکێشیتەوە و ئەویش چکەچکە بەردەوام بقیژێنێ! ئاە،... بێچارە ئیدوارد! بێچارە باکوور!

کتوپڕ جەستەیەکی سەرتاپا سپی دەبینم کە بە لاپاڵەکەدا خەریکە بە ڕاکردن دادەگەڕێ... بەرەو ئێمە! ئۆی... سەرئەنجام بە دەممانەوە هاتن. ئەسحابەکان! بە خۆم دەڵێم هەر کە گەیشت، دەستبەجێ خاڵم لە بن دەستی ئەو سەگبابە دەردێنێ و، لەو لاوە لەسەر سەوزایی دەشتەکەی کەریماوا دایدەنێ، ئەوسا دێت و ئەو گەوادە دادەشووا. ئەوەیکە ئەو مافی ئەوەی نیە لە خۆوە و بە بێ هیچ دەلیلێک تەنیا لەبەر ئەوەی چەکی پێیە و ریشی درێژە و چەفیەیەکی عەرەبی لە ملدایە دەتوانێ ئاوەها بەسەر کوڕی خەڵکیدا بهێنێ. جەستە سپییەکە لە پێدەشتەکەدا لە ناو دارستانە چڕەکەدا وندەبێ. نەکا پەشیمان بێتەوە! خاڵم لەنگرلەنگر سەرئەنجام رادەبێ، چەکدارەکە پاڵێکی توندی پێوەدەنێ و، چەند هەنگاو ئەولاتر بە سەر لاتەنیشتی کەندڕەکەدا دەیخاتەوە. بە پشتدا دەکەوێ و عەینەکەکەی دەترازێ. هەڵیدەگرێتەوە و بەپەلە و سەرلێشێواوانە هەر چۆنێک بێت دەیکاتەوە چاوی. هەر کە چاویلکەکا دەگاتەوە شوێنی هەمیشەیی خۆی، دەستبەجێ بە چاوە خەمین و داماوەکانی لە من دەڕوانێتەوە. وەک بڵێی ساڵانی ساڵە یەکترمان نەبینیوە. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی. بزەیەکی تێکەڵ بە خەمێکی قووڵ. وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ ببورە کە ناتوانم هیچت بۆ بکەم.

باوکم کە تازە لە خەو هەستاوە و دەموچاوی شۆردووە و نوێژی عەسریشی خوێندووە، ڕوودەکاتە دایکم و دەڵێ کوڕەکە لە کوێیە؟ دایکم وەک خاڵم لە زەوی بەردەمی دەڕوانێ و بۆی دەگێڕێتەوە. باوکم سەرێ بادەدا، هیچ ناڵێ و دەچێ ڕادیۆکە دەکاتەوە. یەکێک خەریکی هەواڵ

خوێندنەوەیە. ئەوەیکە ئەمن و ئاسایش بۆ شارەکانی سنە و دیواندەرە و سەقز و... گەڕاونەتەوە و میللەت لە پێشوازی سوپای ئیسلام و شۆڕشدا سوپاسی گەورەیی پەروەردگار دەکەن کە بەو شێوەیە ریشەی کوفر لە بن دەرهێندرا. ئەوسا سروودێکی گەرم و گوڕ ژوورەکە دەتەنێ "ئەی موجاهێد ئەی مەزهەرێ شەرەف..." باوکم رادیۆکە دەکوژێنێتەوە. سیگارێک دادەگیرسێنێ و لە ئاربەبا دەڕوانێ. ئەسحابی کانی سەوز لەوێوە دیارنیە. پەڵەهەورێکی سپیی هاوینی بە سەر قوتەکەیەوە دەڵێی راوەستاوە و، مەیلی بزووتنی نیە.

بە خۆم دەڵێم ئەوەندەی نەماوە ئەسحابەکە بگا و، ئیتر کۆتایی بە هەموو شتێک بێنێ. دارستانەکان جمەیان دێت. دڵنیام بە هۆی هەناسەی ئەوەوەیە. بە هۆی تێپەڕینی بەسامی جەستەی بە ناو سروشتدا. تکایە بگە... بگە... تا درەنگ نەبووە! ئەوسا بە دەستی راستی خۆمدا پەڵە هەورێک بە سەر ئاربەباوە دەبینم. نەکا ئەویش ترسابێ و بووبێ بەو پەلە هەورە! نەکا ئەویش پەشیمان بووبێتەوە! ئاسمان چ دزێکی گەورەیە!

لە نەکاو دەنگی بەسامی کۆپتەرەکە دێتەوە. رێک بەسەر سەرمانەوەیە. بایەکی تا رادەیەک توند بەسەر سەرماندا تێدەپەڕێ. بە خۆم دەڵێم ئەسحابەکە بوو بە کۆپتەر... ئیستا ئیتر ئەو سەگبابانە هەڵدێن و، ئێمەیش رزگارمان دەبێت. لە خاڵم دەڕوانمەوە. نیگای لەسەر خۆلێ بەردەمی خۆیەتی. بێدەنگ، پەرێشان و بیربڵاو.

دەڵێ نازانم کۆپتەرەکە بۆ هاتەوە. وەک بڵێی ئێمە زۆر خەتەرناک بین! هاتبووەوە بزانێ ئاخۆ تێکمانتەشکاندوون! بزەیەکی دێتێ. بەردەوام

دەبێتەوە کە بەڵام باش بوو کە هەر نیگا و سەرنجیان لەسەر من بوو و تۆیان لەبیربردبووەوە. تۆ بەرگەی قۆنداغە تفەنگت نەئەگرت... نازانی چ ئێشێکی هەیە!

وادیارە لە بیری چووەتەوە من منداڵ بووم. ئەرێ نازانم ئەم چەکدارانە بۆ راناکەن! باشە نازانن ئەوە هێلیکۆپتەرە و، ئیستا دەتوانێ هەموومان لە چاوتروکانێکدا بکوژێ؟ کۆپتەرەکە سوورێک دەدا و، دیسان وندەبێتەوە. وەک بڵێی هەموو شتێک زۆر ئاساییە و شتێکی ئەوتۆ روونەداوە.

دەڵێ زۆریش ئاسایی بوو. تەنیا ئەوەنەی کە ئێمە نەمانئەزانی و گێل بووین... سەرتاپا گێژ و حۆل! هههههه... ئیستایش کە بیر لەو رۆژە ئەکەمەوە شەرم لە خۆم ئەکەم. باشە خۆ من چەن مانگ لەوە پێش بوو دروشمم دابوو... گێلیش تا ئەو رادەیە!

دەڵێم گەر ئەسحابەکەی کانی سەوز نەبووایە بە هەور، رزگارمان دەبوو!

چەفیە لەملەکە گەلەنگەدەلی ژێ سێکەی دێنێتەوە و دەنەرێنێ کە زددی ئینقلاب دەبێ ئیعدام بکرێ، ئەوسا قۆناغی تفەنگەکەی بە شانی راستییەوە دەنێ و سیرە لە خاڵم دەگرێ. خاڵم کە دانیشتووە، چاو لە لوولەی تفەنگەکە و لەوێوە لە چاوانی من دەبڕێ. پیاوە ریشنە تووڕەکە تەنیا یەک دوو میترێک لە سێبەرەکە دوورە.

دەڵێ نە بۆنی ژن دێ و نە بۆنی مناڵ! لەوە ئەچێ زۆر لەگەڵ من جیاواز نی. لە باکوور چیت بەسەرهاتووە هاوڕێ! خانووەکەت پڕی خەیاڵاتی خۆتە. دەیانبینم، هەستیان پێدەکەم.
دەڵێم هەم هی خۆمن و هەم نا. ئەوسا ئاماژە بە تابلۆکەی پشت سەرم دەکەم. دەڵێم هەستدەکەم ئەو هەموو ڕێگایەم بڕی تەنیا بۆ ئەوەی لەو حەقیقەتە بگەم کە من شتێکم وەک ئەم تابلۆیە: قیژەیەکی بێدەنگ.

نازانم تا چەندە مونک دەناسیی. هەوڵدەدەم پێی بناسێنم. هێشتا دەستم پێنەکردووە، پەشیمان دەبمەوە. چ ناساندنێکی بێ مانا! بۆ کەسێک کە خۆی لە مێژە لە پردی قیژەکە پەڕیوەتەوە، وشەکان چەندە لە خۆیان خاڵی دەبنەوە.

دەڵێم تابلۆی 'خوێنمژ'ەکەیت بینیوە؟ ژنێک بەسەر پشتەملی پیاوێکدا نەویوە و خەریکە خوێنی دەمژێ. شین و رەش و سوور... رەنگەکانی زاڵ بە سەر وێنەکەدان. وەک ئەو رۆژەی ساڵی پەنجاوهەشت. ئاگام لێت بوو پشتت بریندارببوو و، خوێنی لێدەچۆڕا.

وەک بڵێی پێی ناخۆشە وێنەکە بەو رۆژە یاخود رۆژەکە بە وێنەکە دەشوبهێنم، هەڵدەداتێ کە نەکا لای تۆ هەموو شتێ نەوینەوەی ژنێک بێت بەسەر جەستەی پیاوێکدا بۆ مژینی خوێنێ؟ ئەوسا تێدەگا کە ئەو هەموو سینەماچوونەی ئەو ساڵانە و دیتنی فیلمە هیندییەکان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر من نەبووە. رادەبێتەوە. دەڵێم رەنگە هی ئەوە بێت کە فیلمەکەی ئێمە هیچ ئەشقێکی تیانەبوو... هەتا کۆتایی! یان رەنگە تاوانی ئەو رۆژە بێت کە هیچ کوڕێکی ئازا وەک فیلمەکان فریامان نەکەوت. هەموو شتێک لەنەکاو داڕما... وانیە؟

چەندە حەزدەکەم ببمە ئەو تابلۆیەی مونک کە ناوی 'بیرەوەریی سەردەمی منداڵی'یە. منداڵێک کە داوێنی کراسەکەی دایکی گرتووە و لە بەستێنێکی سپیدا لە دەرەوە خەریکی پیاسەن، بەو پەڵە کەمانەی ئاسمانی شینەوە لە دووردەستەکان. ئەو کاتانەی هێشتا هەواڵێک لە قیژە نیە. ئەو کاتانەی هیچ کەسێک هێشتا بەسەر کەسی تردا نەوی نەبووەتەوە.

دایکم دڵەکوتەیەتی. دەچێتە بەر پەنجەرەکە و لەوێوە سەیری جنێرە و جادەکەی بەرەو بۆیەن دەکا. دەنگ دێت. لەوێ، لەو دوورانە سێبەر و تارمایی شتێکی گەورە لە هاتووچۆدایە. جاری وایە پەیدا دەبێ و ئەوسا دەستبەجێ وەندەبێتەوە. وەک بڵێی داڵێکی گەورە، سیسارکە کەچەڵێکی مەزن شێتانە بە دەوری خۆیدا لە دەوری کورتدا گێژ و لوول دەخوا، جاری وایە بەرز و ئەوسا خێرا نەوی. لەچکەکەی ڕێک و پێک دەکا و، کوڵمی خۆی دەگرێ. لەبەر خۆیەوە دەڵێ حەتمەن تێپەڕیون!

دەڵێ پێم ناخۆشە ئاوات لێهاتووە. بە بێ هاوڕێیەکی مێینە هەموو شتێ زۆر خێرا لە مانا بەتاڵ ئەبێتەوە. لە باکوور ئەوەی من ئەیبینم نیازی زۆرتری مرۆڤەکانە بە یەکتر. لەناو ئەم تاریکایی و سەرما و بەستەڵەکەدا... دەڵێم ڕێک بەپێچەوانەوە لێرە کەس زۆر پێویستی بەوی تر نەماوە. هەڵبەت باشتریش... ڕەنگە بەو هۆیەیە کە ساڵانی ساڵە رووداوی وەک ئەو ڕۆژەی خەرمانانی پەنجاو هەشت لێرە روونادات.

خاگوڵناز و عومەری کوڕی کە تەنیا دووسەد سێ سەد میترێک لەولاترەوە لە شوێنێک لە بن تۆقەنێک داری تێکچڕژاودا خۆیان حەشارداوە و کۆڵەکانیشیان بە زەحمەت لە تەنیشت خۆیاندا جێیان بۆ کردوونەتەوە، هەوڵدەدەن سرتە چییە لێیانەوە نەیەت. کۆپتەرەکە جاری وایە نزم نزم شێتانە بەسەر سەریاندا تێدەپەڕێ، گێژ و خول دەخوا و پاشان دووردەکەوێتەوە. گوێیان لە دەنگی ماشین و هەراهەرایەکە. لە ناو لقەکانەوە دەڵێی سەر جادەکەیان لێ دیارە. بە عومەر دەڵێ نەخەڵابێتیت بجووڵێی. ئەوسا لەبەر خۆیەوە دۆعادەکا،

"خوایە بە کەرامەتی موحەممەد و ئالی موحەممەد و گەورەیی خۆت بمانپارێزی!... خوایە بە عەزەمەتی خۆت ئیجازە مەدە دەستی شەیتان بگاتە ئۆمەتت!... خوایە..." عومەر دەڵێ ئاگات لێبوو دەنگی تەقەدەهات؟ دەڵێ من جوان گوێم لێبوو. عومەر راستدەکا! لە بیرم چوو بڵێم کاتێک لە ژێر پردەکە هاتینە دەر، چەفیە لەملەکە ریزێک فیشەکی بەسەر سەری ئێمەدا بەناو کونەکەدا هەڵتۆقاند. ئەوسا ریزێکی تر. بۆنی شتێکی سووتاو کە سالانی ساڵ دوواتر زانیم بۆنی بارووت بووە بە لووتمدا هات. خاگوڵناز کە گوێی زۆر باش ئیش ناکا، دەڵێ وسبە با گوێیان لێمان نەبێ! عومەر دەستدەبا و، داوێنی کراسەکەی دایکی دەگرێ کە بە سەر عەرزەکەدا کەوتووە.

دەڵێم لەبیرم نایەت قەت لەگەڵ دایکم چووبێتم بۆ پیاسە، بگرە لەگەڵ باوکیشم. جیهانی ئێرە جۆرێکی ترە. تازە ئەم وێنەیە هی سەد و پەنجا ساڵ لەوە پێشیشە. پێموایە مونک ئیتر زۆر زیادەڕەوی دەکا. لای ئێمەیان نەبینیوە. تێدەگەم... تێدەگەم، بەلام هونەر خۆی لە خۆیدا زۆر پاڵی بە خەمناکییەکانی مرۆڤەوە داوە. وانیە؟

عومەر دەڵێ دایە بڵێی ئیمڕۆ بگەینە کەریماوا؟ ها، بڵێی؟ خاگوڵناز بە ئەسپایی کە لە راستیدا ئەسپایی نیە و دەنگی بەرزە، دەڵێ بێچارە ئەو دوو کوڕە جوانە، بڵێی چییان بەسەر هاتبێ؟ خوابکا بە تووش ئەو خوانەناسانەوە نەبووبێتن... خوابکا هیچیان بەسەر نەهاتبێ!... باشە رۆڵە دڵنیای گوێت لە تەقە بوو؟ عومەر زۆر دڵنیایە. دەڵێ تەنانەت دوو جار بوو. جاری دووهەمیان کورتتر. دایکی دەڵێ حەک خوا بیانگرێ، ئەوانیش دووان بوون، ئۆف ئۆف! ئەوسا چرچ و لۆچی دەموچاوی وەها

قووڵدەبنەوە کە عومەر نیگای لەسەر دایکی هەڵدەگرێ. بە خۆی دەڵێ یەعنی منیش بەپیری وام لێدێ؟

لە دەرگای ماڵەوە دەدەن. دایکم دەیکاتەوە. مامەمە. دەڵێ ستوون لە ڕێگای دووئاوانەوە هاتووە. گوایا ئەوەندەیان نەماوە بگەنە ناو شار! ڕاستی ئەو ئەمەی چۆن دەزانی؟ نەفەرێک ئەو ڕۆژە بەڕێکەوت لە جنێرە بووە، هەر بە دیتنی یەکەم هێلیکۆپتەر بەڕاکردن داگەڕابوو و هەڵاتبووەوە بۆ ناو شار، بۆ ماڵەکەی کە لە قەراخ شاردا دەبێ. دراوسێی مامەمە. خۆی ناگرێ و، تەقە لە دەرگای ماڵەکەی دەدا و دەڵێ بۆخۆم بە چاوی خۆم بینیم، لە دەشتی بۆیەن دەسووڕێنەوە.

مامم لەگەڵ باوکم بەینی خۆش بوو. زووزوو سەردانی دەکرد. دایکم چاییەک بۆ هێوەرەکەی تێدەکا. مامم چیرۆکەکە بۆ باوکم دەگێڕیتەوە. باوکم بەلاچاو لە دایکم دەڕوانێ. دایکم باسی سیسارکەکە ناگێڕێتەوە. هەرچەند ئیتر لە ڕاستیی چیرۆکەکە دەگا. دووکەڵی جگەرەی باوکم دیسان ژوورەکە دەتەنێتەوە. قانی دەدا. مامم دەڵێ خوا ڕەحم بکا و، لێرە کەس ئیعدام نەکەن. تۆپەکە لە حەوشە هەروا لە گۆشەیەکدا کەوتووە.

تا کەریماوا زۆری نەماوە. دەنگی مرۆڤ نایەت، بەڵام دەنگی خوێندنی کەڵەشێر، بۆڕینی مانگا، باڕەباڕی مەڕ و بزن جاروبارەیش زەڕینی کەر دێت. عومەر لە دڵی خۆیدا دەڵێ خۆزگەم بە خۆیان! عومەر دەزانی گەر ڕابن و هەنگاوهەڵگرن ئەوەندەی پێناچێ دەگەنە ئاوایی. جادەکەی ڕوو بە ئاواییش نزیکە. دەڵێ دایە با زەمانێ هێلیکۆپتەرەکەی لێ نیە بڕۆین، باشترە لەوەی لێرە بمێنینەوە. خاگوڵناز جوابی ناداتەوە و،

هەروا لە رووبەڕووی خۆی دەڕوانێ. عومەر نیگا لەسەر دایکی هەڵدەگرێ، بە خۆی دەڵێ ئەوە کەرەکەی کەریمی مامە حەمەیە... عادەتی وایە زۆر بزەڕێنێ!

کەرەکەی کەریمی مامە حەمە، گوێدرێژێکی سپیی چڵکنە کە تەنیا بە ئاوی باران خۆی دەشواتەوە. ئەو رۆژە لەکاتێکدا بەدەست مێش و مەگەزەوە هەراسان ببوو و شێتانە کلکی رادەوەشاند، لەو شتە زەلامەی دەڕوانی کە جاروبار بە ئاسمانی ناوچەکەدا پەیدادەبوو و بە دەنگی بەسامی دونیای بێتاقەت کردبوو. ئەو رۆژە زیاتر لە هەر کاتێکی تر دەیزەڕاند. کەریمی مامە حەمە، کە بەپەلە لەگەڵ گوێدرێژەکەی خۆی بەناو گونددا کردبووەوە، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئیمڕۆ یەکێک لە رۆژە دەگمەنەکانی ژیان دەبێ!

رەنگە لەجیاتی ئەم وێنەیە، زیاتر پێویستت بە تابلۆی 'باڵغبوون'ەکەی مونک بێت کە بە پشت سەرتەوە بێت. کچۆڵە رووتەکەی سەر تەختی خەوەکە دەڵێم. بڕواناکەم ئەو ئەوەندە وەک تۆ سەرقاڵی ئەم وێنەیە بووبێت. سەیرە دونیا زیاتر سەرقاڵی ڤیژەکەیەتی!

عومەر تینوویەتی و چاو بە دەورووبەریدا دەگێڕێ. لەو بەر ئەو جادەوە وا بەرەو ئاوایی سەردەکەوێ، کانییەکە. ئیتر هەتا گوند ئاو شک نابا. زمان بە لێوە وشکەکانیدا دێنێ و، بە لاچاو لە دایکی دەڕوانێتەوە. خاگوڵناز کە پشت ئێشەی هەیە، کەمێک خۆی دەجووڵێنێ. خاگوڵناز کاتێک دەیەوێ هەستێتە سەرپێ، سەرەتا هەڵدەستێتە سەر دەستەکانی، ئەوسا خۆی وەردەگێڕێ، قوونی لە حەوادەکا و لەدووای نیوەخولێک بە هەنسکەهەنسک رادەبێ. عومەر لەبەر خۆیەوە دەڵێ گەر بمانگرن

ڕەحم بە دایکم دەکەن و، هیچمان لێناکەن. ئەوسا زیاتر تینووی دەبێ. میزەڵدانیشی دەماسێ. بەڵام لەترسی دایکی هیچ ناڵێ. دەبێ خۆی بگرێ. ڕانەکانی بەیەکەوە دەگووشێ و، زیاتر خۆی کووڕدەکاتەوە. باشە سەیرنیە شتێکی ئاوەها بچووک بەو شێوەیە هەموو سروشت بەم شێوەیە بێنێتە لەرزین! ئەم دەنگە لەکوێیەوە دێتەدەر! خاگوڵناز دیسان بێدەنگە. عومەر دەزانی جەستەی دایکی لێی عاسی بووە. کەمێک جێی بۆ دەکاتەوە و، دەڵێ دایە ڕاکشێ. دایکی بە ئارامی خۆی بە لادا دەخا. عەرزەکە بڵێند و نەویی هەیە و پڕی وردەبەردە. کەمێک بەردەکان لادەدا. ڕاکشان وەک دانیشتن نیە، ڕاحەت نیە. عومەر لاسکێکی وشک هەڵدەکەنێ، دەیخاتە دەمییەوە و دەیمژێ. چەند بێسوودە. هاوین ئاوی بە جەستەی گیاوە نەهێشتووە. ئەوسا بیر لەو دووانە دەکاتەوە کە تا ماوەیەک لەوە پێش پێکەوە بوون و، جادەیان دەبڕی. دەوڵەدا جوانتر لەبەر چاوی خۆیدا وێنایان بکاتەوە. وەک بڵێی ناتوانێ. وردەکارییەکان خۆیان بەدەستەوە نادەن. لە قوتابخانەیش هەر ئەمە وەزعی بوو و شت بە باشی فێرنەدەبوو. یەعنی لەبیری نەدەما. دڵتەنگ دەبێ. باشە بۆ وام؟ چەند ئاسان ڕابردووی لەبیر دەچێتەوە. لە کاتی کاسەکێشیش هەمیشە وەستاکەی دەنگی دەدا. بەسەریدا دەیقیژاند کە لەبەر خاگوڵنازی داماو نەبووایە بە دوو شەق دەریدەهاویشت و خۆی لەم قونەقونە خەلاسدەکرد!

مونک لە شوێنێک لە سێبەرەکەوە دەردەکەوێ و بەرەولای ئەم دێت. تابلۆیەکی بەدەستەوەیە. تابلۆی 'سەمای ژیان"ە. یەکێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی دیکەی. ژنێک هاوکات لە سێ تەمەندا: گەنجیەتی،

**کاتێک چاوەڕوانی سەما لەگەڵ دلدارەکەیتی ـ ئەوسا خودی سەما لەگەڵ دلدارەکەی و ـ سەرئەنجام تەمەنی پیری کاتێک لە سەردەمی سەما دەڕوانێتەوە.**

**بە سێبەرەکە دەڵێم دەزانم، قەت سەمام نەکرد.**

**دەڵێ نەمانکردا!**

هاڕەهاڕی زیلە سەربازییەکان دەشتەکەیان تەنیوە. یەکیان دەنگی زلترە. وەک بڵێی شۆفیرەکەی تاقیدەکاتەوە کە داخۆ کێشەی هەیە یان نا. دووکەڵێکی رەش بەسەر جادەکەدا بڵاودەبێتەوە. سەربازەکان لەناو پشتی زیلەکان کە لە دوو ریزدا دانیشتوون بە بێ ئەوەی هەستن ملدەکێشن بۆ ئەوەی ئەوەی وا لەناو کەندڕەکەدا دەگوزەرێ، جوانتر ببینن.

دەڵێ لە راستیا ئەوەننەیش ترسناک نیە. یەعنی وەک سەرەتاکەی. هەستم ئەکرد هەموو ئازای ئەندامم سڕببوون. بگرە مێشکیشم. خۆم دابووە دەست رووداوەکە. نە ترس مابوو و نە دڵەڕاوێ،... بگرە ئازایەتیش. لە بیرمە وەک دەفرێکی بەتاڵم لێهاتبوو. وەک بڵێی جۆرێک لە ماندوویی، وەک ماندووییەکی هەزار ساڵە کتوپڕ باڵی بەسەرما کێشابێ. هەستێک وەک ئەوەی خواخواتە هەموو شتێک زوو تەواوبێت و، ئیتر پێویست ناکا ئەوەننە درێژە بەم مەسخەرەبازییە بەی. کونی لوولەی تفەنگەکە لە دەروازەی پەڕینەوەی ئەکرد، پەڕینەوە لەو

**شوێنەوە بەرەو جێگایەکی تر. خەیاڵی دەربازبوون لە کایەیەکی بێتام. بە خۆم ئەوت ئیستا نا ئیستا هەموو شتێ کۆتایی دێ... تەنیا چەند چرکە.**

**دڵم نایەت بڵێم نیگاکانت کتوپڕ چەند گۆڕابوون. ئەوەیکە جاری وایە هەموو شتێک لەدەست مرۆڤ دەردەچێ و، شت و هێزی ترن بڕیاردەدەن. پەڵە هەورە سپییەکە پشتی لەئێمە بوو و بەرەو رۆژئاوا ملی رێگای گرتبووەبەر. وەک بڵێی بایەک هەڵیکردبێ و راپێچی دابێ. رەنگە من بە راکشانەوە چنگم لە خۆڵەکە گیرکردبێ. لە سەرپەنجەکانمەوە ئازارێک دەڕژایە لەشمەوە. ملم دێشا و نەمدەتوانی ئەوەندە لەکاتێکدا دەمەونخوون راکشابووم، لە حەوادا رایبگرم و هەتا ئەبەد لەو دیمەنە بڕوانم. دەبووایە هەموو شتێک لە شوێنیکدا کۆتایی پێبهاتایە. لە کوێ؟ نازانم.**

**بیرم لە رەحم کردەوە. بە خۆم وت دەست بە پەلاپیتکەی تفەنگانان و مرۆڤ کوشتن ئەوەننەیش ئاسان نیە، دڵنیابووم لە شوێنێک رایئەگرێ و، لوولەی تفەنگەکەی ئەهێنێتە خوارەوە. هەرچەن چاوەکانی شتێکی تریان ئەوت،... هەرچەن لەرزینی دەستی و گرژیی هەموو ئازای ئەندامی پەیامێکی تریان ئەدا.**

**بەڵام قەت چاوەکانی نەقونجاند... سێبەرەکە دەڵێم.**

**زۆرۆ رێک لەم کاتانەدا پەیدادەبوو، رێک لەو کاتەیدا وا رووداو دەگەیشتە ترۆپک و خەریکبوو دەبوو بە کارەسات. بە ئەسپێکی رەشی چابوک و دەمامکێکی رەش بە روخساری خۆیەوە و شمشێرە جادوویەکەی ناو دەستیشی. گرینگتر لە هەمووشیان بە جورئەت و**

**ئازایەتیی بێ وێنەیەوە کە لە هیچ شتێک نەدەسڵەمییەوە. چەند هەموو شتێکیش بە مەیلی ئەو کۆتایی دەهات. هەمیشە زاڵم بوو دەبەزی! دەشتی کەریماوا بە داربەڕوو و دارمازووەکانییەوە چەند لە دارستانەکەی ناو فیلمی زۆڕۆیشی دەکرد! ئاه، ئەم وڵاتە چەندە پیاوێکی لەچەشنی زۆڕۆی کەم بوو، پیاوێک کە هەمیشە هەبوو و هەمیشەیش دەیبردەوە. پیاوێک کە حکومەت بۆی نەدەدۆزرایەوە و، هەمیشە بە دەم لێقەوماوانەوە دەهات. زاڵم بەزێنە ئەبەدییەکە.**

**کاک عەبدول لە تەواوی تەمەنیدا تەنیا یەک جار چووبوو بۆ سینەما. بەپێچەوانەی خەڵکی کە هەڵبەز دابەزیان بوو، ئەو بە سارد و سڕی تا کۆتایی فیلمەکە دانیشتبوو و سەیری کردبوو. پاشان هەروا هاتبووە دەرەوە و، یەکڕاست گەڕابووەوە بۆ ماڵەوە. چووبووە ناو جێگاکەیەوە، بە خانمی جوانی ناو فیلمەکە، کە لەش و لارێکی یەکجار جوانی هەبوو دەستپەڕێکی کردبوو و پاشان نوستبوو. وەک بڵێی عەبدول لە فێڵی سینەما و لە درۆینەبوونی فیلمەکان دەستبەجێ گەیشتبێ، ئیتر لای خۆی بڕیاری دابوو خۆی گوتەنی قەت خۆی بە تووش چیرۆکی خەیاڵییەوە نەکاتەوە. ئەوەی چۆن لە کاتی شۆڕشدا دیسان پێوە ببووەوە و دیسان خۆی گوتەنی لە واقعبینی ترازابووەوە و هەمدیسان خۆی دابووەوە دەست حەکایەتە خۆشەکان،... ئەڵاهووئەعلەم! عەبدول تاقەتی تەلەفزیۆنیشی زۆر نەبوو. لە راستیدا ئەوە سارد و سڕییەکەی بوو کە جۆرێک کەسایەتی بەهێزی پێدابوو، بۆیە لە کاتی شۆڕشدا زۆر خێرا بوو بە کەسێکی دیار و دیارە هەر بەو خێراییەییش ببووەوە بە کەسێکی نادیار.**

دەڵێم دڵنیام عەبدول پێکەنینی بە زۆڕۆیش هاتووە. سێبەرەکە بزەیەکی دێتێ و، دەڵێ بەخوا سەیری! خەیاڵت بۆ شوێنی سەیر سەیر دەڕوا!
ئەوانەی وا بەدەوری چەفیە لەملەکە و خاڵمەوەن، لوولەی تفەنگەکانیان روو لە زەوەیدەکەن و چاوەڕوان دەمێننەوە. بگرە کەمێکیش دەکشێنەوە. کەس ئاگای لە من نەماوە. هەتاو لە مێژە لە پشت زنجیرە شاخەکەی ئاربەباوە داکشاوە و، نسێیەکی خۆش وڵاتی داگرتووە. دەشتی کەریماوا و بۆیەن زوو نسێ دایدەگرێ و، ئیتر دەبێ بە خۆشترین دۆڵی دونیا لە کاتی هاویندا! لە کاتێکدا روومەتم خستووەتەوە سەر عەرز و وازم لە هەموو شتێک هێناوە، گوێم لە میلهێنانەوە و نەعرەتەی کەسێکە لە شوێنێکی دیکەوە کە سەرنجەکان بۆ لای خۆی دەقۆزێتەوە.
هەموو سەرهەڵدێنن. منیش بە دزییەوە سەرهەڵدێنم. ئاگام لێیە هەموو سەیری سەر جادەکە دەکەن. تەنانەت چەفیە لەملەکەیش. منیش لادەکەمەوە. لەسەر جادەکە سەربازێک تفەنگ بەدەست روو لە ئێمە دەقیرێنێ کە وازی لێبێنە، یەک جاری تر دەستی بۆ ببەی، یان بتەوێ تەقەی لێبکەی، دەتکوژم! چەفیە لەملەکە بە سەرسوڕمانەوە لادەکاتەوە. لەپاش یەک دوو چرکە دەنگ هەڵدەبڕێ کە بەرادەر ئەوە زیدی ئینقلابە و دەبێ بیکوژین! سەربازەکە هاواردەکا خۆ نە چەکی پێیە و نە هەڕەشەیە بۆ سەرمان، وازی لێبێنە، قۆلبەستی کە و سواری ماشینی کە و تەواو! ئەوسا دەنەڕێنێتەوە گەر کردەیەکی هەڵەبکا ئەوا سوێند بە ئیمامی عەلی دەیکوژێ!

بۆ چەفیە لەملەکە وازهێنان زەحمەتە. پرتە و بۆڵەی دێ، پێشدەخواتەوە، جارێکی تر هەوڵدەداتەوە سەربازەکە رازی بکا، بەڵام بێسوودە... سەرئەنجام وازدێنێ. ئەوانەی ناو کەندڕەکە بە دەمییەوە دەچن، خاڵم بەرزدەکەنەوە و بەرەو هەمان سەربازی سەر جادەکە دەیبەن. ئاگام لێیە چەکدارە ریشنەکە، تورە و بە بۆڵە چەکەکەی دەدا بە شانیدا و، دووردەکەوێتەوە.

سێبەرەکە دەڵێ منیان برد بۆ لای ئەو سەربازە، دەڵێ لە راستیدا سەربازنەبوو و ئەفسەر بوو. جیبێکی پێبوو لەگەڵ دووانی تر. دەستیان بەستم و لەگەڵ خۆیان سواریان کردم. پیاوێکی تەمەن چل، چل و پێنج ساڵان دەبوو. بە لەهجەی شومالی فارسی قسەی ئەکرد. گەر هەڵە نەبم. دەڵێم رەنگە ئەسحابەکەی کانی سەوز بوو ئەو رۆژە فریامان کەوت... لە قەوارەی ئەفسەرێکی شومالی! کێ بە کێیە! خاڵم بزەیەکی دێتێ و، دەڵێ ئیستا من باس لە ئەسحابە و شتی وابکەم قەینا، بەڵام تۆ بۆ! من باسی خەیاڵاتی ئەو رۆژەی خۆمی بۆ ناگێڕمەوە. پێویستیش ناکا بیگێڕمەوە. هەر ئەوەندەی لەناو کەندڕەکەدا ئەوەی نەقەوما وا خەریکبوو بقەومێ، بۆ من بەس بوو.

ئارام منیشیان بەرزکردەوە و بەرەو یەکێک لە زیلەکان بەڕێیانکردم. رێک ئەو زیلەی وا بە سەر پردەکەوە راوەستابوو. خشەخشی بێسیم دەهات و کەسێک تیایا دەدوا. یارمەتیان دام سەرکەوم. پشتی زیلەکە دوو ریز سەرباز دانیشتبوون. هەمووی گەنج. بە بێدەنگی و ئارام لێیان روانیم. وەک بڵێی چەند دانەیەکیشیان بەدەممەوە بزەیەکیان کرد. لێم روانینەوە. ئا، هەڵە نەبووم. منیش بەدەمیانەوە بزەیەکم هاتێ. کتوپڕ

**دونیای ئاڵۆزکاو و داخراوی دەروونم کرایەوە. لە نێوان خۆیاندا جێگایەکیان بۆ کردمەوە. ئەوسا کاروان بەڕێکەوتەوە. تا سەر پێچەکەی خوارەوە، کە جادەکە لە چاو وندەبوو، بەڕیز ماشینی سەربازی لە ریز و درشت راوەستابوو. با لێی دام و، ئەوسا هەموو جەستەی شەلاڵی ئارەقم، کە تا ئیستا هەستم پێنەکردبوو، فێنک بووەوە. بگرە هەستم بە سەرمایش کرد. بە کاوەخۆ خۆم دایە بن جەستەی سەربازەکان.**

**گوتم دەزانی ئیتر لەو ساتەوە تۆم لە بیر چووەوە. زۆر سەیربوو. وەک بڵێی هەر نەشبووبی! ئیستایش دووای سالانی ساڵ کە بیری لێدەکەمەوە پێم سەیرە. هەزار جاری تریش دەلیل و پاساوی بۆ بێنمەوە، دیسان بێسوودە. شەرمەزارییەکی سەیر هەموو رۆح و دەروونمی داگیرکردووە. وازم لێناهێنێ.**

**بێدەنگیی، نێوانمان دەگرێتەخۆ.**

**دەڵێ لات وایە چیت پێ ئەکرا... مەگەر لەو کاتەیا لە بەردەمی منا راکشابووی و خەریکبوو ئەیانکوشتم چیت پێکرا!؟ ها؟... واز بێنە لەم خەیاڵە بێهوودانە!**

**دەروونم وەک ئەو رۆژەی خەرمانانی ساڵی پەنجاو هەشت گەرم دەبێتەوە. فرمێسک لە چاوەکانمدا قەتیس دەبەستن. خۆشبەختانە شەوە، تاریکە و نایبینێ. پشتیشم لە پەنجەرەکەیە و فرمێسکەکانیشم شۆڕ نادەنەوە. جەستەم گرژدەبێ. لێواری تەختە دەگووشم. دیسان مونک پەیدادەبێتەوە و ئەمجارە تابلۆی "دارە بڕاوە زەردەکە"ی بەدەستەوەیە. لە جێی تابلۆکەی پێشوو هەڵیدەواسێ. قەدێکی کەوتە لە**

ناو دارستانێکی سەوزی ناو زستانی باکوور. زەوی سپی پۆش بە تویژاڵێکی ئەستووری بەفر.

ئەو رۆژە، کاک بورهان نەواری حەسەن زیرەکی سەرخستبوو، لە حەوشە دانیشتبوو و جگەرەی بەبادەکرد. کاک بورهان زیاتر گوێ لە گۆرانییە مەجلیسییەکانی حەسەن زیرەک دەگرێ تا ئەوانی تر، بەتایبەت ئەو گۆرانیانەی لە رادیۆ کرماشان زەبتکراون. کاک بورهان لەمێژە زەوقی هەڵپەڕینی نەماوە. پێی وایە هەڵپەڕین هی سەردەمی جەوانیە. لایشی وایە نەسڵی ئەو کە دەرفەتی ئەوەیان هەبووە بە گۆرانی حەسەن زیرەک لە کانی مەڵاحمە هەڵپەڕن، خۆش شانسترین نەسڵی ئەم نیشتمانەیە. کاک بورهان هاوکات دەڵێ خۆشی و ناخۆشی وەک شەپۆلی ئاو وان، بە شوێن یەکتردا دێن. شەپۆلێک خۆشی، دوواتر شەپۆلێکی ناخۆشی، ئەوسا هەر ئاوا بە شوێن یەکتردا. هەتا ئەبەد. بە لای ئەوەوە دوو شەپۆلەکە قەت پێکەوە نایەن.

پێش ئەوەی سوار جیپەکەم کەن، ئەفسەرەکە فرمانی دا بمپشکنن. لە گیرفانما دوو چاشنی و سیمێکیان دۆزییەوە. پرسیان ئەمانە چین؟ ویستت پردەکە بتەقینێتەوە؟

چاشنی و سیم؟ رادەبم و لێی ورددەبمەوە. یەعنی تۆ ئەم شتانەت لە گیرفانا بوو؟ ئیستا دەزانم ئەوی شاردتەوە چاشنی و سیمی بۆمب و... ئاە خودایە! ئەمانەت بۆ پێبووا!؟

جگە لەوە کاغەزێکم پێبوو کە تیایا چۆنیەتی سازکردنی کۆکتێل مۆلۆتۆڤی تیا نووسرابووا! پێم وتن هی سەردەمی شۆڕشە، ئەو کاتانەی

لەسەر دیوارەکان چۆنیەتی دروستکردنی کۆکتێل مۆلۆتۆفیان دەنووسی بۆ ئەوەی خەڵکی بزانن چۆن چۆنی بەرنگاری ئەرتەشی شا ببنەوە!

ئاە، چۆن شتی وا دەبێ! خۆ لانیکەم زیاتر لە حەوش هەشت مانگ لە رووخانی شا گوزەرابوو، ئیتر باسی ئەوە ناکەم کە ئەم شتانە هی لەوە پێشیش بوون!

ئەی چیم بووتایە؟ ها بموتایە هاتووم ئەوان بتەقێنمەوە!

بەڵام ئەوانەت بۆ پێ بوو، خۆ تۆ کارت بە سەر ئەم شتانەوە نەبوو، نە بە سیاسەت و نە بە حیزبایەتی و نە... بەڕاستی سەیرە!

گەر ئەوانەم لە گیرفانا نەبووایە، پێم وابێ دەستیشیان نەئەبەستمەوە. ئەفسەرەکە زۆر میهرەبان بوو، نە بێ ڕێزی پێکردم و نە هەڕەشە. بەڵام ئەوەی دەبووایە بیکردایە کردی. هەرچی پێم وت من هیچکارەم و بەرمدە، ئەخت و چاری نەکرد و تەسلیمی کردم. لەناو جیپەکە کەمێکیش دواندمی، ئەوەیکە داخۆ خەڵکی بانەم، ناوم چییە، چکارەم و شتی لەم بابەتە.

یەکێک لە سەربازەکان هەڵیدایە کە بانە لە کوێیە و کەی دەگەینێ؟ ئاماژەم بە جنێرە دا و گوتم لە پشتی ئەو کێوەوەیە. کاروان بەرەبەر هەڵدەکشا و، دەنگی کۆپتەرەکە هەر وا دەهات. ئەمجارە بەسەر شاردا دەخولانەوە. ڕێک نزیک پێچەکە بوو زانیم کە لە ڕاستیدا یەک کۆپتەر نەبوون و زیاترن. بە غەمگینی سەیری جادەکە و دەورووبەرم کردەوە. دیمەنی خەمین و لاکەوتەی کانی مەڵاحمە خەریکبوو دەردەکەوتەوە. لەوەی کە نەگەیشتبووینە دێ، یان باشتر وایە بڵێم نەیانهێشتبوو بگەین، تووڕە و خەمگینی کردبووم.

**کە یەکەم خانووەکانی شار لە دوورەوە دەرکەوتن، رادیۆکەی باوکم هەواڵیدا کە رەزمەندگانی ئیسلام خەریکن بانە دەگرنەوە و لە زددی ئینقلاب پاکسازی دەکەن.**

**جگە لە دەنگی کاروانی سەربازی و کۆپتەر، هیچ دەنگێکی تر لەو دەرودەشتەوە نەدەهات. ساڵانی ساڵ دوواتر، لە باکووری زەوی، لە سایتێکی بەرهەڵستکاراندا خوێندمەوە لە شەڕی سێ مانگەدا حیزبەکان کە لە کەلیخان سەنگەریان گرتبوو و بەتەمابوون لەوێ بەر بە کاروانی سەربازیی حکومەت بگرن، سوپای تاران بە بێ ئەوەی ئەوان ئاگاداربن رێچکەی گۆڕیبوو و لە شوێنێکی ترەوە پلانی هێرشەکەی داڕشتبوو. گوایا رژێم لە ترسانا رێگای دووئاوانی هەڵبژاردبوو. ئەوانیش کە ئەو سەردەمە هێزەکانیان خاوەنی بێسیم و کەرەسەی پێویستی سەربازی بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ یەکتر نەبووە، بەمەیان نەیانزانیبوو و بەم شێوەیە حکومەت بە ئاسانی شاری گرتبووەوە.**

**یەکێک لە فەرماندەکانی کاروانی سەربازیی حکومەت بە تانە و تەشەرەوە گوتبووی چووینە هەر شوێنێک باس باسی فیتی بانەییەکان بوو، کەچی کە چووینە خودی بانە لەوێ هیچ خەبەرێک نەبوو!**

**سێبەرەکە دەڵێ ئێستایە لە تووڕەیی و، لە هەستی بێ بەزەییانەی کابرای چەفیە لەمل ئەگەم!**

دنیا چەند دەتوانێ وەک خۆی بێت و، کەچی لە هەمان کاتدا زۆر شتیش گۆڕابێ! لە دەورووبەری خۆم دەڕوانم، لە دەشت و دەر، لە جنێرە، ئاربەبا و بابۆس و... بەڵام دەڵێی ئەوان جۆرێکی تر لە من دەڕوانن. بۆنی ئاسن و barووت و ئارەقەی لەش دێت. دەنگی وڕەوڕی زیلە عەسکەرییەکان کە قورس رێدەکەن. بە بێ ئەوەی بە دەست خۆم بێت، زوو زوو لە سیمای سەربازەکان دەڕوانم. کەس کەس نادوێنێ. وەک بڵێی فرمانیان پێدرابێ. هەموو رێک لە رووبەڕووی خۆیان دەڕوانن... لە دیمەنێک لە دەرەوەی زیلەکە. بێدەنگییەکی سەیر لە گەڵ سوپا رێدەکا. رەنگە هەر دەم چاوەڕوانی ئەوەن کەسێک یان چەند چەکدار لێیان راپەڕێت و ببێ بە شەڕ و پێکدادان. کەچی هاوکات هیچ چەشنە ترس و دڵەڕاوکەیەکیش بەدیناکرێت. وەک پەڕ و پووش کە خۆیان داوەتە دەم با، بە دەم باوەن. ماندوویی رێگای دوور پێیانەوە دیارە.

**کە شار دەردەکەوێ نازانم خۆشحاڵ بم یان نا. دوو هەستی دژبەیەک لە دەروونمدا سەرهەڵدەدەن. لە لایەکەوە هەست بە متمانە لە خۆمدا دەکەم، ئەوەیکە لەوێ خەڵکی لێیە و بیابان نیە تا ئەوەی پێیان خۆش بێت بەسەرمدا بیهێنن، لە لایەکی ترەوە شار لەبەر چاومدا چیتر ئاشناکەی جاران نانوێنێ و غەریب دێتە بەرچاو. خانووە گڵییەکان هەر هەمان نین وا چەند ساعەتێک لەوە پێش بوون. لەبەر چاویاندا چەند نامۆم! لەبەر چاومدا چەند نامۆن! جۆرەیەک لێم دەڕوانن. وەک بڵێی کتوپڕ سالانی ساڵ تێپەڕیبن. سەربازێک بە گوێی یەکی تریاندا دەچرپێنێ، بزەیەکیان دێتێ و ئەوسا سەیری من دەکەن. چییان گوت؟ دەیانەوێ چیم بەسەربێنن؟ بەڵام هەست بە هیچ چەشنە ترسێک ناکەم. سیمای منداڵانەیان کە یەکجار جیاوازە لە چەکدارە ریشنە چەفیە لەملەکە، هیچ شتێکی ترسناک نانوێنن.**

**ئەفسەرەکە لەسەر شار لێی پرسیم، لەسەر حیزبەکان و ئەوەیکە وەزعی ژیانی خەڵکی لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانا چۆنە. پرسی ئاخۆ لەناو شارن یان هەڵاتوون. جوابدانەوە ئاسان نەبوو. ناچار لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشەوە دەستم پێکرد، ئەوەیکە لە دووای رووخانی شا بەرەبەرە حیزب و تاقم و دەستەی جۆراوجۆر دروستبوون و مەقەڕیان لێدا، ئەوەیکە بەشی خۆیان خەڵکیان هەیە. هەستی بەوە کرد خۆم ئەگوشم و لە ترسا ناوێرم زۆر شت بڵێم، دەنگی دام کە راحەت بم و چی ئەزانم بیڵێم. وتم کە گوایا لە کەلیخان سەنگەریان لێداوە و ئەوانیش دژی شا بوون و بە تەمای خودموختاری و شتی لەم بابەتە. وتم کە ژیان ئاسایی بوو و، لە راستیا شتێکی وا رووینەداوە. جگە لەوەی کە**

**وەک رۆژانی شۆڕش وەزعەکە بەردەوام نائاساییە. ئەوسا لە حکومەتی بەعسی پرسی، ئەوەیکە داخۆ بەعسییەکان لێرەن و چۆن چۆنی چەک بە دەستی زددی ئینقلاب ئەگەیەنن و، شتی لەم بابەتە. وتم من قەت بەعسیم نەبینییوە، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەبوو کە یەکێک لە حیزبەکان چەکی وەرگرتووە و حیزبێکی تر لۆمەی کردوون و بەتوندی رەخنەی لێگرتوون. ئەوسا باسی ئەوەیکرد کە لە شاری پاوە لە حکوومەتیان کوشتووە و شتی لەم بابەتە. رێگا کورت بوو و نەمانتوانی زۆر قسەبکەین، جگە لەوە زوو زوو لە بێسیمەکەیدا تەماسی ئەگرت و بۆیە قسەکانمان قەتع ئەبوو.**

**باشە تۆ منت لە ناو زیلەکاندا نەبینیەوە؟**

**لە کویێ؟ چۆن؟**

**هەرچی دەکەم نایەتەوە بیرم کە داخۆ ئەو لە پێشمەوە بوو، یان نا. لێی دەپرسم کە داخۆ ئەو دەزانێ. تیایا دەمێنێتەوە. دەڵێم ئەو زیلەی من سواری بووم لەسەر پردەکە بوو، جا تۆیان بەرەو خوار برد یان بەرەو سەر؟ بێدەنگ لە گۆشەی ژوورەکدا دەمێنێتەوە.**

**لەسەر چاشنی و شتەکانی ناو گیرفام چەند جاری تر پرسیاری کردەوە. دڵنیا بوو من ئەندامی گروهێکم و بەتەمای زەربەدان لەوان لە ژێر ئەو پردە بووم. وتی هەموو شتێ دەرئەکەوێ، پەلەمان نیە.**

**وتم راستی بۆ ژێر پردەکەیان نەپشکنی؟ بۆ بۆ جارێکیش بیریان بەرەو ئەوە نەچوو کە بۆچی پردەکە نەتەقییەوە؟ گوتی ئەوان لایان وابوو من تۆم بە ئەنقەست لەگەڵ خۆم هەڵگرتبوو بۆ ئەوەی باشتر خۆم بشارمەوە، بۆ ئەوەی لێم مەشکوک نەبن. وتم راستی بۆ لەدووای**

**ئەوە، دیسان کاروانەکە بەسەر هەمان پرددا پەڕییەوە؟! داخۆ نەدەترسان بتەقێتەوە؟**

**شار لە ژێر زەردەپەڕی ئێوارەدا راکشاوە. لە عوسماناوا تێدەپەڕین و، کەس بەدەرەوە نیە. لە دەشتی بابۆسیش زیندەوەر نابینرێ.**

**کاک میدحەت دراوسێمانە. ماڵەکەی لە تەنیشت دووڕگەی ئۆسلۆیە. کاک میدحەت ئەوەندە نیە خۆی گوتەنی لە رابواردن بایداوەتەوە و روویکردووەتە دین و خواترسی. دەیەوێ پاشماوەی ژیانی لەژێر سایەی تەقوا و پاقژییدا بژی. دەستێک بە سەرو سیمای بۆزیدا دێنێ و، دەڵێ ژنێکی لە هەولێرەوە لۆ دێنم و تەواو، ژنێکی کورد، چمداوە لە ئافرەتی پۆلۆنی و ئۆکراینی... نەء خۆش نیە... هەموو شتێک بە پاقژی. دەڵێ ماوەیەکە گواستوویەتییەوە و چووەتە گەڕەکێکی تر. دەڵێ خانووەکەی پێشووی ماڵە شەیتان بووا گوایا دراوسێکەیان گوتوویەتی کە لە پێش ئەودا دایکێک و دوو کوڕی تیابووە کە کوڕەکانی هەمیشە لە ماڵەکەدا خەریکی میوانی و خواردنەوە و سەما و رابواردن بوونە. ماڵە کۆمۆناڵ بووە. دەڵێ کاتێک شەوانە لە سەرەوە دەخەوێ، لە قاتی خوارەوە دەنگ دێت. کاک میدحەت دۆعادەخوێنێ، بانگ لەناو خانووەکەدا دەدا بۆ ئەوەی شەیتان دەرهاوێ. بەڵام بێسوود بووە و، سەرئەنجام گواستوویەتییەوە. دەڵێ بەشەرەفم من قەت لەو خانووەدا رامنەبواردووە. ئا، ژنم لەم لاولاوە هێناوە، بەڵام لە ناو خانووەکەدا دەستم بۆ نەبردوون! دەرێ ئەدی کو مەگەر ئەوەندە گەلحۆم کە خۆم بە دەستی خۆم شەیتان بهاومە خانووی خۆم! ئەوسا دادەنیشێ و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکا، پاش ماوەیەک بێدەنگی هەڵدەداتێ**

**که کاکه جیان! دەبی ئاگات لە سیحەی خۆت بی، تەمەن تێپەڕیوە و نابی نان و برینج و پاستا و پەتاتەو... بخۆی، زگت دەبی دابەزیتن! زگت که دانەبەزی بە تووش شەکرە و زەختی خێن دەبی و عەیب نەبی گانیشت لۆ ناکرێ. دەرێ دەرپێی کورتیش خراپە و سووڕی خێن لە زەکردا دێنێتە خارێ و عەیب نەبی کیر بچووک دەبیتن. ئەوسا باسی سودان دەکا که پیاوەکانیان کێریان ئاوەهایە و ژنەکانیشیان دەمیان وەک نوقڵ. قۆلی رادەوەشێنێ و دەمیشی هاوکات بچووک دەکاتەوە. دەرێ هەر عەرەب ئاقڵن که دیزداشە لەبەر دەکەن. دەرێ بە خودای ئەویش لە پاشی کار لە ماڵێ دیزداشەی عەرەبان لەبەر دەکا. ئەوسا دیسان باڵی شۆڕدەکاتەوە و بەم لاولایدا بایدەدا و، دەرێ "لێی دەگەڕێم ئیدی لۆ خۆی ئاوەها کایەی بکاتن!"**

**کاک میدحەت لەگەڵ ئەوەی لە دونیا وەرگەڕاوەتەوە و روویکردووەتەوە خودا، بەڵام ئامادە نیە تێپەڕینی تەمەن و کاریگەرییەکانی لەسەر جەستەی قبوڵ بکا و بۆیە دەڵێ ئەمجارە که چووەوە بۆ کوردستان بەتەمایە بچێ بۆ ئێران لۆ ئەوەی عەمەلیات و جوانکاری دەموچاو بکا. دەیەوێ داکشان و شۆڕبوونەوەی پێستی روخساری چارەسەربکا، قژەکانی بۆیەبکا لۆ ئەوەی گەنج بێتەوە. دەڵێم کاک میدحەت گیان که چووی تکایە لە بانەوە بڕۆ، لە دەشتی بۆیەنەوە. ئەوسا وەسفی رێگاکەی بۆ دەکەم بۆ ئەوەی لێی تێکنەچێ. دەڵێم هەڵبەت بە هۆی فەیسبووک و ئینستاگرام و شتی لەم بابەتەوە وێنەی ئەوێ زۆرن، بەڵام هیچیان پردەکەی تیا نیە. تکایە وێنەیەکی ئەو پردەم بۆ بگرە! لێم وردەبێتەوە و دەرێ بەخودای سەیری کاکه جیان، جا ئەمە داوایە! بە**

**سێبەرەکە دەڵێم خۆ سەردانی ئەو دۆڵەت نەکردووەتەوە؟ ئەگەرچی دڵنیام نەیکردووە. شتێک لە دەروونمەوە دەنگم دەدا کە ئەو تەنیا توانای سەردانی ئێرە، باکووری زەوی هەیە نەک شوێنی دیکە. ڕێک وەک من.**

**سەربازەکان هەر هەموویان روخسار وەردەگێڕن و، هەوڵدەدەن لە شار بڕوانن. ئەگەرچی ئاسان نیە و بەرچاوی یەکتریان گرتووە. یەکیان دەپرسێ ئێرەیە؟ دەڵێم ئەرێ. ئەو سەری کاروان، لە تەنیشتماڵەکانی قەراغ شار بارگە و بنە خستووە. زیلەکە رادەوەستێ و، فرمانی دابەزین دەدرێ. جووڵە دەکەوێتە ناویانەوە. یەک یان دووان یارمەتیم دەدەن تا دابەزم. قەرەباڵغییەکی سەیر دونیا دادەگرێ.**

**دەڵێ ئەوەیکە بەتووش هیچ شتێکەوە نەببوون خۆشحاڵی کردبوون. ئەفسەرەکە بە دەرکەوتنی شار گوتبووی ئیتر بە خۆشییەوە هەموو شتێک تەواو، بڕواناکا ئیتر لە ناو خودی شار شتێ بقەومێ. ئەوسا بزەیەک لە روخساری دەنیشێ و، بە رانی سەربازەکەی تەنیشتیدا دەکێشێ. دەڵێ پێم وتبوون کە لە ناو شار هیچ خەبەرێک نیە. وتبووی کە نە سەنگەر لێدراوە و نە بەڵێنە کەسێک لەوێوە بەرنگاری بکا. کە دەگەن ئەفسەرەکە دەگەڕێتەوە و بە رەزایەتەوە لێی روانیبوو. دەڵێم دەی دەبووایە ئیتر بیانزانیایە کە تۆ هیچ کارەی و لەخۆوە ئەو شتانەت لە گیرفاندا بوو. گەر بەڕاستی شارەزا بوونایە دەبووایە بیانزانیایە کە تۆ بە تەنیا لەو دەشت و رێگا هیچت پێنەدەکرا. بەدووایا دەبوو دەستبەجێ وەک من ئازادت بکەن.**

کاک میدحەت زۆری داوا لێکردم رۆژێک سەردانی بکەم. وتی گۆشت دەبرژێنێ، تیکە دەکا، ویسکی و بیرە دەکڕێ، جگەرەی وینیستۆنی سویدیشی لە سەر سنوور کڕیوە و بۆ خۆمان دادەنیشین و رۆژێکی خۆش بەڕێدەکەین. من هەر نەمتوانی سەردانی بکەم. بەڵام سەرئەنجام شەوێکیان خەوم بە دیزداشەکەیەوە بینی. لە خەومدا منیش دیزداشەم لەبەردا بوو، بەڵام بە دەرپێی کورتەوە! کاک میدحەت هەڵیدایە و بە بێوازی گوتی ئەدی کو وادەبیتن کاکە جیان! بە قوربان تۆ تەنانەت نازانی کو خەونیش ببینی!

کاک میدحەت سەرئەنجام چووەوە،... سەردانی تارانی کرد، جوانکاری دەمووچاوی ئەنجامدا و بەڵام لە مەریوانەوە رۆیشت. کە هاتەوە سەد سوێند و تەڵاقی خوارد کە لە دەشتی بۆیەنەوە رۆیشتووە و چووەتە هەمان شوێن و بەڵام پردی چی و شتی چی. قەت شتی وای لێنەبووە! ئەوسا ئەوەندەی وت کە درەفەتی پرسیارم پەیدانەکرد! بە خۆم گوت واباشترە کە پردەکە هەمان پرد بێت وا لە بیرەوەریتدا ماوەتەوە.

کە دادەبەزم، سەربازێک بن باڵم دەگرێ و پێش خۆیم دەدا. باڵم دێشێ. لەناو دەستە رەق و بەهێز و تووکنەکەی لە چۆلەکە پەساریییەکی پڕ لە دڵەکوتە دەکەم. باڵ شۆڕ و سرک. بە ترسەوە سەر بەرزدەکەمەوە و، لێی دەڕوانم. ئەو سەرنجی لەسەر شوێنێکی ترە. وەک بڵێی بە شوێن کەسێکدا دەگەڕێ. بە خۆم دەڵێم ئیتر تەواو. هەنگاوەکانم ناگەنەوە بە هەنگاوەکانی.

کۆپتەرەکان پەیدادەبنەوە، ئەمجارە ئاگام لێیە لە دەشتەکەی ئەوبەری جادەکە دەنیشنەوە و دیسان بەرزدەبنەوە. لە دەشتەکەی داوێنی بابۆس.

**کایەیەکی بەردەوام. ئێوارەی بابۆس قەت ئەوەندە لە ژیانیدا قەرەباڵغی بە خۆیەوە نەبینیوە. قەت قەت!**

بابۆس وەک ئالْتون لەبەر تیشکی زەردەپەڕی ئێوارەدا دەدرەوشێتەوە. دەڵێی کێوی ئاڵتونە لەو ناوەدا قوت بووەتەوە. دیمەنەکە ئەوەندە روونە کە بەردەوام سەرنجم دەچێتەوە سەری. سەربازەکان بە دەنگی بەرز یەکتر دەدوێنن. هەموویان سەرقاڵن. بە دوو لایەنی جادەکەدا بڵاودەبنەوە، شمەک دادەگرن، بەرەو شوێنێک بەپەلە دەڕۆن و دەستەدەستە بەیەکەوە رادەوەستن. ئەوەی وا من راکێش راکێش لەگەڵ خۆی دەبا، دەڵێی چاو بۆ شتێک دەگێڕێ. وەڕەزە. سەرئەنجام بە تووش یەکی ترەوە دەبێ کە خەریکە شتێک بۆ چەند سەربازی تر شیدەکاتەوە و، هاوکات بە شوێنیک ئاماژەدەکا. وەک بڵێی دەیناسێ، بۆیە جورئەت بە خۆی دەدا و دەپرسێ کە لەگەڵ ئەم منداڵە چی بکا. بە سەرسوڕمانەوە لێماندەڕوانێ. دەڵێ لە رێگادا گرتوویانم و ئیستا نازانێ چی لەگەڵ من بکا. کەمێک لە من رادەمێنێ و پاشان چاوێک بە دەوری خۆیدا دەگێڕێ و، دەڵێ پێم وابێ جەنابی فەرماندە لەم دەوروبەرەیە، بیبە لای ئەو. ئەوسا درێژەی دەداتێ کە دڵنیایە لەو سەرەوەیە لەبەر ئەوەی ماشینەکەی بینیوە کە لە دووای ئەمانەوە بووە. بەناو زیلەکاندا بەردەوام دەبین. یەک لە دووای یەک. دەڵێی

**کۆتاییان نیە. زیلەکان لە کەنار ڕێگا لایانداوە و ڕێگایان بۆ هاتوچۆ کردووەتەوە. بەڵام جگە لە خۆیان هیچ ماشینێکی شەخسی نابینرێ. زەردەپەڕی ئێوارە جاری وایە لە شووشەی زیلەکانەوە شەوقدەداتەوە و چاو ئەزیەتدەکا. کەمکەم ژانی باڵم زیا و زیاتر دەبێ. سەربازەکە توڕە دیارە و گرژ، دەیەوێ هەرچی زووتر لە دەستی من ڕزگاری بێت و بچێ بە لای کاری خۆیەوە. وەک بڵێی دەزگیرکردنی منداڵێک لە جیاتی زددی ئینقلاب، لەدووای بڕینی ئەو هەموو ڕێگایە لەبەر چاویدا کەمێک گاڵتەجاڕانە دەینواند.**

**کە کاروان ڕاوەستا، لەسەر جادەکە بە قۆڵبەستراوی دایانیشاندم. نیگابانێکیان بەدیارەوە دانام. ئەفسەرەکە دوورکەوتەوە. دوواتر سەربازێکی تر هات و، لەگەڵ نیگابانەکە دووا. ئەوەنەی پێنەچوو جیپێکی تر هات، سواریان کردم و بەرەو شوێنی هێلیکۆپتەرەکان بردیانم.**

**هێلیکۆپتەر!؟**

**ئا، هێلیکۆپتەر. سەرەتا وامئەزانی ئەمبەنە ئەو پشتەوە و لەناو چەمی زریزی یان چەمی گەورە دەمکوژن و، تەواو. زۆر ترسام. بەڵام بە خۆم وت بڕواناکەم، گەر بیانویستایە بمکوژن هەر ئەو کات ئەیانکوشتم. ئەوەیکە چەفیە لەملەکەیشمان لەگەڵ نەبوو، ئەوەنەی تر دڵنیای ئەکردم.**

**سواری کۆپتەریش بووی؟**

**سێبەرەکە بزەیەکی دێتێ و، دەڵی ئەیچۆن. بەدەشتی بەر بابۆس و دۆڵی کەلیخان و لەوێوە بەسەر گەردەنەی خان و بەدیوی کێلەشین و**

سەقزدا لێمانخوڕی. سەرئەنجام هەموو ئەو شاخانەم لە ئاسمانیشەوە بینی. هەڵبەت وەک تۆ نایەمەوە.
راستدەکا وەک من نایەتەوە. ئەو تەنیا یەک جار سوار فڕۆکە بووە و من بە دەیان جار لە دووای ئەو ساڵە. لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵات. لە کاتێکدا هیچ چەکدار و مەترسییەک لەسەرم نەبووە. لە خۆمدا کەمێک هەست بە شەرمەزاری دەکەم. چۆن بوو منێک کە ئەوەندە لە جیهانێکی تر و خولیایەکی تردا دەژیام، لە دونیایەکی تەواو پێچەوانەدا خۆم بینییەوە... دوور دوور لە باکوور. دەڵێم ساڵانی دوواتر زۆر شت گۆڕا.... زۆر شت. باوەڕناکەی. ئەوەی لە چیرۆکە خەیاڵییە زانستییەکاندا بۆت دەخوێندمەوە و هەمیشە باست لەسەر دەکردن، وەک بڵێی هەموویان هاتنەدی. ئیستا کە بیر لەو ساڵانە دەکەمەوە دەڵێی خەیاڵن، لە راستیدا ئەو ساڵانە ئیستا وەک چیرۆکی خەیاڵی دێنەوە بەرچاو، باوەڕناکەم وەها ژیابێتم. ئەوەی تۆ خەونت پێوەدەبینی و نەتبینی، من بینیم. ئەوەی من بینیم و ئیستا بۆ بینینەوەی خەونی پێوە دەبینم، ئیتر قەت نایبینمەوە! سەیرنیە؟ تەنیا... تەنیا ئەوەیکە ئەو رۆژە بەتووش ئەو کاروانە سەربازییەوە نەبووینایە، پێم وابێ یەکجار وەهای لێنەدەهات. هەر ئەوەندەی ئەو رۆژە تۆ لەماڵ نەهاتیتایە دەر، من لە تۆپبازی بەردەوام بوومایە و قایل بە حەوشەی پشتەوە و دایکیشم بیگوتایە کە نا، ئەمرۆ مەڕۆن... هەر ئەوەندە! دڵنیام داهاتوو دەبوو بە شتێکی تر. چیدەبوو وەک ئەو خەڵکەی تر، وەک دارای کارمەند، عەبدول، شێخ سدیق و... لە ماڵەوەی خۆمان دانیشتینایە و

**نەجووڵاینایە! یان وەک خاگوڵناز و عومەری کوڕی کەمێک لە ڕێگا لاماندایە. ها؟ تەنیا چەند میترێک!**
**بیری تابلۆی "شەوی ئەستێرەکان"ی مونک دەکەومەوە. دڵنیام گەر لابکەمەوە ئیستا لەسەر دیوارەکە ڕێک لە شوێنی تابلۆی "قیژە"کەیە. دەنگی دووری کۆپتەر مونکیشی هەراسان کردووە و، ناهێڵێ ئەمشەو ئارام و قەراری هەبێ. شەوی ئەستێرەکان، کێشانی لە ساڵی ١٩٢٢ تا ١٩٢٤ی زایین. ڕووانینێک لە دەرگاوە بەرەو ئاسمان. شین و ڕەش و... گەمەی تیشکە دوورەکان. دەلێم چارەنووسی تۆ بەستێنی شەو و هی منیش ئەو ئەستێرە دوورانە بوو.**
**کۆپتەرەکە وەک شەقشەقە دەلەرزێ. وەک خەڵکی ئاسایی تەنیا منی تیابووم. لە پەنجەرە چکوولەکەیەوە سەیری زەویم ئەکرد. بە خۆم وت بڵێ چیت بەسەرهاتبێ. چەن جارێکی تر ویستم بپرسم، پرسیشم، بەڵام مەگەر جوابیان ئەدامەوە!**
**من کە ڕووم نایە بڵێم تۆم هەر بە یەکجاری لەبیرچووبووەوە، هەوڵدەدەم خۆم بەوە ڕازیبکەم کە تا مونک لە ژوورەکەدایە هەلەکە بقۆزمەوە و بێدەنگ بم باشترە. نەکا دەست بۆ قەڵەمەکەی ببا و ئەمەیش بکێشێتەوە! وەک دوواتابلۆی نەهامەتیی مرۆڤێک کە ترس زۆر ئاسان تاوێک لەوە پێشی پێ لەبیربردبووەوە. بەڵام وادیارە مونک خۆی دەخافڵێنێ و نایەوێ بڕواتەوە دەر. بە بێ ئەوەی لابکاتەوە، هەروا بە هەڵواسینی تابلۆی شەوی ئەستێرەکانەوە مەشغوڵە.**
**عەزیزی مامە سەلیم کە بە هەڵکەوت ناسراوە و ئەمە نازناوەکەیەتی و لە کاتی شۆڕش لەسەر خۆی ناوە، لەو کاتەدا کۆپتەرەکان لە بەر**

دەشتی بابۆسەوە هەڵدەنیشتن و هەڵدەفڕینەوە، لەگەڵ پۆلێک چەکدار بە حەسرەت و رقەوە لە سەر گردی 'بەڕۆژی هەنجیران' لە سەر ڕێگای سەردەشت نزیک گوندی کەوپێچ٢٦ دانیشتبوون و سەیری دیمەنەکەی بەردەمی خۆیانیان دەکرد. کاک هەڵکەوت کە بەئازایەتی ناوبانگی دەرکردبوو و، خۆی گوتەنی یەکەم کەس بوو لە کاتی خۆپیشاندانەکانی دژی رژیمی شا کلاشینکۆفەکەی لە ژێر پاڵتۆکەیەوە بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە خەڵک شاردبووەوە، پیشی دەخواردەوە کە چۆن چۆنی بوو بەمەیان نەزانیبوو و حکومەت ئەوەندە ئاسان شاری گرتبووەوە. بەڵام هاوکات دڵنیا بوو کە هێشتا هەوەڵی داستانەکەیە و ئەوەی بە هاسانی بە دەست بێ بە هاسانیش لەدەست دەچێتەوە. بۆیە لەکاتیکدا کلاشینکۆفە مزەللییەکەی لەناو مشتدا دەگوشێ، سوێندی خوارد وەها تۆڵەیەک لە سوپای داگیرکەر بکاتەوە کە وێنەی نەبێ و، نەوە لە دووای نەوە بۆ یەکتری بگێڕنەوە. کاک هەڵکەوت دووربین دەخا و بەجوانی هەموو جموجووڵێکی لە ژێر کۆنترۆڵدایە. تەنانەت ئاگای لەو جیبەیشە لە جادەکە جیادەبێتەوە و بەرەو هێلیکۆپتەرەکان دەچێ. زەردەپەڕی ئێوارە کە دەڵێی وەک گڵۆپێکی بەهێز هەموو دیمەنەکەی بەردەمی ڕووندەکاتەوە، ئەوەندەی تر چیرۆکە نەخوازراوەکە لەبەرچاویدا بەرجەستە و بەرجەستەتر دەکاتەوە. جاری وایە هەستدەکا گەر دەست ببا دەتوانێ بە پەنجە کەسەکان بگرێ و جێبەجێیان بکا. هەر لە سەربازەکانەوە بگرە تا ماشین و زیلە سەربازییەکان.

دەڵێم حەیف پەنجەکانی کاک هەڵکەوت ئەو ڕۆژە نەگەییە تۆ!

دەڵێ، ئا، ئەوسا وەک داشێکی دامە لە ڕووبەری کایەکە دەرتهاوێ!

سەربازەکە کە هەر مل دەگێڕێ و هیچ نابینێتەوە، وەڕەز و بێتاقەت لە سەر جادەکە لادەدا و دەچێتە دەشتەکەوە. منیش لەگەڵی. لێرەوە باشتر دەزانێ چ خەبەرە و کێ دیارە و کێی لێ نادیار. کەمێک رادەوەستێ و ئینجا بەپەلە هەنگاو هەڵدەگرێتەوە. دەنگی بەرادەر بەرادەر ئیستا زیاتر دەبیسترێ. وەک بڵێی وەزعەکە ئاسایی بووبێتەوە و، کتوپڕ سوپا بەوەی زانیبێ کە شتێکی وەها لە گۆڕێدا نیە. من زوو زوو لادەکەمەوە و لە شار دەڕوانمەوە کە دیسان لێم دوور و دوورتر دەکەوێتەوە. لەبەر خۆمەوە ئاهێک هەڵدەکێشم، بیر لە مالی خۆمان دەکەمەوە، لە حەوشەی پشتەوەو لە تۆپەکە... ئاه خانوو و کۆڵانەکان!

راستی بۆ کوێیان بردی؟

بۆخۆیشم نەمئەزانی. لەو حەواوە هەموو شتێکت لێ تێکئەچێ. ئەمزانی بەرەو سەقز ئەڕۆین، بەڵام هیچ شوێنێکم نەئەناسییەوە. هەتا سەربازخانەکەی سەقز. لەوێ ئەو شەوە هێشتیانمەوە و بۆ رۆژی دوواتر بۆ سنە بەڕێیان کردم. دیسان بە هێلیکۆپتەر. دوو پەروانەیەک. لە پادگانی سەقز لە ژوورێکیان خنیم. لەگەڵ چەن کەسی تر بووم. ئەوانیش گیرابوون. هەموومانیان پێکەوە بەڕێکرد. پێموابێ دە کەسێک ئەبووین. هههە... چەننە لام سەیربوو! باوەڕم نەئەکرد. ئیتر زانیم لە بەینی فیلم و راستیا ئەوەننە فاسڵە نیە.

وتم رەنگە تەنیا لە قارەمانەکاندا جیاوازییان هەبێ، ئەوەیکە کەس ئەوەننە ئازا نیە و جگە لەوە هەموو شتێ لە سەعات و نیو یان دوو سەعاتدا تەواونابێ!

**هەموو ئەو شەوە بێدەنگ بوون. کەس خەوی لێنەئەکەوت. بەعزێ ئەگریان، بەعزێ هەناسەی قووڵیان هەڵئەکێشیا و هەندێکیش بێدەنگ بوون و تەنیا لە سەقف یان لە عەرزەکەی بەردەمی خۆیانیان ئەڕوانی.**
**راستە، کتوپڕ ژیان بوو بە فیلم!**
**کاک هەڵکەوت دەستەکەی ژێر فرمانی جووڵاند، بە سەر دوو گوندی میراوای سەروو و خوارووودا٢٧ دابەشی کردن و ئەو شەوە ئەگەرچی دەیزانی سوپای حکومەت بۆ شوێنی تر ناکشێ، بەڵام بە جوانی کێشکی خۆیاندا. تەنانەت لە سەر پردی سوێروێ، لەسەر رێگای بانە ـ سەردەشت بۆ دڵنیایی زیاتر کەمینیشیان دانا. هەوا بۆنی دوژمنی دەدا. سێبەرەکانی شەو زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە مانایان لە خۆیان گرتبوو. هەموو کەس زیاتر لە جاران خەیاڵاوی ببوو. کاک هەڵکەوت بیری یەکەم چالاکیی سەربازی ئەو شەوە لە مێشکی دەدا و، بڕیاردەدا لەم شەوانەدا بچنە ناو شار. بەڵام سەرەتا پێویستە لەگەڵ تەشکیلاتی شار قسەبکا. دڵنیایە هەموو شتێ زۆر بە ئاسانی جۆر دەبێ و، ئەوان دیسان بەسەر وەزعەکەدا زاڵدەبنەوە. سەرئەنجام دەمەوبەیانی خەوێکی قووڵ دەیباتەوە. لە خەویدا بە 'ئار پی جی' کۆپتەرێک لە بناری بابۆس دەخاتە خوارەوە و، خەلەبانەکەیشی کە یەکی لووسکەی تارانی بوو دەگرێ و تەحویلی سەرکردایەتی دەدا. بۆ سبەی دەم بە پێکەنین لەخەو خەبەری دەبێتەوە. ئەگەرچی بیستوویەتی خەو پێچەوانەیە، بەڵام ئەوەیش دەزانێ کە دڵ و دەروون لە تەعبیری خەودا زۆر گرینگە. کاک هەڵکەوت لە دڵ و دەروونی خاوێن و بێ غەل و غەشی خۆی دڵنیایە و، بۆیە دەزانێ کە بە تەئکید رۆژێک کۆپتەرێک دەخاتەخوارەوە، جا لە**

دەشتی بابۆس بێت یان هەر شوێنێکی تری ئەم شاخ و کێو و دۆڵ و بەندەنانە. هەر وایش دەبێ. دوو ساڵ دوواتر، لە شەڕێکی قورسدا کۆپتەرێک لە دەشتی بۆیەن سەرەونخوون دەکا.

دەڵێم کاک هەڵکەوت بەجۆرێک راستی دەکرد. شەڕ سالانی ساڵ بەردەوام بوو.

دەڵێ هەڵەی هەموو تفەنگ لە شانێک لەوەدایە کە پێیان وایە سەرئەنجام ئەوانن سەردەکەون! هەر بەو تەماعەیشە وازناهێنن.

دەڵێم دەی سەرئەنجام یەکیان هەر سەردەکەوێ.

دەڵێ تا مەبەست لە سەرکەوتن چی بێت.

ئەو یەک دوو خانووەی لە تەنیشت چەمی زریزییەوە بوون، هەزار سوێندیان دەخوارد کە قەت قرپۆکەکانی ئەو چەمە و بگرە چەمی گەورەیش بە قەد ئەو ئێوارەیە و ئەو شەوە قیرەقیریان نەکردبوو. کاک نەجمە کە کرێکارە و بە رۆژ دەچێ لە شار کرێکاری دەکا و بە ئێواران بە دڵقێک بە دەستییەوە لۆژەلۆژ لە پشت بانەکۆنەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی دەبێتەوە، ئەو رۆژە تا درەنگان لە خوارەوەی ماڵەکانی پشت بانەکۆن دانیشت و، نەیوێرا بڕواتەوە. کە دونیا تاریک داهات، هەستایە سەرپێ، قنی خۆڵاویی خۆی تەکاند و غیرەتی دایە بەر خۆی و بەڕێکەوت. کاک نەجمە هەتا سالانی ساڵ باسی قرپۆکەکانی چەمی زریزیی خەرمانانی ساڵی پەنجا و هەشتی هەتاویی دەکرد.

له نیگارکێشاندا زیرەک بوو. ئەندامی چوست و چالاکی تارزانی بە قەڵەمی رەش دەکێشایەوە، هەروەها وایکینگ، کویستان، روخساری مرۆڤ و... خانوویەک لە تەنیشت جۆگەلەیەکدا بە باغێکی سێوەوە. لاساییم دەکردەوە و هەوڵمدەدا منیش وەک ئەو بیانکێشمەوە، بەڵام قەت نەمتوانی. نەققاشییەکانم لەچاو هاوپۆلەکانی خۆم باشتر بوون، بەڵام لەچاو ئەو ئاستیان لە خوارەوە. بگرە هەر نەتدەتوانی لەگەڵ یەک هەڵیانسەنگێنی. زۆر جار دادەنیشتم و تەمرینم دەکرد، کەچی زۆر سوودی نەبوو. بۆیە بەرەبەرە فەرامۆشم کرد و، ئیتر بەو شێوەیە نەچوومەوە سەری. هەرچەند لە کاتی بێتاقەتیدا لە سەر کلاس لە گۆشەیەکی دەفتەرەکەمدا دەستم دەکردەوە بە کێشانەوەی هەمان وێنەگەل: تارزان، وایکینگ، کویستان و... خانوویەک لە تەنیشت جۆگەلەیەکدا بە باغێکی سێوەوە.

گوتم کە تابلۆکانی 'ئێدوارد مونک'م بینی، بە خۆم گوت دەبووایە منیش ببوومایە بە نیگارکێش، بەڵام ئیتر ساڵەکان تێپەڕیبوون. ناچار خۆم بە تابلۆکانی ئەوەوە سەرقاڵکرد. باکوور جارێکی تر سەرنجی بەرەو تابلۆ هونەرییەکان راکێشامەوە. گوتم تۆیش نەتتوانی زۆر درێژەی پێبدەی. خەرمانانی ساڵی پەنجاو هەشت نەیهێشت.

دڵنیام بە ریزی وێنەکانی، وێنەی رووداوی تەنیشت پردەکەیش زیاد دەبوو، هەرچەند وردەکارییەکانی زۆر جوان لەبیرنەمابوو. دڵنیابووم بە دەیان و رەنگە بە سەدان جاریش دادەنیشت و دەیکێشایەوە تەنیا بۆ ئەوەی بێتەوە بیری کە ئەو رۆژە بە جوانی چی گوزەرا.

هەروا کە بە تەنیشت جادەکەدا و لە ناو دەشتەکەدا تێدەپەڕین، لە دوورەوە پۆلێکی چەند نەفەرەمان بینی کە جیاواز دەیاننواند. چەند کەس بە پێیەوە دەوریان لە شتێک دابوو، سەر و شانیان نەوی کردبوو و چەند چەکدارێکیش بە دەوریانەوە، کەمێک لەولاتر، وەک بڵێی چاوەدێرییان دەکردن. هەنگاوەکانی خێراتر کرد و ئەوەندەی تر منی بە شوێن خۆیدا راکێشا. دەشتەکە وەک سەر جادەکە نەبوو، جاری وابوو لەترم دەدا و بەرد و کلوەگڵەکان رێگایان پێدەگرتم. هەموو جەستەم سەر ئارەقە نیشتبوو. ژانی قۆلم هەتا دەهات زیا و زیاتری دەکرد. بەڕاستی ئاگای لێنەبوو من چەندە ئازارم هەبووا؟ من وازم لەوە هێنابوو کە بە نیگاکانم تێیگەیەنم پێویست ناکا ئەوەندە قۆلم بگوشێ و ئەوەندە بە شوێن خۆیدا رامکێشێ. تا دەمتوانی هەوڵمدەدا دووانەکەوم، بەڵام چەندە بێسوود بوو!

پیرەمێردێک بە شەڵوارێکی زەرد، ، کڵاوێکی سوور، کراسێکی سپی و شینەوە خۆی بە ژوورەوەدا دەکا، منداڵێکی حەوت هەشت ساڵانی لە تەنیشتدایە، منداڵێک بە شەڵوارێکی رەش و کراسێکی شینەوە. لەگەڵیان ئاسۆیەک رێدەکا، ئاسۆیەک لە دەریا و لە زنجیرەکێوە دوورەدەستەکان. پیرەپیاوەکە بەردەوام خەریکی گێڕانەوەی شتێکە، بەسەرهاتێک. منداڵەکەیش غەرقی گوێگرتن. هیچیان ئاگایان نە لە من و نە لە سێبەرەکە نیە. ئاگام لێیە ئارام رادەخوشن و، دەچنە ناو تابلۆکەی پشت سەری منەوە. ئەوسا پیرەمێردەکە درەختێکی کۆنی قەد ئەستوور بە لک و گەڵاکانییەوە لە گیرفانی دەردێنێ و لە تەنیشتی دا دەیچەقێنێتەوە و لە کاتێکدا خۆی لەسەر بەردێک دادەنیشێ و منداڵەکە لە رووبەڕوویدا رادەوەستێ، دەستدەکاتەوە بە گێڕانەوە. نیگارێکی تری مونک.

کۆپتەرێک بە سەرسەرمانەوە تێدەپەڕێ و، لە دەشتەکەدا دەنیشێتەوە. دیسان تۆزێکی خەست، گەردەلوولێک، دەشتی بابۆس لە خۆی دەگرێ. گەردەلوولەکە لەبەر تیشکی زەردەپەڕدا دەبێ بە دونیایەکی بێ ئەژمار لە دنکەتۆزە ئاڵتوونااوییەکان. بە سێبەرەکە دەڵێم ئەو رۆژە چەندە هەموو شتێک بە پێچەوانەی فەزای شینباوی تابلۆکانی مونک، زەرد و ئاڵتوون ئاسا بوون!

دەڵێ ناو هێلیکۆپتەرەکەیش هەر وا بوو. هەموو شتێک زەرد زەرد. لەو سەرەوە بینینی رۆژئاوا چەننە دژوار بوو. بۆیە خوومدایە باکوور و رۆژهەڵات. گوندەکانی ترخاناوا و بارەوەران لەو ژێرەوە چەن داماو و داتەپیو ئەهاتنە بەرچاوم. لەو سەرەوە دونیا چەن خێرا تێئەپەڕی!

لە پۆلەکە نزیک دەکەوینەوە. سەربازەکە هەنگاوەکانی خاودەکاتەوە و، چاوەڕوانی هەلێکە. بەڵام کەس سەرنجی ناچێتە سەر ئێمە. ئەوان یەکجار سەرقاڵن. نەقشەیەک بە دەستی چاویلکە لە چاوێکیانە کە هەر هەموویان پێیەوە سەرقاڵن. چاویلکە لە چاوەکە بەردەوام قسەدەکا، بە پەنجە ئاماژە بە نەقشەکە دەکا و، پاشان دەست بەرەو دەشت و دەرەکە رادەکێشێ. ئەفسەرەکانی دەورووبەری لادەکەنەوە و لەو شوێنانە دەڕوانن وا چاویلکە لەچاوەکە مەبەستیەتی. سەربازەکە دڕدۆنگ و نادڵنیا بە ئەسپایی چەند هەنگاوی تر هەڵدەگرێ و، زیاتر لێیان نزیکدەکەوینەوە. سەرئەنجام ئەوەندە نزیکدەکەوینەوە کە بە لاکردنەوەی یەکیان ئەو جورئەتە بە خۆی بدا کە "قوربان ببورە! منداڵێکمان گرتووە و نازانین چی لێبکەین!" هەموو پۆلەکە سەیرمان دەکەن. چاوە بچووکەکانی پشتی عەینەکە شووشە ئەستوورەکان لە سەر من قەتیسدەبن.

شار کە لە مێژە هەستی بە کاروانە سەربازییە گەورە و گرانەکەی تەنیشت خۆیدا کردووە، کش و مات چاوەڕوانە بزانێ سەرئەنجام چی دەبێ. سەرەتا بە بێ پەلە و بە هەڵسەنگاندنی تەواوەوە چەند ماشینێک پڕ لە سەرباز خۆیان بە شاردا دەکەن. مەبەست گرتنەوەی شوێنە ئیدارییەکان و شارەبانییە. لەگەڵ ئەوەی کۆڵانەکان تەنگ و پێچاوپێچ و نادیارن، بەڵام سوپا بەشی ئەوەندە کۆنترۆڵی هەیە کە بزانێ چییان تیادەگوزەرێ. بە گوێرەی بۆچوون و فرمانی فەرماندە، زددی ئینقلاب لەناو شاردا نەماوە، بەڵام سوپا دەبێ ئیحتیاتی خۆی وەربگرێ. هەر لەم کاتەدا کاک هەڵکەوت بۆ ئەوەی بە تووش پێکدادانێکی

نەخوازراوەوە نەبن، هێزەکەی خۆی کۆدەکاتەوە و فرماندەدا کە بە دیوی کەوپێچدا داگەڕێن و دووربکەونەوە، بەتایبەت کە جاری وایە کۆپتەرەکان زۆر لێیان نزیک دەکەونەوە. شار چۆڵ دەنوێنێ. جگە لە پشیلە و سەگە بەڕەڵلاکان کە قەت نەیانزانی نیشتمان ماوەی ساڵێکە لە هەڵچوونێکی سەیر و سەمەردایە و بۆیە وەک هەمیشە لە سووڕ و لەگەڕانی خۆیاندا بوون، کەس بەدەرەوە نەبوو. کەڵەشێرێک کە لە دیمەنی کاروانی سەربازەکان سەری سووڕمابوو، بۆ ماوەیەک بە لاچاو لێیان راما و بۆیە لەو پۆلە مریشکە دوواکەوت کە خۆیان بە کۆڵانەکەدا کردبووەوە.

کتوپڕ بە سواربوونی هێلیکۆپتەرەکە ترس رەوییەوەوە و ئەم جارە هەموو شتێ بۆم سەرنجڕاکێش ببوو. وەک بڵێی چاوم جوانتر ئەیبینی و بیرم باشتر کاری ئەکرد. وەزەعەکە وای نەئەنواند کە سەرەتا نواندی. کەس کاری بە من نەبوو. هەموو خەریکی کاری خۆیان بوون. منیان بە دەستی بەستراوەوە لە گۆشەیەک دانابوو و ئیتر سەرقاڵی کاری بەزمی خۆیان. بە خۆم وت هیچ نیە ئازادم ئەکەن و ئەمەیش تەواوئەبێت. بەتایبەت کە ئاویان بۆ هێنام و سەربازەکە نەک گرژ و مۆن نەبوو، بەڵکو میهرەبانیش ئەینواند. تازە خۆ هیچمان نەکردبوو، مەگەر کێمان کوشتبوو یا کوێمان تەقاندبووەوە... هیچ! بە خۆم وت سواری هێلیکۆپتەریش بووی!

شار یەکەم جار بوو لە دووای سالانی ساڵ کاروانێکی وەها گەورە و گرانی سەربازیی بە خۆیەوە دەبینی. رەنگە دوواجار سەردەمی گرتنەوەی بانە بووبێ لەلایەن رەزاشاوە و دەرکردنی حەمەرەشی خان.

ڕێک سی و پێنج ساڵ لەوە پێش. بەڵام ئەو جارە سوپا لە کەلیخانەوە هاتبوو.

سێبەرەکە بزەیەکی دێتێ. دەڵێ کەواتە سوپای حکومەت لە مێژوو دەرسی وەرگرتبوو و کەچی حیزبەکان نا!

دەڵێم چۆن؟

دەڵێ زۆر سادە! سوپا هەمیشە بە هەمان ڕێگادا ناڕواتەوە تەنانەت گەر تیاشیا سەرکەوتبێ. کەچی حیزبەکان بە پێچەوانەوە بیریان کردووەتەوە. جیاوازیی ناو حکوومەتی ناوەندی و نەیارانی هەمیشە ئەمە بووە.

من زۆر باوەڕم بەم بۆچوونەی نیە و، بۆیە هیچ ناڵێم. بەڕای من سەردەمی شۆڕش لەوە ئاڵۆزترە بەم شێوەیە بۆی بچین.

چاویلکە لەچاوەکە، فرماندەدا بچینە پێشەوە. سەربازەکە بن باڵم زیاتر دەگوشێ و ژان بە پڕتاو ئەوەندەی تر خۆی بە جەستەمدا شۆڕدەکاتەوە. شانی چەپم بێڕەحمانە بەرەو حەوا کشاوە. سەربازەکە دەڵێ لە ڕێگادا گرتوومانە و، ئیستا نازانن چیم لە بکەن. کە دەگەین، دایرەکە دەکشێتەوە و، من خۆم لە ناویاندا دەبینمەوە. سەربازەکە لە دوواوە راوەستاوە و منیش چاوێک بە ئەفسەرەکاندا دەگێڕم. عەینەک لە چاوەکە، کە کڵاوێکی سەوزی پەڵەپەڵە و بە هەمان شێوە جل و بەرگێکی خاکیی پەڵەپەڵەی لەبەردایە، بەسەر سەرمدا خواردەبێتەوە و میهرەبانانە بەڵام جیددی دەپرسێ ناوم چییە. من چاوێکی تر بە ئەفسەرەکاندا دەگێڕم. هەندێکیان بە دەممەوە پێدەکەنن. دڵم دەکرێتەوە و جورئەتی زیاتر پەیدادەکەم. بە درۆ دەڵێم ناوم مەحەممەدە! دەڵێ

باوکت چکارەیە، بە درۆ دەڵێم کرێکار! دەپرسێ موسوڵمانم؟ بزەیەکم دێتێ و دەڵێم ئەیچۆن، ئێمە هەمووومان موسوڵمانین! ئەوسا بیری دوو سێ ساڵ لەوە پێش دەکەومەوە کە لەگەڵ هاوتەمەنەکانم لە کاتی رەمەزان ئێوارەیان دەچووین بۆ مزگەوت، لە پشت سەری گەورەکانەوە رادەوەستاین و نوێژمان دەکرد. من هەموو رستەکانم نەدەزانی، بەڵام ئەمە بەری بەوە نەدەگرت لەبەر خۆتەوە نەچرپێنی و وای نەنوێنی کە نایزانی! چاویلکە لەچاوەکە کە ریشێکی رەشی چڕیشی هەبوو ئەملاولای ماچکردم و گوتی "کوڕی خۆم، هەڵێ بڕۆوە بۆ ماڵەوە!" من هەر وا عەبەساو لێم دەڕوانی. دای بە شانمدا و گوتی دەی کوڕی باش هەڵێ بڕۆوە، دایکت چاوەڕوانتە!

دەڵێم ببورە لە بیرم چوو باسی تۆیش بکەم. هەر ئەوەندەی پێم بگوتایە دڵنیام تۆیشی ئازاد دەکرد و، ئەو ئێوارەیە پێکەوە دەرۆیشتینەوە. نازانم بۆ ئەوەندە گێل بووم. نازانم بۆ ئەوەندە ترسابووم! ئەوسا شتێک بەربینگم دەگرێ، گەرووم شێتانە دەماسێ و لەوانەیە بخنکێم. دەست بە دیوارەکەوە دەگرم.

ماوەیەک هیچمان هیچ ناڵێین. وەک بڵێی ئەو بیر لەو ساڵانە دەکاتەوە کە دەیتوانی لە دووای خەرمانانی پەنجاو هەشت هەبن. بە دەیان خەرمانانی تر. دەیان دەشتی ئاڵتووناوی تری بەر بابۆس. ئەو کاتانەی دیسان دەمانتوانی پێکەوە لە بەر ئەشکەوتەکانی جنێرەوە سەیری رۆژئاوا بکەینەوە و، خەیاڵمان هەتا ئەو پەڕی دەریاکان بڕواتەوە. جارێکیان گوتی دەزانی زەوی خڕە و هەموو خەیاڵاتی ئێمە دیسان رێک دەگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێنی سەرەتای خۆیان!

**هەڵدەستم بەپەلە تایەکی پەنجەرەکە دەکەمەوە. خەریکە دەخنکێم. هەوایەکی سارد خۆ بە ژوورەوەدا دەکا. گوێم لە دەنگی پیرەمێردەکەی ناو تابلۆکەی 'مونک'ە کە روو لە منداڵەکەی تەنیشتییەوە دەڵێ "ئاسۆ بێرەوە مانا پەیدا دەکا و، ئێرەیش بە ئاسۆوە!"**

***

**دوو چەکدارەکەی لە جنێرەوە دابەزیبوون، بە پشتی گوندی بارەوەراندا سەرکەوتن و چوونە دێی مجێسە٢٨. نادڵنیا لەوەی کە ڕەنگە کاروانی سەربازیش لە ڕێگای سەقزەوە بێت، ئەوانی لە جادە سەرەکییەکان دووردەخستەوە. هەرچەند دڵنیابوون کە تەنیا ئەم کاروانەیە وا لە ڕێگای دووئاوانەوە هاتووە و، بە ئەگەری زۆرەوە کاروانی تر لە ئارادا نیە. زرم و کوتی باڵی هێلیکۆپتەر کە لە هەموو شوێنێکی ئاسمانەوە دەهات و دەنگی دەدایەوە، پێی دەگوتن کە خۆیان بپارێزن و بەسەرنجەوە لە دەورووبەریان بڕوانن. سەیرە ئەوەیە هەردووکیان کەواوپانتۆڵی ڕەشیان لەبەردایە و وەک یەکیش جامانەکەیان قیت بەستووە. باڵابەرز و باریکەلەن. یەکیان بڕنۆی درێژی پێیە و، ئەوی دیکەیان بڕنۆی کورت. بڕنۆدرێژ بەدەستەکە خەڵکی 'سونجی ژووروو'وە٢٩ و، بڕنۆ کورت بەدەستەکە خەڵکی 'دڕۆڵە'یە٣٠. یەک ساڵ دوواتر، هەردووکیان لە دوو شەڕی جیاوازدا لەسەر پێچی دڕۆڵە کە لەسەر جادەی بانە ـ سەقزە دەکوژرێن. ئەو ئێوارەیە کاتێک دەگەنە**

**مجێسە، لەلای ماڵە ئاشنایەک کە لە راستیدا دوورە خزمی یەکیانە لادەدەن، ناندەخۆن و پشوویەک دەدەن. بە دووربین تا هەوا تاریک دەبێ جادەی بانە ـ سەقز دەخەنە ژێر چاوەدێرییەوە و بەئاگا لەوەی کە کاک هەڵکەوت لە شوێنێک لە سەر جادەی سەردەشتە، بڕیاردەدەن لەپاش کەمێک حەسانەوە بە تاریکی لە جادە بپڕنەوە و خۆیان بگەیەننە دەستەکەی ئەو.**

**دەڵێم لەبیرتە دوو چەکدارەکەمان بینی لە جنێرەوە هاتنە خوار و پێیان گوتین کە بگەڕێینەوە باشترە؟ دەڵێ ئەرێ. دەڵێم نازانم چییان بەسەرهات. خۆزگە دەمزانی! دەڵێ یان کوژراون، یان بریندار، یان وازیان هێناوە و دوواتر مردوون، یان وازیان هێناوە و بەردەوام زیندوو! من کە بەم وەڵامەی قنج دەبمەوە و لام وایە گاڵتەم پێدەکا، ئەوەندەی پێناچێ خێرا خاودەبمەوە و لە دڵی خۆمدا دەڵێم راستە بێگومان وایە! لە راستیدا چارەنووسی مرۆڤ لەمە زیاتر نیە. دەڵێم دەزانم، مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر کوژراون چۆن کوژراون و ئەگەر زیندوون خەریکی چین. کەمێک بە وردەکارییەوە.**

**بەڵام چ پێویست دەکا من ئەمە بزانم. جاری وایە هەست بە گەمژەیی خۆم دەکەم. باکوور وەهایە. هەموو شتێکی رابردوو، تەنانەت شتە سادەکانیش، ئەوانەی وا لات وایە هیچ بەها و گرنگییەکی ئەوتۆیان نیە وەها لەبەر چاوتدا زیندوو و بەرجەستە دەبنەوە کە لات سەیرە. من جاری وایە خەو بە دوو کەواوپانتۆڵ رەشی باڵابەرزەوە دەبینم کە هێمنانە لە شاخێکەوە دادەبەزن، هێمنانە دەنگم دەدەن مەکە و هێمنانەیش لە دەشتەکەی بەر بابۆسەوە لەچاو وندەبن.**

سێبەرەکە دەڵێ لە ناو کۆپتەرەکەوە چاوم بۆ گێڕان،... بەڵام مەگەر بینینەوە و ناسینەوەیان هەروا ئاسانە! جگە لەوە هێلیکۆپتەرەکە هەتا ئەیتوانی بەرزئەبووەوە... لە ترسا. بەڵام ئەوانیش بێگومان چارەنووسێکیان بووە... وەک ئێمە.

بیر لە وشەی چارەنووس دەکەمەوە. داخۆ شتێک نیە وەک تابلۆکەی مونک؟ ئەو تابلۆیەی وا لە خۆی کێشاویەتییەوە کاتێک نیوەشەو لە نێوان سەعاتی دیواری و جێخەوەکەیدا راوەستاوە. دیسان تابلۆیەک تەژی لە رەنگی رەش و شین. خۆی شین و کاتژمێرەکە رەش. مرۆڤێکی بەتەمەن. چاوەڕوان.

کە لە کۆڕی فەرماندەکان جیادەبمەوە و بە نادڵنیایی رێگایماڵەوە دەگرمەبەر، بەخۆم دەڵێم باوەڕ بە پێکەنینیان مەکە. ئیستا نا ئیستا لە دوواوە تەقەت لێدەکەن. زوو زوو لادەکەمەوە و لە پشتی سەری خۆم دەڕوانمەوە. ئەڵقەی فەرماندەکان دیسان لە نەقشەکە کۆدەبنەوە و، سەرقاڵی کاری خۆیانن. وەک بڵێی من هەر نەبووبم! سەربازەکەیش وندەبێ. لە ناو ئەوانی تردا نایناسمەوە. من لە ترسی ئەوەی تەقەم لێنەکەن، لە دەشتەکە دەترازێم و خۆم بە ناو ریزی زیلەکاندا دەکەم. دیسان وەردەگەڕێم. نا، هیچ هەواڵێک نیە. هەموو بە کاری خۆیانەوە سەرقاڵن. بگرە ئەو سەربازە گەنجە کلاشینکۆف بەدەستەیش وا هەواڵی زددی ئینقلابی لێ پرسیم و بەسەر قەراغی زیلەکەدا شۆڕبووەوە، زۆر خێرا سەرنجی لەسەر من گواستەوەو بە شتێکی ترەوە خەریک بوو. نا، شتێک هەڵە بوو. من نەدەبووا ئەوەندە ئاسان تێپەڕم! کاتێک لە سێڕاکە نزیک کەوتمەوە و ئیتر ئەوەندەی نەمابوو بە قەڵەمبازێک کاروانەکە

جێ بێڵم و بچمە ناو یەکەم خانووەکانەوە، تەزوویەکی خۆش جەستەی داگرتم. ئەوەیکە بەڕاستی لە خەوێکی ترسناک رزگارم ببوو و، دیسان دەچوومەوە ناو ژیانی ئاساییەوە، چەندە خۆش بوو! کە لە دووا ماشینی سەربازی ترازام و ئەم هەستە خۆشە رووی تێکردم، ئیتر لە ترسی ئەوەی نەکا هەموو شتێ وەک خۆی لێ بێتەوە، نەموێرا لابکەمەوە. هەنگاوەکانم خێراتر کرد و، لە سێڕاکە ترازام. رێک لەم کاتەدا بوو کە کۆمەڵێک خەڵکم بینی بە وێنەی رێبەری شۆڕش بە دەستەوە دانەدانە لە دەرگای خانووەکانیان و لە کۆڵانەکانەوە پەیدادەبوون و، بەرەو کاروانی سەربازییەکە دەهاتن. من کە لە دیتنی ئەو هەموو عەکسەی خومەینی سەرم سووڕمابوو و، لام وابوو حاڵ و هەوای شار لە راستیدا شتێکی تر بووە، بەڕاکردن خۆم کرد بە ناو خەڵکەکەدا. هەر گەیشتمە ناویان، لە راکردن راوەستام و بە ئارامی لە کاتێکدا لە دانە بە دانەیانم دەڕوانی، درێژەم بە رێگا دا. تیایانا بوو دۆلکە ئاو و ئاوخۆریی بەدەستەوە بوو و، بە چاوی پڕ لە میهرەبانی یاخود پڕ لە دڵەڕاوکێوە بەرەو پێشوازی سوپا دەچوو.

گوتم تۆ ئەو رۆژە ئەمەت نەبینی.

گوتی ئاساییە، ئەمە بەو مانا نیە خەڵک باوەڕی بەوەی هەیە وا ئەیکا، بەڵکو شت ئەکەن تەنیا بۆ ئەوەی بەر بە کارەساتی گەورەتر بگرن. دڵنیام ئەو خەڵکەی ئەو رۆژە، زیاتر خەڵکی ئاسایی و بەتەمەن بوون. ئەوانەی وا هەمیشە لە دەرەوەی رووداوەکاندا ئەژین و تەنیا کاتێک تێکەڵ ئەبن کە لافاو بێت و هەموو شتێک رامالێ!

دەڵێم راستە، بەڵام هەشبوون باوەڕیان بە گەڕانەوەی حکومەت بوو، تەنیا لەبەر ئەوەی لەو بێ سەروبەرییەی دووای شۆرش رزگاریان بێت. کە لە خەڵکەکە تێدەپەڕم، ئیتر دڵنیا لەوەی چاویان لەمن نەماوە و سوپا سەرقاڵی ئەو خەڵکەیە وا بەرەوپیری دەچوو، دیسان دەکەومەوە سەر هەوای غاردان! بەپەلە بە ناو کۆڵانەکاندا تێدەپەڕم. ئەوسا دێتەوە بیرم کە لە سەر رێگا ماڵی خاڵێکی ترمە وا لە ماڵ نیە و دایەگەورە و باوەگەورەم لەوێن. دێتەوە بیرم بەڵێن بوو ئەوان ئاگایان لە ماڵەکەی بێت. ئەویش وەک هەموو ئەوانەی تر، وا لە خۆیان زۆر دڵنیانەبوون، لەگەڵ ژن و منداڵ شاری جێهێشتبوو. لە جیاتی ئەوەی لە درگا بەم، بەزەحمەت بەسەر دیواری حەوشەدا سەردەکەوم و لە ناو حەوشەکە دەڕوانم. دایە گەورە و باوەگەورە خەریکی دەستنوێژگرتن و نوێژکردنی ئێوارەن کە نەنکم لە سەر بەرماڵەکەوە چاوی بە من دەکەوێ. بە بینینی من بزەیەکی هاتێ و، دەنگی دامێ ئەوە نەڕۆیشتن رۆڵە؟ راستییەکەی ئەوەبوو کە لە دووای ئێمە دایکم سەردانی کردبوون و بۆی گێڕابوونەوە کە من و خاڵم پێکەوە بەرەو دەشتی بۆیەن رۆیشتبووین. گوتم با رۆیشتین، بەڵام هاتینەوە! نەنکم ناوچاوی تێکنا. پرسی ئەی خاڵت؟ لێرەدا بوو هاتەوە بیرم کە من خاڵیشم لەگەڵدا بووە! هەستێکی غەریب و ناخۆش رووی تێکردم. دەروونم وەک ئەشکەوتەکانی جنێرەی لێهات. هەستم کرد چیتر دەستەکانم وزەیان نەماوە بە سەر دیوارەکەوە رامبگرن. پاش کەمێک رامان، قیڕاندم کە "گرتوویانە!" ئەمەم گوت و خۆم هەڵدایەوە خوارەوە و بە سورعەت دەستم کردەوە بە غاردان. وەک دووادیمەن ئاگام لێبوو نەنکم بە مستەکۆڵە بە سەر سینگی خۆیدا دا.

**لە کاتێکدا رامدەکرد و. با دەمو چاو و لاملی ئارەقاویمی لەگەڵ خۆی دەبرد و فێنکی دەکردنەوە، بە خۆم گوت "راستی بۆ وا لە بیرم نەما!؟" ئەوسا شەرمێکی ترسناک وەک پەڵەهەورێکی رەش و چڵکن هەموو جەستە و رۆحمی داپۆشی و لە خۆی گرت. بێزارییەک لە خۆ، هەموو بوونی داگرتم.**

**دەنگی گرمەی هێلیکۆپتەر دێتەوە. لە ناو ژوورەکەدا، من لە رەنگدانەوەی ئەو تیشکە نادیارانەی ناو دڵی شەودام کە لە پەنجەرەکەوە تێدەپەڕن و هەزار نەخشی رەش و شین دەڕازێننەوە. سەرم قورسە. دەست بە هەر دوو گوێمەوە دەگرم و بە خۆم دەڵێم هیچ کۆپتەرێک هەتا ئەبەد بە ئاسمانەوە نامێنێتەوە و، ئەمەیش تێدەپەڕێ. رێک وەک هێلیکۆپتەرەکانی ئەو ساڵە. ناو قوڕگم دیسان وشکە. دەستدەبەم، قومێک ئاو کە بە زەحمەت لە گەروومەوە تێدەپەرێ، دەخۆمەوە. ئەو رۆژە لە ژێر پردەکەوە بە توونددی تینوویەتییەکی قورس بەرۆکی پێگرتم، بەڵام هەستم پێنەدەکرد. من تەنیا کاتێک گەیشتمە ماڵەوە پێم زانی، دەمم نا بە شێری ئاوەکەوە... وەها کە سک ئێشەم گرت. ئەوسا چەند رۆژ نەخۆشییەکی قورس لە جێگادا خستمی.**

**شەو، تەلەفزیۆن وێنەی فەرماندە چاویلکە لەچاوەکەی بڵاوکردەوە لە کاتێکدا وتووێژیان لەگەڵ دەکرد. وێنەیەکی رەش و سپی بە کڵاوێک و بە هەمان چاویلکەو ریشی چڕەوە. گوتی شاریان گرتووەتەوە و زددی ئینقلابیش تارومار کراوە. دەنگی فەرماندە، کە دەڵێی بە بێ تەل قسەیان لەگەڵ دەکرد، زۆر باش نەدەهات. نە بە باوکم و نە بە دایکم نەگوت کە ئەو پیاوە ماچی کردووم و، میهرەبانانە گوتبووی بڕۆوە بۆ**

**ماڵەوە. سەرم دەخستە ژێر لێفەکەوە و هەتا ماوەیەکی زۆر بە بێ ئەوەی لێفەکە لە سەر خۆم لابدەم، دەمامەوە و بیرم لەو رۆژە سەیرەی خەرمانانی ساڵی پەنجاو هەشت دەکردەوە. جاری وابوو هەستم دەکرد ئەم چیرۆکەم لەیەکیک لە ژمارەکانی 'کیهان بچەها' دا خوێندووەتەوە، کاتێک خاڵم پووڵی پێدەدام بۆ ئەوەی بچم بۆی بێنمەوە. یان یەکێک لە فیلمەکانی سینەماکەی سەرەوە بوو کە پێش دەست پێکردنی فیلمەکان گۆرانی حەمەجەزایان سەردەخست.**

**رادەکشێمەوە و، چاوەکانم دەقونجێنم. خۆشحاڵم لەوەی مرۆڤ توانای قونجاندنی چاوەکانی هەیە. خۆشحاڵم لە گەڵ یەکێک لە تیشکە نادیارەکانی شەو دیسان هەموو شتێک دەبێتەوە بە بیرەوەری. وەک بڵێی وەک مرۆڤی ناو تابلۆکەی مونک، نەک جێگای خەوەکە بەڵکو ئەوە سەعاتەکە بوو لەگەڵ خۆی جارێکی تر هەموو شتێکی بردبووەوە. بۆ کوێ؟ رەنگە بۆ ئەو سەرزەمینەی کە لە دووای ئەو رۆژەی خەرمانانی ساڵی پەنجاو هەشت لە دایک ببووەوە.**

گوێم لە جیڕەی دەرگاکەیە. دەڕواتەوە دەرەوە. بێدەنگ، بێ ترپەی پێ و بێ هەناسەی ماڵئاوایی. سەر بەرزدەکەمەوە و دەستم رادەکێشم کە نا، نەڕوات... بەڵام هیچ دەنگێک لە قوڕگمەوە نایەتەدەر... هیچ ناڵێم. وەک هەمیشە لەوێوە نارِوات کە لێیەوە هات. راستی ئەمشەو لە کوێوە خۆی بە ژوورەکەی باکووری مندا کرد؟ ئەو، وەک هەمیشە، دەڕوا. رۆیشتن بوو و بووە بە پیشەی... لە خەرمانانی ساڵی پەنجاو هەشتەوە وای لێهات. دەمەوێ بڵێم مەڕۆ و دووابەشی چیرۆکەکە با پێکەوە تەواوکەین. باسی سنە و فڕۆکەخانەکەی و... ئەوەی کە لەوێ دوواتر چی روویدا. بەڵام نا، وادیارە حەزی بە گێڕانەوەی ئەم بەشە نیە. دەمەوێ بڵێم گەر ئەم بەشە بەسەر نەکەینەوە و بۆ یەکتری

نەگێڕینەوە، ئەوا بەسەرهاتەکەمان زۆر کەم و کورِییان دەبێ،... تکایە دانیشێ و ئیستا کە لە دووای سالآنی ساڵ بە هەر هۆیەک دەرفەتێک رەخساوە، ئەم چرکانەیش بەفیرِو نەدەینەوە... ئەو هەر دەرِوا... دەرِواو دەرِوا. دەرگاکە، سێبەرەکە لە ناو دەمی هەژدیهائاسای خۆیدا نوقمدەکا. دەرگاکە چەند لە ریشنە چەفیە لەملەکەی ئەو رۆژە دەچێ. قێزەون و ترسناک. بە بێدەنگی بەسەریدا دەقیژێنێ و، پێش خۆی دەدا.

رادەکشێمەوە. نا، نابێ بە شوێنیدا رابکەم. دەنگێک لە دەروونەوە پێم دەڵێ وەک ئەو ساڵە لێیگەرِێم باشترە! دەنگەکە دەڵێ ئەوی رابرد، چیتر ناگۆرِدرێ، جا با جارێکی دیکەیش بیبینیتەوە. دیسان رۆحم ئارەقدەکاتەوە. وەک کانی مەڵاحمە، ئاو لە دەروونمەوە، لە ناخی ناخمەوە هەڵدەدەڵێ و دونیا تەرِو تلیس دەکا. جێگاکەم وەک هەمیشە دەخوسێ. لە پشت ملەوە قژم بە یەکتردا دەچەسپێ و، دڵۆپەکان شۆرِدەبنەوە. دیسان شەرمێکی دەیان ساڵە دەمگوشێ. ئاە مونک فریام کەوە... فریا! تکایە وێنەیەکی تر... تابلۆیەکی تر لە چەشنی قیژە و لە چەشنی جودایی. تابلۆکەی ١٨٩٦. درەختێک و دڵێکی شکاو. ئەشقێکی رەشپۆش! تابلۆیەکی خەرمانانی ساڵی پەنجا و هەشت.

لە دەرەوە دەنگ دێت... "بەهارە بولبول، بولبول بەهارە!" بەهار! بزەیەکم دێتێ. دیسان کەسێک بە ناو کۆڵانەکانی شەودا سەرگەردانە. ساڵی ٦٤ لەبەر چاومدا قوتدەبێتەوە. گوندی بۆیەن لە کاتی ئاوارەیی و بۆمبارانەکانی شەرِی ئێران و ئێراقدا بە ریزە دووکانەکانی پێش ناو دێوە کە بەهارە بولبول تیایاندا دەزرینگێتەوە، دەمباتەوە بۆ باشووری زەوی. کتوپرِ چ تیشک و رووناکییەکی بەهێز دونیا رۆشن دەکاتەوە! پێی

دەڵێم یەعنی ئەو سالآنە دونیا ئەوەندە روون و گەشیش بوون... من کە باوەڕناکەم. باکوور ناهێڵێ باوەڕبکەم. مرۆڤ چەندە ئاسان بە تیشکە بێ هێزەکانیش رادێ. حەزدەکەم پێی بڵێم کە زۆر شتیشی لەدەست نەدا. ئەوەیکە بە شوێن ئەویشدا، ساڵەکان دیسان تەژی لە کارەساتەکان بوون. تەژی لە چەفیە لەملەکان و لەو چەکدارانەی کە ئەمجارە هیچ بزەیەکیشیان بە لێوەوە نەمابوو. ئەوەیکە چیتر سەربازێک دەستنەدەکەوت تا لە کووشتنی بێتاوانێک بە راکێشانی لەنەکاوی میلی چەکەکەی بەرگری بکا. دەمویست پێی بڵێم کە لە دووای ئەو ساڵە گەلێک جاری تر من بە پیادە و بە سواری ماشینەوە بە سەر پردە نەگبەتەدا تێپەڕیم و، هەموو جارێ دڵم دادەخورپا. ئەوەیکە هەموو جارێ شەرمەکە دەگەڕایەوە و، من هیچم بۆ نەدەمایەوە جگە لەوەی لە لوتکە دوورەدەستەکان بڕوانم. لە شوێنی پەڵەهەورەکەی وا بەڵێن بوو بۆ یارمەتیدان و رزگاریمان بگاتێ. راستی ئەوە کێیە ئەم گۆرانییە دەچڕێ، مەگەر نازانێ ئەو رۆژەی خەرمانانی ٥٨، زیاتر لە دوو مانگ بەسەر بەهاردا تێپەڕیبوو؟ دەیەوێ چی بڵێ؟ باس لە بەهاری بێ بولبول، یان بولبولی بێ بەهار؟ یان تەنیا گۆرانییەکە بۆ سۆزی دڵ، ئەوەیکە مرۆڤ هەمیشە شتێک لە دەروونییەوە هەڵیدەقرچێنێ و، بێ ئۆقرەی دەکا.

چیرۆکەکە لای ئەو کۆتایی هاتووە... لەمێژە کۆتایی هاتووە. رەنگە ئەمشەویش بۆ ژیاندنەوەی نەهاتبێ. رەنگە تەنیا بۆ دیدارێکی کورتی دووای بێتاقەتییە درێژخایەنەکان گەڕابووەوە. ئاە، نەکا دیسان هەڵەیەکی ترم لە حەنایا کردبێ! رادەبمەوە. ژیانی من چەندە لێوالێوە

**لە هەڵە! من کێم... دەقیژێنم من کێم... کێ ێ ێ ێ...م م م... کێ ێ ێ... م م م!؟ ئەوسا دەبم بە تابلۆکەی بەر قەڵەمەکەی مونک. من بێدەنگ لە ئیدوارد دەڕوانم و ئەویش ئارام و جاری وایە بە ناوچاوێکی گرژ و جاری وایە بە بزەیەکی میهرەبانانەوە دەمکێشێتەوە. دەبم بە هەمان مرۆڤی سەر پردە بەناوبانگەکە گەمارۆدراو بە ڕەنگە سەیر و سەمەرە و خڕەکان. بە مرۆڤی ناو تابلۆی قیژە. مونک دەنگم دەدا کە ئارام بم... ئارام بم تا تەواودەبێ، ئەوسا دەتوانم هەتا ئەبەد بێ ئەوەی دەنگم بێ، بقیژێنم. ئەگەرچی بەردەوام تووڕەم، بەڵام لە دەروونەوە سوپاسی دەکەم. ڕاستی نەکا لەبەر ئەمە بێت وا من ڕێم کەوتووەتە باکوور؟! بەم کەشفەی خۆم ئۆخژنێک دەروونم دامدەگرێ و، ئارام دەبمەوە. مونک دەست دەکێشێتەوە و، لە کێشانەوە وازدێنێ. بەڵام دڵنیام دەگەڕێتەوە سەرم و، دیسان بەردەوام دەبێ. مونک دەزانێ کەی و چۆن بگەڕێتەوە سەر دڵەڕاوکێ ئاشکرا و نهێنییەکانی من، تەنانەت کاتێکیش بزەم دێت و، دونیا لەبەر چاومدا دەبێتەوە بە بەهارە بولبول و بولبول بەهارە.**

**ئاگام لێیە دەست دەکێشم و یەخەی مونک دەگرم و، دەڵێم تکایە ئەویش بکێشەوە! سێبەرەکە دەڵێم، خاڵم. دەڵێم ڕاستی ئەویش ناکێشیتەوە؟ مونک بە تەعەجوبەوە لێم دەڕوانێ. ئاە، لەوە دەچێ نازانێ باسی کێی بۆ دەکەم. سەرئەنجام دەڵێ وات دەکێشمەوە کە ئەویشی تیا بێت... نیگەران مەبە!**

**پەنجە لە تابلۆکەی پشت سەرم دەدەمەوە و دڵنیا لەوەی وەک هەمیشە لەوێ ماوە، بزەیەکم دێتێ. ئیستا دەزانم سێبەرەکە لە کوێوە خۆی بە**

ژوورەوەدا کردووە. ئەو، ساڵانی ساڵە لەوێوە لەگەڵ من دەقیژێنێ و چاوەدێریم دەکا. ئەو، لە سەدەی نۆزدەوە بە زیاتر لە سەد ساڵ پێش منیشەوە لێرە لە باکور ژیابوو. ئاە لە منی گەمژە... لە منی پەرتەوازەی نەزانی و ترسنۆکییەکانی خۆم!

لە تاریکیی نیوەشەودا لە تابلۆکە رادەمێنم. دەزانم پاشماوەی چیرۆکەکە لەوێیە. ئەو سەد و بیست سی ساڵ لەوە پێش بۆ مونکی گێڕابووەوە. منیش ڕێگای باکوورم گرتەبەر تەنیا بۆ ئەوەی درێژەی بەسەرهاتەکە لێرە ببیستمەوە. چەند گەمژە بووم کە بە دەیان ساڵ لە ژێر سێبەریدا شەوم رۆژ کردەوە و،... پێم نەزانیبوو! دەستێک بە روخساری خۆم و خۆی و... لە تابلۆکەدا دێنم و وەک جاری جاران هەست بە گەرمی هەناسە و بزەکانی دەکەمەوە.

دەنگێکی ترسناکی وەک کێشانی نینۆک بەسەر شووشەی پەنجەرەکەدا لام پێدەکاتەوە. سەرم وەردەگێڕم. پیاوە ریشنە چەفیە لە ملەکەیە. لە کاتێکدا خۆی بە پەنجەرەکەدا هەڵواسیوە و نینۆکی پیادێنێ و هەڵپەی هاتنە ژوورەوەیەتی، وەک ئەو رۆژەی خەرمانانی ساڵی ٥٨ دەقیرێنێ و دەقیرێنێ. باوەش بە تابلۆکەدا دەکەم. بە خۆم دەڵێم ئیتر ئەمجارە ناهێڵم کەس لێم بیفڕێنێتەوە... کەس کەس!

دیسان جیرەی دەرگاکە دێتەوە. لادەکەمەوە. دیسان ئیدواردە. ئەمجارە نەک تابلۆ، بەڵکو یەکێک لە وێنە رەش و سپییەکانی خۆی بەدەستەوەیە. وێنەیەکی راستەقینەی خۆی لە ژووری کارەکەی لە ساڵی ١٩٤٣، ڕێک ساڵێک پێش لە مردنەکەی، لە کاتێکدا لە سەر کورسییەک دانیشتووە، چەپ و راست قۆڵەکانی لێک گرێداون و لە عەرزی بەر

دەمی خۆی دەڕوانێ. لە ناو کۆمەڵێک لە تابلۆکانیدا. ژوورێکی مەند و سێبەرئاسا.

بەرەبەرە لە هەستی شەرم و تاوانی دەیان ساڵە خەریکە بەتاڵ دەبمەوە. گرژییەکان دەنیشنەوە و، ئۆقرە دەگرن. کەواتە سەفەرێکی بێهوودە نەبوو... سەفەر بەرەو باکوور دەڵێم. نا نا، نەبوو! بە خۆم دەڵێم هیچ کات بۆ هیچ کارێک درەنگ نیە، گرینگ ئەوەیە لەگەڵیا بژی... لەگەڵیا بژی تا بۆ خۆی دێتەوە و بۆ خۆی دەرفەت دەداتەوە.

لە دەرەوە ڕێبوارەکەی هاوینی ساڵی ٦٤ی دەشتی بۆیەن، دەنگی دێتەوە گوێ:

"وا بەری بەیان سپێدەی نووان / تەم و تاریکی ئەزیەکەم لە گوڵشەن رووان / دەشت و کێو هەمووی بە گوڵ خەملیوە/ بەرگی بووکێنی ئەزیزەکەم تازەی پۆشیوە."

لە دوورەدەستەکانەوە تیشکی نادیاری بەیان خۆی دەخەملێنێ. ژوورەکەی من روون و ڕووناکتر دەبێتەوە. بە خۆم دەڵێم ڕەنگە ئەوەندەی نەمابێ کە بەرەو باشوور بارگە و بنەی سەفەر تێکنێم و، بگەڕێمەوە!

گوێم لە دەنگی پێکەنینی باوکم، دایکم، دارای کارمەند، کاک عەبدول، شێخ سدیقی عومدەفرۆش، خاگوڵناز و عومەری کوڕی، کاک میدحەت، کاک نەجمە و... هەموو ئەوانی ترە، ئاگام لێیە لە کاتێکدا حەسەن زیرەک گۆرانیان بۆ دەڵێ، لە کانی مەلاحمە ڕەشبەڵەکیان گرتووە و شێتانە هەڵدەپەڕن.

**دەشتەکەی بەری بابۆسیش تەژی لە ئێوارە... لە ئێوارەی زێڕینی شار، بێ سرتە و بە دوور لە دەنگی هیچ چەشنە هێلیکۆپتەرێک هەتا دێ زیاتر و زیاتر ئاڵتونی و ئاڵتوناویتر دەبێ.**

**تۆپی ناو حەوشەکە چاوەڕوانمە.**

**کۆتایی**

**یانزەی مانگی مەی ٢٠٢٣**

ژێرنووس:

٥،٤،٣،٢،١- چوار کێوی دەورووبەری شاری بانە.
٦- کەلیخان، شاخێکی بەرزی سەر ڕێگای سەقز کە ناوچەی بانە و سەقز لێک جیادەکاتەوە.
٧- کانییەکی نزیک بانە.
٨- گوندێکە لە باشووری شاری بانە.
٩- کۆمەڵێک خانوو بوو لە باشووری شاری بانە، کە ئیستا بووەتە بەشێک لە شار.
١٠، ١١، ١٢- سێ گوندی ڕۆژهەڵاتی شار بە داوێنی بابۆسەوە.
١٣- شوێنێک لە ناوچەی سەرشیو.
١٤- ناوچەیەکە لە نێوان بانە، سەقز و مەریوان.
١٥- گوندێکە لە باشووری بانە.
١٦- کێوێکە لە نێوان گوندی بۆیەن و سپی کەمەرە.
١٧- گەردەنەیەکە لەسەر ڕێگای بانە ـ مەریوان.
١٨- قوتابخانەیەکی منداڵان بوو.
١٩- مزگەوتێکی بانە لە گەڕەکی سەرووی قەدیم.
٢٠- گوندێک لە ڕۆژئاوای گوندی بۆیەن.
٢١- چاوگێک لە نزیک بۆیەن.
٢٢- گوندێکە لە باشووری بانە.
٢٣- چەمێکە لە باشووری شار بە ناو ئەو دێیەوە وا بە بەردەمیدا تێدەپەڕێ.
٢٣- کێوێکی سەرسنووورە لە نزیک ئاوایی کێلە.
٢٤- کانییەکی خۆش لە داوێنی نهێنی کە جاران، پێش شۆڕش سەیرانگا بوو.
٢٥- بەشی منداڵانە و مێرمنداڵانە بوو ڕۆژنامەی 'کیهان' هەفتانە دەریدەکرد.

**٢٦ـ گوندێک لە قەراخ شاری بانە لەسەر ڕێگای سەردەشت.**

**٢٧ـ دوو گوندی سەر ڕێگای سەردەشت.**

**٢٨ـ گوندێکە لەسەر ڕێگای سەقز بە پشتی بابۆسدا.**

**٢٩، ٣٠ـ دوو گوندی سەر ڕێگای سەقز.**



Êwareyekî Babos
Ferrox Nê'metpûr
'ئێوارەیەکی بابۆس' گێڕانەوەی خەیاڵیی ڕووداوێکی ڕۆژێکی مانگی گەلاوێژی ساڵی پەنجاوهەشتی هەتاوییە. کاتێک تازە چەند مانگێک لە سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ٥٧ تێپەڕیوە و، خەڵک هێشتا سەرخۆشی خولیای بەدیهاتنی خەونەکانی کردەیەکی گەورەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی خۆیانن. شۆڕش زۆر خێرا دەستی کرد بە خۆخۆری. تێگەیشتن لەوەی وا ڕوویدا، بۆ مێردمنداڵێک، ساڵانی خایاند. بەو مەرجەی مەودا زەمەنییەکان زۆرمان نەخەڵەتێنن.